حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمان دەکات

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، حکوومەت و پەرلەمان بڕیاریان داوە لەبارەی هەموو پڕۆژەیاساکانەوە هەماهەنگیی تەواو لە نێوانیاندا هەبێت و بۆ پڕۆژەیاسای چاکسازیش هەردوولا سوورن لەسەر ئەوەی، کە پێویستە پەسەند بکرێت، بۆیە حکوومەت کاری زۆر باشی لەسەر کردووە و بەم زووانە ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان
کار لەسەر نەهێشتنی فەرمانبەرانی بندیوار دەکات

لە درێژەی چاکسازییەکانیدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، کار لەسەر نەهێشتنی فەرمانبەری بندیوار و دوو مووچە و زیاتر دەکات، بەڕپرسێکی وەزارەتی داراییش دەڵێت، هەندێک کەس هەن دەتوانن دوو مووچە زیاتریش وەرگرن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5809) دووشەممە 19ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



لە یادی (73)هەمین سالڕۆژی دامەزراندنی پارتیماندا سلاو دەنێرین بۆ لاوان و قوتابیان و ئافرەتانی کوردستان کە هەمیشە سەرە ڕمی بەرخودان و ژیلەمۆی خەباتی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەن. **(لەیادی 16ی ئابدا، چەندین بابەت و وتار لەم ژمارەیەدا بخوێنەوە)**

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

سەرکۆنەی تەقینەوە تیرۆرستییەکەی قامشلۆ دەکات

دوێنێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی ڕاگەیاند تیایدا سەرکۆنەی تەقینەوە تیرۆرستییەکەی قامشلۆی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بە تونديی سەرکۆنەی ئەو هێرشە تیرۆرستییە دەکەین کە تیرۆرستانی داعش ئەمڕۆ یەکشەممە 2019/8/18 لە قامشلۆ ئەنجامیان دا و زیانی گیانی و مادیی لێ کەوتەوە، هەروەها لە حەسەکەش مینێک بە ئۆمبێلێکدا تەقێندراوەتەوە و کەسێک بریندار بووە. پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییان دەکەین و هاوخەمیانین، هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ بریندارانو بەرکەوتووان دەخوازین. سەرهەڵدانەوەی جموجوولی تیرۆریستانی داعش و کارە تیرۆرستییەکانیان لە ناوچەکە، هەڕەشە و مەترسیی ڕاستەقینەن و لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و نێودەوڵەتیش پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتر و کاری جددیترە بۆ ڕووبەڕووبونەوە و لەناوبردنیان.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
2019 /8/ 18

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان 10 ملیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکانی دەرەوەی سلێمانی دابین کرد

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی 10 ملیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی دابین کردووە و، پارەکەش دەخرێتە سەر حیسابی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



کچێکی ئێزدی دوای پێنج ساڵ لە ڕفاندنی ڕزگار کرا

دوێنێ یەکشەممە ڕزگارکردنی کچێکی ئێزدی لە کەمپی هۆڵ لە سوریا ڕاگەیانرا، کە لە 2014 لەگەڵ هەزاران کچ و ژنی دیکەی ئێزدی و منداڵەکانیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە 2014 لە شاڕۆچکەی شنگال ڕفێنران و دواتر ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی خۆیان لە عێراق و سوریا کران.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



نۆژەنکردنەوەی تونێلی دەربەندیخان دەستپێکرد

نۆژەنکردنەوەی تونێلی دەربەندیخان دەستپێکرد و کێشە سەرەتاییەکانی تونێلەکە چارەسەر دەکرێن.


(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی مووچە و بودجە سەردانی بەغدا دەکا

شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکا و سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغداش ئامانجی سەردانەکە ئاشکرا دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

چەند دەروازەیەکی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران دەکرێنە فەرمی

کاوە عەلی کەریم، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران ڕەزامەندی لەسەر بە فەرمیکردنی دەروازەکانی کێڵێ، تەوێلە، شێخ سڵە و پشتە، داوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



ئەشکەوتی شانەدەر.. شوێنێکی میژوویی جیهانیی

بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسۆر – سۆران: تیمێکی زانکۆی کامبرێجی بەریتانیا کارەکەیان بە کۆتا نەهاتووە، بەڵام گرێبەستەکەیان کۆتایی هاتووە و داوایان کردووە بۆیان نوێ بکرێتەوە و لە 28ی مانگ ئەو تیمە دێنەوە هەرێمی کوردستان و چەند ڕۆژێک دواتر دەستبەکاردەبن و ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبن لە کارکردن لەم ئەشکەوتە".

(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل7 بخوێنەوە)

غەفوور مەخموری لە دەزگای ڕۆشنبیری (عەبدولحەمید شومان)ی ئوردەنی:

کورد ڕەسەنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە



لە عەمانی پایتەختی ئوردەن، غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی YNDK لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری عەبدولحەمید شومانی ئوردەنی میوانداری کرا و، بابەتێکی سەبارەت بە ڕۆڵی کولتوور و فۆلکلۆری کوردستان لە بیناکردنی شارستانیەتی ناوچەکە پێشکەشکرد.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

پەیوەندیی نێوان ئەستێرەی گەلاوێژ و فێنکبوونەوەی کەش و هەوای کوردستان

لە ڕۆژمێری کوردیدا گەلاوێژ پێنجەمین مانگی ساڵی کوردییە و دووەمین مانگی هاوینە. بە سالنامەی میلادی مانگی گەلاوێژ لە 23ی ئابی هەموو ساڵێک دەست پێدەکات و 31 ڕۆژە . گەلاوێژ لەدوای مانگی خەرمانە دێت و لەم مانگەشدا کەش و هەوا ڕوو لە گۆڕان دەکات و فێنک دەبێت وە دەستپێکێک بۆ وەرزی پاییز .

(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

سەرکۆنەی کارە تیرۆرستییەکەی کابول دەکات

دوێنێ یەکشەمە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا ئیدانەی کردەوە تیرۆریستییەکەی کابولی پایتەختی ئەفغانستان دەکات کە ئێوارەی پێرێ کرایە سەر ئاهەنگێکی هاوسەرگیری. ئەمەش دەقی راگەیندراوەکەیە:

بە تووندی سەرکۆنەی ئەو کارە تیرۆرستییە دەکەین کە دوێنێ ئێوارە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری لە هۆڵێکی کابولی پایتەختی ئەفغانستان کردە ئامانج و تیایدا بە دەیان کەس کوژران و بریندار بوون. سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییان و گەل و حکوومەتی ئەفغانی دەکەین و هاوخەمیانین. کارە تیرۆرستییەکانی لەمجۆرە ئەرکێکی گەورەتر دەخەنە ئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ هەماهەنگی و کاری هاوبەشی زیاتر دژ بە تیرۆر و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

2019/8/18

مەسروور بارزانی 10 ملیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکانی دەرەوەی سلێمانی دابین کرد

مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی 10 ملیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی دابین کردووە و، پارەکەش دەخرێتە سەر حیسابی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

زیاد کاکە ڕەزا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بە بڕیاری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسروور بارزانی، بڕی 10 ملیۆن دۆلار دراوە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکوومەتی هەرێم بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی.

بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی تیرۆرستانی داعش و بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی چوار ساڵە نەیتوانیوە پڕۆژەی ڕێگاوبانەکان جێبەجێ بکات، بەڵام پاش نەمانی قەیرانی دارایی و شەڕی تیرۆرستانی داعش، حکوومەت بڕیاری دەستپێکردنەوەی پڕۆژە ستراتیژییەکانی دایەوە.

کاکە ڕەزا گوتیشی: ڕێگاوبانەکانی دەرەوە و ناوەوەی شاری سلێمانی تێکچوون و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بۆیە هەرێم بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی، دابینکردنی بڕی 10 ملیۆن دۆلار لەلایەن مەسروور بارزانییەوە بۆ نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی سلێمانی، هەنگاوێکی ئەرێنی و جێگای دەستخۆشییە و بەو پارەیەش دەتواندرێت ڕێگاوبانەکانی سلێمانی نۆژەن بکرێنەوە، چونکە بڕەپارەیەکی زۆرە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ڕوونیشی کردەوە: وەک ئەنجوومەنی پارێزگا و فراکسیۆنی پارتی، بە وردی چاودێریی جێبەجێکردنی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی سلێمانی دەکەین.

پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و شاندێکی کۆنسوڵخانەی ئەمەریکا کۆبوونەوە



بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هۆشیار سیوەیلی، پێشوازی لە ئاندرۆ لێنتز، بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووریی کۆنسوڵخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد.

سەرەتا سیوەیلی بە ناوی سەرکردایەتیی پارتییەوە پیرۆزبایی ئاراستەی بەرێزیان کرد بە بۆنەی وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی نوێی و دووپاتیشی لە هاوکاری و هەماهەنگیی کردەوە. هەر لە میانەی ئەو دیدارەدا، سیوەیلی باسی لە دواپێشهاتە سیاسی و ئابووری و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بو شاندی میوان کرد و ڕایگەیاند، کە پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیریی تەواو لە حکوومەتی هەرێم و سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی فیدراڵ دەکات لە گەیشتن بە ڕێککەوتن، کە دەستوور بنەمای بێت و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت.

لە ماوەی دەستبەکاربوونی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم، چەند شاندێکی باڵا سەردانی بەغدایان کردووە بە مەبەستی گفتوگۆکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و فیدراڵ، ئێستاش چەند لیژنەیەک پێکدەهێندرێن بۆ بەردەوامبوون و گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە هەماهەنگی و هاوکارییەکانی نێوان هەردوولا بەهێزتر بکات.

دەربارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، سیوەیلی جەختی کردەوە کە بەبێ جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور و ئەو مادانەی دیکە، کە پەیوەندییان بەو ناوچانە و هەرێم و گەلی کوردستانەوە هەیە، ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا بەڕیا نابێت، سەد ساڵی ڕابردووش ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، بۆیە دەبێ بە هەمووان و بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانمان، هەوڵی تەواو بدەین بۆ چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانمان.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە، باسی لە گرنگی و هەوڵی هاوبەشی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ کردەوە بۆ بەڕێوەبردن و پێشکەشکردنی ئاسایش بۆ ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سنووری مادەی 140ی دەستوور، کە نابێت هیچ لایەنێک هەوڵی خۆسەپاندن و بەزۆر گۆڕانکاری دیمۆگرافی و میژوویی بدات، بارودۆخی ئێستای ئەو ناوچانە سەقامگیر نییە و خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە هەست بە ئارامی و ئاسایش ناکەن، ئەمەش وای کردووە کە پەنابەر و ئاوارەکان نەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و دووبارە دەست بە بنیادنانەوەی ژیانیان بکەن.

گوتیشی: داواکارین کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوکاریی هەولێر و بەغدا بکات بۆ چەسپاندنی ئاسایش و بە کەرامەت گەڕانەوەی ئاوەدانکان بۆ زێدی خۆیان.

هەر لە دریژەی ئەو دیدارەدا، سیوەیلی باسی لە کاریگەرییەکانی ناوچەکە لەسەر هەرێمی کوردستان و هیوای خواست کە لایەنەکان هەموو بەشدار بن لە پاراستنی ئەمنیەت و بەرێوەبردنی ئەو ناوچانە.

لای خۆیەوە بەڕێز لێنتز، سوپاسی ڕەخساندنی ئەو دیدارەی کرد و سوپاسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد بۆ هەماهەنگی و پەیوەندییە باشە لەگەڵ کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەیدا هەیەتی و داوای کرد، کە بەردەوام بێت.

بەرێزیان ستایشی ڕۆڵی گەل و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا توانییان لەگەڵ ئەو زەحمەتی و بارودوخە سەختەدا پەنای سەدان هەزار لێقەوماو بدەن کە لە دین و مەزهەب و نەتەوەی جیاواز پێکهاتبوون بە بێ جیاوازی و بەرگری لە ئازادی بکەن و شەڕی دڕندەترین ڕێکخراو بکەن و گوتیشی: ئێمە دووپاتی هاوپەیمانی و هاوکارییەکامان بۆ گەل و حکوومەتی هەرێم دەکەینەوە و ئامادەی هەموو هاوکارییەکیشین لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان کە لە چوارچێوەی دەستووردا بێت. ڕاشیگەیاند کە سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە، پەیوەستە بە لێکتێگەیشتن و یەکترقبوولکردن و پێکەوە کارکردن بۆ پاشەڕۆژێکی ئارام و باشتر و لەم چوارچێوەیەشدا حکوومەتی ئەمەریکا ئامادەی پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەکە.

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی نوجەبا داوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق دەکات

عەبدولئەمیر یارەڵا بۆ «خەبات»: ئەم جۆرە لێدوانانە خزمەت بە عێراق و هەوڵەکانی یەکڕیزی گەلەکەمان ناکات

مجەمەد کەریمی: هەرکەسێک داوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق بکات ئەوە بەکرێگیراوی وڵاتانی ترە



ڕاپۆرت/ مەریوان نەقشبەندی

یوسف ناسری سەرکردە لە بزووتنەوەی نوجەبای نزیک لەئێران لەلێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا سوپای عێراقی بەبەکرێگیراو وەسفکرد و داوای هەڵوەشاندنەوەی کرد و داواشی کرد حەشدی شەعبی جێگای سوپای عێراق بگرێتەوە. ئەم لێدوانە کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا و جگە لەوەی وەزارەتی بەرگری عێراق بڕیاریدا سکاڵای یاسای لەدژی ئەم سەرکردەیەی بزووتنەوەی نوجەبا تۆمار بکات.

عەبدولئەمیر یارەڵا فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی عێراق داوای کرد ئەو کەسە داوای لێبوردن بکات و پاشگەز بێتەوە لەو ئیدیعایانەی و لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە و حەشدی شەعبی پێکەوە قوربانی بێ وێنەیان دژی تیرۆرستانی داعش و بۆ پاراستنی عێراق و عێراقییەکان داوە و ئەم جۆرە لێدوانانە خزمەت بە عێراق و هەوڵەکانی یەکڕیزی گەلەکەمان ناکات.

هەر لەکاردانەوەی ئەم لێدوانەی سەرکردەکەی بزووتنەوەی نوجەبا محەمەد کەریمی ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەتوندی وەڵامی دایەوە و گوتی: هەرکەسێک داوای لەهەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق بکات ئەوە بەکرێگیراوی وڵاتانی تەرە و پێویستە بزووتنەوەی نوجەبا سزای ئەم سەرکردەیەی خۆی بدات.

هەر بۆ هەمان مەبەست لەسەر داوای موقتەدا سەدر ژمارەیەک لەئەندام و لایەنگرانی سەدر ڕۆژی هەینی ڕابردوو خۆپیشاندانێکیان بۆ پشتگیری سوپای عێراق لەبەغدا ئەنجامدا و ئەم لێدوانەیان بە تائیفی و نابەرپرسیارانە لەقەڵەمدا و بەهۆکارێک بۆ دابەشبونی عێراقیەکان وەسفیان کرد.

یوسف ناسری لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئەوەی نەشاردەوە کە گومانی لە ئینتیمای بەشێک لەهێزەکانی سوپای عێراق هەیە کە وەک پێویست ئەرکەکانیان جێبەجێ ناکەن و گوتیشی ئیسرائیل خۆی بڵاوی کردۆتەوە کەوا فرۆکەکانی چەند پێگەیەکی حەشدی شەعبیان لەعێراق کردۆتە ئامانج، بەڵام شێوازی بڵاوبونەوەی ئەم لێدوانەی بە ناتەندروست و ناتەواو وەسفکرد و گوتیشی: یەکەم، من ئێستا لەسەرکردایەتی بزووتنەوەی نوجەبا دەستم لەکارکێشاوەتەوە و کۆمەڵەیەکی زانایانی موسڵمان سەرپەرشتی دەکەم، دووەمیش بەو شێوازە ئیستیفزازیە قسەم نەکردووە کەئێستا بۆتە هەڵە لەسەرم.

شایانی باسە یوسف ناسری یەکێکە لەو سەرکردانەی بزووتنەوەی نوجەبا کە لەناو لیستی ڕەشی ئەمریکایە و هەفتەی ڕابردو دوای تەقینەوەی کۆڕگایەکی چەک و تەقەمەنی حەشدی شەعبی لەبەغدا کە هەندێک کەسایەتی عێراقی بە چەک و تەقەمەنی حەشاردراوی وڵاتێکی دراوسێیان زانی، لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند: سوپای عێراق پڕ بووە لەبەکرێگیراو و پێویستە ئەم سوپایە هەڵبوەشێتەوەو ئەرکەکانی بەهێزەکانی حەشدی شەعبی بسپێردرێت.

شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی مووچە و بودجە سەردانی بەغدا دەکا

شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکا و سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغداش ئامانجی سەردانەکە ئاشکرا دەکات. فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند، بڕیارە شاندێکی هەرێمی کوردستان بچێتە بەغدا، «بەڵام تا ئێستا پێکهاتەی شاندەکە و ناوی ئەندامانی یەکلانەکراوەتەوە. فارس عیسا هەروەها ڕایگەیاند، ئامانجی شاندەکەی هەرێمی کوردستان بۆ عێراق»، گفتوگۆکردنە لەسەر پرسی مووچە و بودجە و ڕێگریکردنە لە بەکارهێنانی ئەو پرسانە بۆ موزایەدەی سیاسی. لەبارەی پۆستەکانی حکوومەتی عێراق، کە بەرکەوتەی گەلی کوردستانن، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ڕایگەیاند، تا ئێستا لەو بارەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا گفتوگۆمان نەکردووە، بەڵام تا ڕۆژی 24ی مانگی 10 بە بڕیاری پەرلەمان دەبێ هەموو پۆستەکان یەکلایی بکرێنەوە و شاندەکەی کوردستانیش ئەو پرسەش دەخاتە بەرباس.

فارس عیسا ئاماژەی بە سەردانی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان کرد و ڕایگەیاند، ئەگەرچی عەبدولمەهدی ئێستا سەرقاڵی کابینەکەیەتی، بەڵام «سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان لە بەرنامە دایە».

تەقینەوەیەکی خۆکوژی شاری قامشلۆی کردە ئامانج

سەرلەبەیانی دوێنێ یەکشەمە تەقینەوەیەک لە شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویدا و بە هۆیەوە زیانی گیانی و مادەی لێکەوتەوە. تەقینەوەکە لە گەڕەکی پیشەسازی شاری قامشلۆ ڕوویداوە و بە پێی زانیاری دەزگا ئەمنییەکانیش کردەیەکی خۆکوژیی بووە و خۆکوژێک خۆی بە ئۆتۆمبیلێکدا تەقاندووەتەوە.

لە بارەی زەرەر گیانی و مادەییەکانیشەوە بە پێی ئامارە سەرەتاییەکان تا ئێستا کەسێک شەهید بووە و کەسێکی دیکەش بە سەختی بریندار بووە، ئەمە سەرەڕای زەرەر و زیانێکی گەورەی مادەی و گیانی بەر ئۆتۆمبیلەکە و شەقامەکەش کەوتووە.

حکوومەتی هەرێم پڕۆژەیاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمان دەکات

مونا قەهوەچی: حکوومەت و پەرلەمان سوورن لەسەر پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی



سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، حکوومەت و پەرلەمان بڕیاریان داوە لەبارەی هەموو پڕۆژەیاساکانەوە هەماهەنگیی تەواو لە نێوانیاندا هەبێت و بۆ پڕۆژەیاسای چاکسازیش هەردوولا سوورن لەسەر ئەوەی، کە پێویستە پەسەند بکرێت، بۆیە حکوومەت کاری زۆر باشی لەسەر کردووە و بەم زووانە ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات.

مونا قەهوەچی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، پێش جەژنی قوربان یەکەم کۆبوونەوەی نێوان هەردوو دەستەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردن ئەنجام درا، کە کۆبوونەوەیەکی زۆر ئەرێنی بوو و لە ئاست چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستاندا بوو، بۆ ئەوەی هەماهەنگیی باش هەبێت لە نێوان هەردوو دەستەلاتدا و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش، پێویستە حکوومەتی پڕۆژەیاسا بۆ پەرلەمان ڕەوانە بکات بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت.

گوتیشی: حکوومەت و پەرلەمان سوورن لەسەر پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی، لەبەر ئەوەی هەموو لایەنەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنی چاکسازییان بە خەڵک داوە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت حکوومەت ئەو پڕۆژەیاسایە بۆ ئێمە ڕەوانە بکات و پەسەند بکرێت لە پەرلەمان و ئەو بەڵێنەی بە خەڵک درابوو، جێبەجێ بکرێت. ناوبراو باسی لەوەش کرد: حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاری زۆر باشی بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی کردووە و بەم زووانە ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات و ئێمەش داوامان کردووە هەماهەنگی لە نێوان حکوومەت و پەرلەمان لەبارەی ئەو پڕۆژەیاسایەوە هەبێت و هەر کەموکوڕییەکیش هەبێ پێکەوە چارەسەری بکەین، بۆ ئەوەی وەکو خولی پێشوو نەبێت، کە هاتە پەرلەمان و دواتریش ڕێت کرایەوە و بووە موزایەدەی سیاسی، بەڵام ئێستا حکوومەت ئامادەیی نیشان داوە بۆ هەموو جۆرە هاوکاری و هەماهەنگییەک.

دەشڵێ: لە 9/1 پشووی پەرلەمان تەواو دەبێت و تا ئەو کاتیش حکوومەت پڕۆژەیاساکە بۆ ئێمە ڕەوانە دەکات و ئێمەش لە کاتی دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، لەگەڵ فراکسیۆنەکان کۆدەبینەوە و تاوتوێی ئەو پڕۆژەیاسایە دەکەین و دواتریش لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت.

حکوومەت کار لەسەر نەهێشتنی فەرمانبەرانی بندیوار دەکات

لە درێژەی چاکسازییەکانیدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، کار لەسەر نەهێشتنی فەرمانبەری بندیوار و دوو مووچە و زیاتر دەکات، بەرپرسێکی وەزارەتی دارایی دەڵێت، هەندێک کەس هەن دەتوانن دوو مووچە زیاتریش وەرگرن.

پەریخان نووری، بەڕێوەبەری گشتیی بودجە لە وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، هەرچەندە تا ئێستا 840 هەزار مووچەخۆر بایۆمەتریان کردووە، بەڵام ژمارەی فەرمانبەران لە 621 هەزار فەرمانبەر زیاتر نییە. بەڕێوەبەری گشتیی بودجە لە وەزارەتی دارایی، دەشڵێت: ڕاستە ئێستاش دوو مووچە و زیاتر هەیە، بەڵام یاساییە، چونکە کەسوکاری شەهید مووچەی خۆی هەیە و هی شەهیدانەش وەردەگرێت، یاخود زیندانیی سیاسی یان کەسوکاری ئەنفال، کە هەیە 3 کەسی ئەنفاڵە و بۆی هەیە مووچەی خۆی و دوو مووچەی دیکەش وەربگرێت.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ملیۆنێک و 500 هەزار کەس وەک فەرمانبەر مووچەیان لە حکوومەت وەرگرتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا 840 هەزار کەس سیستەمی بایۆمەتریان کردووە و دەرکەوتووە تەنیا یەک مووچە وەردەگرن.

لای خۆیەوە جووتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای پێداچوونەوە بە میلاکی فەرمانبەران، پڕۆژەیاسایەک لای ئێمەیە و کارمان لەسەری کردووە و تەواو بووە، بۆیە دەینێرینەوە پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی.

دەشڵێت: پڕۆژەکە بۆ نەهێشتنی فەرمانبەری بندیوارە، ئەوانەی کە مووچەی مانگانە لە حکوومەت وەردەگرن و هیچ دەوامێکی فەرمی ناکەن، یان وەک پاسەوان لەلایەن بەرپرسانەوە دامەزراون و دەوامیان پێ ناکرێ.

لە سەرەتای دروستبوونی حکوومەت، لەلایەن حزبەکانەوە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خەڵک وەک فەرمانبەر دامەزراون و مووچەیان پێ دەدرێت، بەڵام دەوام ناکەن و بگرە کەسانێک هەن لە کوردستان ناژین و لە دەرەوەی وڵاتن، بەڵام کابینەی نوێی حکوومەت هەموو ئەو ناوانە دەسڕێتەوە.

ئیسرائیل: لە غەززەوە سێ مووشەک ئاراستەی وڵاتەکەمان کراوە



سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند کە هێرشەکە ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە بە سێ مووشەک کە لەکەرتی غەززەوە ئاراستەکراون ئەنجامدراوە، لەبەرامبەردا لەلایەن سیستمی بەرگری قوبەی ئاسنین ڕێگری لە دوو مووشەکیان کراوە کە بگەنە ئامانجەکانیان. سوپای ئیسرائیل لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: دوای لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوە لە دەروبەری غەززەوە، سێ مووشەکمان ئاشکرا کرد کە لە غەززەوە بە ئاراستەی ئیسرائیل ئاراستەکراون، لەلایەن سیستمی بەرگری قوبەی ئاسنینەوە ڕێگری لە دوو مووشەکیان کراوە بەڵام مووشەکی سێهەم دیار نییە. لەلای خۆیەوە کەناڵی 13ی ئیسرائیلی بڵاوی کردەوە کە مووشەکی سێهەم لەماڵێکدا لە ناوچەی سەدیرۆت لە باکووری غەززە تەقیوەتەوە و جگە لە زیانی مادی، ترس و دڵەڕاوکێی لای دانیشتوانی ناوچەکە دروستکردووە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لە کەرتی غەززەوە هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لەو هێرشە ڕانەگەیاندووە. جێی باسە لەم یەک دوو ڕۆژەی ڕابردوودا ئەوە دووەم جارە ئیسرائیل ئاراستەکردنی مووشەک لە کەرتی غەززەوە بۆ سەر ناوچەکانی ئیسرائیل ڕادەگەیەنێت.

کچێکی ئێزدی دوای پێنج ساڵ لە ڕفاندنی ڕزگار کرا



دوێنێ یەکشەممە ڕزگارکردنی کچێکی ئێزدی لە کەمپی هۆڵ لە سوریا ڕاگەیانرا، کە لە 2014 لەگەڵ هەزاران کچ و ژنی دیکەی ئێزدی و منداڵەکانیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە 2014 لە شارۆچکەی شنگال ڕفێنران و دواتر ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان لە عێراق و سوریا کران.

ئیمان عیدۆ ئامۆزای کچە ڕزگارکراوەکە بە ماڵپەڕی ئێزدی 24ی ڕاگەیاند، ئەو کچە خەڵکی گوندی حەردانە، ناوی نورە ئیسماعیل خەلەفە و تەمەنی 20 ساڵە.

ئیمان باسی لەوەش کرد، کچە مامەکەم چارەسەری پزیشکی پێویستی بۆ کراوە و لە ئێستادا لای مامێی ئێزدیانە لە سوریا و لە شوێنێکی ئارامدایە و دواتر ڕادەستی ئێمە دەکرێتەوە.

ئامادەی بەوەش کرد، کچە مامەکەم لەگەڵ تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لەکاتی هێرشی داعش بۆ شارۆچکەی شنگال دەستگیر کران، ژمارەیەکیان ئازاد بوون بەڵام تاکو ئێستا پێنج کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی بیسەروشوێن.

داعش بەرپرسیاریەتی خۆی لە تەقینەوەکەی کابول ڕاگەیاند

ئەفغانستان.. قوربانییانی تەقینەوەکەی کابول گەیشتە 245 کەس



دوو بەرپرسی ئەفغانستان ڕایانگەیاند کە ژمارەی قوربانییانی تەقینەوەکەی شەوی یەکشەممە کە لە ئاهەنگێکی قەرەباڵغی بووک گواستنەوە لە کابوڵی پایتەخت کەوتەوە بۆ 63 کوژراو بەلانیکەمەوە بەرزبوویەوە لەنێویاندا ژن و منداڵ هەن. گوتەبێژ بەناوی حکوومەتی ئەفغانستان، فەیروز بشاری ڕاشیگەیاند کەوا 182 هاوواڵتیش لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا بریندارببوون. پێشتریش گوتەبێژ بەناوی وەزارەتی ناوخۆی ئەفغانستان، نەسرەت ڕەحیمی ڕایگەیاندبوو کە تەقینەوەیەک لە هۆڵی "دوبەی ستی" لە کابوڵی پایتەختی ئەو وڵاتە کەوتووەتەوە و کوژراو و بریندار هەیە، ئەو ناوچەیەش زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە شیعە مەزهەبەکانن. جێی باسە 11 ڕۆژ لەمەوبەر و لە هەمان شوێن تەقینەوەیەک لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە ڕوویدا و لە ئەنجامدا، 14 کەس کوژران و 145 کەسی دیکەش بریندارببوون زۆرینەیان سڤیل بوون. لە لای خۆیەوە بزووتنەوەی تاڵیبان تەقینەوەکەی بە "قەدەغە و بێ پاساو" ناوبرد و ڕەتیکردەوە لەو تەقینەوەیەدا تێوەگلابێت، تاوەکو ئێستاش کەس بەرپرسیارێتی تەقینەوەکەی لە ئەستۆ نەگرتووە. بەڵام دواتر ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەو هێرشە خۆکوژیە ڕاگەیاند. دوێنێ یەکشەممە ماڵپەڕێکی سەربە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بانگەشەی ئەوەی کردووە، چەکدارێکی کە هاووڵاتی پاکستانە بە ناوی ڕێکخراوەکەوە هێرشە خۆکوژیەکەی ئەفغانستانی ئەنجامداوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا بانگەشەی ئەوەیش کراوە کە جگە لە هێرشی خۆکوژی لە کردە تیرۆریستییەکەدا ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراویش تەقێندراوەتەوە.

چەند دەروازەیەکی هەرێمی کوردستان و ئێران دەکرێنە فەرمی

چەند دەروازەیەکی سنووریی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران دەکرێنە دەروازەی فەرمی.

کاوە عەلی کەریم، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران لە 2019/8/10 ڕەزامەندی لەسەر بە فەرمیکردنی دەروازەکانی کێڵێ، تەوێلە، شێخ سلە و پشتە، داوە.

کاوە عەلی کەریم هەروەها ڕایگەیاندووە، بڕیارە بەرپرسانی عێراقی و ئێرانی «بەم نزیکانە» کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بۆ ئەم بابەتە بکەن. بە بە فەرمیکردنیان، ئەو دەروازانە دەبنە دەروازەی نێودەوڵەتی و بۆ کاروباری بازرگانی و هاتوچۆی گەشتیاران، سوودیان لێوەردەگیرێ.

لە یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، سڵاو بۆ خوشک و برا ئێزیدییە رزگارکراوەکانی ژێردەستی داعش

ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی سیاسی و رۆشنبیری و رەوەندی کوردستانی بەشداری رێوڕەسمەکە بوون

سوید.. ساڵیادی 16ی ئاب و رۆژی لەدایکبوونی سەرۆک بارزانی پیرۆزکرا





ساسان دەرویش/سوید: لە یادی 16ی ئاب، ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە رێنمایی باوکی رۆحی نەتەوەیی کورد، مستەفا بارزانیی نەمر و لە هەمان کات ساڵڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی، لە رۆژی شەممە رێککەوتی 17ی ئابی 2019 لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، لیژنەی ناوچەی سویدی پارتی رێوڕەسمێکی شایستەی بەو بۆنەیەوە سازکرد، دکتۆر جەعفەر ئیمینکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سوید، نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکان و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان و چەندین کەسایەتیی سیاسی و رۆشنبیری و چالاکوانی کورد و ژمارەیەکی بەرچاو لە رەوەندی کوردستانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان تێیدا بەشداری ئەم رێوڕەسمەکە بوون.

سەرەتا بە خولەکێک وەستان و بێدەنگی لەگەڵ مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و وەستان بۆ گیانی پاکی بەرزەفڕی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان سەروەریان باوکی رۆحی کورد، بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو دەستپێکرد، لە دوای بەخێرهاتنی هەموو ئامادەبوان و میوانەکان، وتاری لیژنەی ناوچەی سویدی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەشکرا، تێیدا بەناوی لیژنەی ناوچەی سویدی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەخێرهاتنی ئامادەبوان و میوانەکان کرا و سوپاس وپیزانینی خۆیانیان دەربڕی بۆ ئامادەبوونیان و بەشداریکردنیان لە رێوڕەسمی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاشان هاتە سەر ئەوەی کە یادکردنەوەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، یادکردنەوەی قۆناغێکی میژووی سیاسی و شۆڕشگێڕی گەلەکەمانە کە بارزانیی نەمر لە هەلومەرجێکی پێویست و هەستیاردا گەلی کوردستانی لە پارتێکی دیموکراتخوازیی نیشتمانیدا بەرەو ئامانجە نەتەوەییەکان کۆکردەوە، پارتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بڕوایەکی تەواوی بە دیموکراسی و ئازادی و پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ هەبووە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەستی بە خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕی کردووە، تێکۆشەران و دڵسۆزانی گەلەکەمانی لە یەک شارێگادا کۆکردووەتەوە، کە ئەویش رێبازی کوردایەتی و بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانە، لە بەشێکی تری وتارەکەشدا ئاماژە بەوەکرا پارتی بە هەمان ئەو میتودە سیاسییانە و بە میکانیزم و ڕوانگەی سەردەمیانەوە درێژە بە خەبات دەدات و لەو پێناوەشدا قوربانی زۆربداوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەستکەوتێکی زۆربشی پێشکەش بە گەلی کوردستان کردووە، لە هەموویان گرنگتر، ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو کە زیاتر لەسەدا 92ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان دا و ئەمەش لە ڕوانگەی مافی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسییەوە مافێکی سرووشتی هەر گەلێکە بۆ رزگاربوون و دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ، لە دوابەشی وتارەکەشدا گوتی: ئەمڕۆ یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە، بە ئومێدەوە ڕوو لە هەموو چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، بە تەواوی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەیی و کولتوورییەکانیانەوە دەکەین و بەڵێنی ئەوەش دەدەین وەکچۆن لە میژوودا لە پرسە نەتەوەیی و سیاسی و جڤاکی و کولتوورییەکاندا لە پێشەوەی قوربانیدان و بەرگریکردندا بووین، ئەوە هەر ئاواش بە گوڕوتینێکی زۆرتر و نوێترەوە بەرەو ئاییندەیەکی گەشتر و کوردستانێکی بەهێز و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو دەنێین.

پاشان دکتۆر جەعفەر ئیمینکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتێروتەسەلی باسی لە ناوچەکە و عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی کرد، گوتی: گەلی کورد زۆری قوربانی دا و کەمی وەرگرتووە لە ماف و ئازادییەکانی کە مافێکی سرووشتین و دەبوو بێ چەک و شۆڕش ئەو مافانە بۆ گەلی کورد دەستەبەربکرایە، بەڵام داگیرکارانی کورد و عەقڵییەتی شۆڤێنی هەندێ لە کەسایەتی و پارتی عێراقی هەمیشە لە ململانێدان بۆ کەمکردنەوەی مافی گەلی کورد، کە بەپێی دەستووری عێراق دەبوو بجولێنەوە، بەڵام خۆیانی لێ دەدزنەوە بەتایبەتی ماددەی 140ی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەڵام بە هەوڵی دڵسۆزانەی سەرۆک بارزانی و سیاسەتی حەکیمانەی پێداگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان شەوو ڕۆژی پێکەوە ناوە بۆ بەرەو ئامانجە مەزنەکەی کورد، ئەمڕۆش 73ساڵ لەو خەباتە و لە بەرهەمی رووبارێک خوێن و قوربانی زۆر دەستکەوتی مەزنیش هاتوونەتە پێش گەلی کورد بۆ کوردستانێکی بەهێز و ئایندەیەکی گەش، دەبێت هەموومان تەواوکاری یەکترین لە پاراستنی دەستکەوتەکانمان و خوێنی شەهیدەکانمان.

هەروەها لە بەشێکی تری مەراسیمەکەدا خوێندنەوەی پەیامی بروسکەی پیرۆزبایی سەرۆکی ئێران بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و چەپکە گوڵی ڕێزگرتن لە خەبات و قوربانیدانی 73هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک مسعود بارزانی پێشکەشکران کە لەلایەن نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوەکان و کەسایەتیی سیاسی هەر چوار پارچەکەی کوردستان، پاشان هونەرمەندی شێوەکار، سیامەند، وێنەیەکی سەرۆک بارزانی بە دەستوپەنجەی ڕەنگین کێشابووی، بۆ ئەم یادە پێشکەشی لیژنەی ناوچەی سویدی پارتی کرد و لە وتەیەکی کورتدا گوتی: هەر وەک سەرۆک بارزانی دەفەرموێ: لەنێو دڵی هەر کوردێکدا کوردستانێک هەیە و ئێمەی هونەرمەندانیش ڕەنگ و فرچەمان تێکەڵ بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کردووە، ئەمەش دیاریەکی بچووکە بۆ خەبات و تێکۆشانی سەرۆک بارزانی و 16ی ئاب و پیرۆزکردنم.

لە کۆتایشدا لە پانۆرامایەکی تێروتەسەلدا میژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و میژووی کۆنگرەکانی خرانەڕوو کە تێیدا ئاماژەیان بەوەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16ی ئابی ساڵی 1946 بە رێنمایی و سەرۆکایەتیی باوکی ڕۆحی کورد مستەفا بارزانیی نەمر دامەزراوە بە هەوڵ و هیمەتی چەند کەسایەتییەکی دیاری باشووری کوردستان کاریان بۆ سەرخستنی کردووە، لە نێوان ساڵانی 1946 بۆ 2011 پارتی دیموکراتی کوردستان 13کۆنگرەی بەستووە کە چواریان لە بەغدا و چواریان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و دوانیشیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، هەروەها سێ کۆنگرەی دیکەی لە هەولێر بەستووە، بەم شێوەیەش لە تێبەڕبوونی چەند کاتژمێرێک و بەڵێندان بۆ خزمەتکردنی زیاتری کورد و کوردستان وەک بەڵێزی کورد لە تاراوگە لەسەر هەمان ڕێباز و دروشمەکانی بەرەوامبن و زۆر سەرکەوتووانە کۆتایی بە مەراسیمەکە هات.

غەفوور مەخموری لە دەزگای ڕۆشنبیری (عەبدولحەمید شومان)ی ئوردەنی:

کورد ڕەسەنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

کورد ڕۆڵێکی کارای هەبووە لەبیناکردنی شارستانییەتی ناوچەکە



خەبات _عەمان: لە عەمانی پایتەختی ئوردەن، غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی YNDK لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری عەبدولحەمید شومانی ئوردەنی میوانداری کرا و، بابەتێکی سەبارەت بە ڕۆڵی کولتوور و فۆلکلۆری کوردستان لە بیناکردنی شارستانییەتی ناوچەکە پێشکەشکرد. ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە؛ 7/ 2019/8 لە عەمانی پایتەختی ئوردەن، غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری عەبدولحەمید شومانی ئوردەنی میوانداری کراو، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەڤان کۆڕێکی سیاسی لەژێر ناوی "ڕۆڵی کولتوور و فۆلکلۆری کوردستان لە بیناکردنی شارستانییەتی ناوچەکە" بۆ ڕێکخرا، لەسەرەتادا ڕاگەیاندنکاری ناسراوی ئوردەنی (داما کوردی) بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو، باسی لە گرنگی بابەتی کۆڕەکەی مەخموری کرد، ئینجا مەخموری وێڕای بەخێرهاتنکردنی میوانان خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو میوانداریە و ئامادەبوونی میوانان دەربڕی و سوپاسی دەزگای ڕۆشنبیری عەبدولحەمید شومانی کرد بۆ ڕێکخستنی ئەو دیدارە لەگەڵ ئامادەبووان، سەرەتا پوختەیەکی سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆشنبیری کوردستان پێشکەشکرد و، ئەنجا هاتە سەر بابەتەکەی.

غەفوور مەخموری باسی لە ڕەسەنایەتی کولتوور و فۆلکلۆری کوردستان و ڕۆلیان لە بیناکردنی شارستانییەتی میسۆپۆتامیا کردو، گوتی: ڕەسەنایەتی هەر نەتەوەیەک لە دەوڵەمەندی کولتوور و فۆلکلۆرەکەی دایە، دەوڵەمەندی کولتوور و فۆلکلۆری کورد ڕەسەنایەتی نەتەوەی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناڤینداً دەخاتەڕوو، ئەگەر سەیری تێکستە فۆلکلۆرییە کوردییەکان بکەین ڕۆڵی نەتەوەی کوردمان لەبیناکردنی شارستانییەتی دەڤەرەکە بۆ وەدەردەکەوێت، بەتایبەت لە چیرۆک و داستان و بەیت و لاوکە میژوورییەکاندا، هەروەها هونەری بیناسازی و دەفرسازی و گەلێک پاشماوەی کۆنی دیکە لەمیزۆپۆتامیا ڕەسەنایەتی کورد لەدەڤەرەکەدا دەسەلمێنن و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کورد ڕەسەنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و هەر کوردیش بنیاتنەری بەشێکی زۆری شارستانییەتی ناوچەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدەرێژایی میژوو زوڵم لە کوردان کراوەو هەوڵی لەناوبردنیان بەخاک و خەڵکەوە دراوە، ئەو ڕابردووەش لەتێکستە فۆلکلۆرییەکاندا بەباشی ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها مەخموری باسی لە تایبەتمەندی کولتوور و فۆلکلۆری کوردستان کرد و، گوتی: کولتوور و فۆلکلۆری کورد خودان تایبەتمەندی خۆیانن و بوونەتە تۆمارێ خۆشی و ناخۆشییەکانی کورد، چیرۆک و داستان و ئەفسانە و ستران و لاوک و حەیران و بەیت و مۆسیقا و سەمای کوردی خودان تایبەتمەندی و ڕەسانەیەتی خۆیانن، ئەوەی لای کورد هەیە لای نەتەوەکانی دیکە نییە، ئەمەش وایکردووە کولتوور و فۆلکلۆری کورد لە فۆلکلۆری نەتەوەکانی دیکەی دەڤەرەکە جیا بێت.

دواتر لە بەشێکی دیکەی بابەتەکەیدا مەخموری باسی لە بواری هونەر و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی کرد و، لەم ڕووەوەش تیشکی خستە سەر حەیران و لاوک وەک دوو بابەتی تایبەت بە هەونەرو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و، گوتی: لاوک و حەیران کە دوو جۆرە مەقامی تایبەت بەنەتەوەی کوردن، نەتەوەکانی دیکەی دەڤەرەکە ئەو جۆرە مەقامەیان بەم شێوەیە نییە و، ڕەنگە شتی دیکەیان هەبێت، دەتوانین بەم شێوەیە لە لاوک و حەیران بڕوانین:

1- حەیران: تۆماری ئەڤین و دڵداری و سروشت و جوانی کوردستانە.

2- لاوک: تۆماری میژوویی و داستانی ئەڤین و پاڵەوانێتی و سوارچاکی و بەرخۆدانی نەتەوەیی کورده بەپێی قۆناخە میژوویەکان.

مرۆڤ ئەگەر بەسەرنجەوە لە تێکستەکانی لاوک و حەیران وردبێتەوە زۆر شتی بۆ ڕوونەدەبێتەوە، لە حەیراندا ڕاستگۆیی و میهرو وەفای کوردان لە ئەڤێنداری و، جوانی و ڕازاوەیی سروشتی کوردستان بەرجەستە دەکاتن خۆئەگەر بەناخی تێکستەکانی لاوکیشدا شۆڕبینەوە ئەوا هەست بەوە دەکەین کەوا کوردان چۆن داستانی ئەڤین و بەرخودان و پاڵەوانێتی خۆیان لە تێکستی لاوکەکاندا تۆمارکردووە، ئەمەش وایکردووە کەوا لاوک ببێتە تۆمارێکی دیرۆکی بۆ کورد و وەکو سەرچاوەیەکی زارەکی و سەرەتایی بۆ نووسینەوەی دیرۆکی کوردان سەیر بکرێت و کاری لەسەر بکرێت.

غەفوور مەخموری لە کۆتایی بابەتەکەیدا گوتی: لێرەوە ڕوو لە تەواوی ڕۆشنبیرانی ئوردەن و عەرەب دەکەم و دەڵێم ئەوەی ئێستا بیستتان چەند سەردێرێکی کورت بوو لە ڕۆڵی کورد لە بیناکردنی شارستانییەتی ناوچەکە، ئێمە لە ئەزەلەوە لەسەر خاکی خۆمان و لە ناوچەکە دەژین، بەردەوام هەوڵماندواوە کوردستان ببێتە سەنتەری بەیەکەوە ژیانی نەتەوەو ئایینەکان، ئێستاش کوردستان باخچەیەکی ڕەنگا و ڕەنگی بەیەکەوەژیانی نەتەوەو ئایینەکانە، پێویستە ئێوەی ڕۆشنبیرانی عەرەب خوێندنەوەی دروستتان بۆ پرسی کورد هەبێت و بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

دوای ئەوەی مەخموری بابەتەکەی پێشکەشکرد، دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبووان کرایەوەو، ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان بەگرنگییەوە باسیان لە بابەتەکە کرد و بیروڕاو سەرنجی خۆیان خستەڕوو. شایانی باسە دوای تەواوبوونی کۆڕەکە ڕێوڕەسمێک بۆ ئیمزاکردنی کتێبی "الحیران... مفهوما ومضمونا وظهورا) لە نووسینی غەفوور مەخموری سازکرا، مەخموری کتێبەکەی پێشکەش بە ئامادەبووان کردو بۆی ئیمزاکردن، ئەمەو کۆڕەکە کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند بووە جێی خۆشحاڵی ئامادەبووان.

16ی ئابێکی جیاوازتر و گەشاوەتر



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا

ئەمساڵ، تەمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە 73 ساڵ و پێدەنێتە ناو ساڵێکی نوێ لە تەمەنیدا، ئەویش ساڵی 74مینە، لە قوربانیدان و بەرخۆدان و خەبات و نسکۆ و نشێوی و سەرکەوتن و دەریایەک لە خوێنبەخشین بە خاکی پیرۆزی کوردستان، کەچی گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بیروڕا و ئایدۆلۆژیاکانی تری ناوچەکە لە چەپەکانەوە دەستپێبکەین یان لە تونددڕەوەکانی ئایینی، یان لەژێر هەر ناونیشانی تری سۆشیالدیموکرات و دیموکراتەکان، دەبینین پارتی تاکە حزبە لەم تەمەنەی بەرەو نوێبوونەوە و گەنجبوونەوە دەچێت و لە هیچ شوێنێکی تر ئەم دیاردەیە بەرچاو ناکەوێت، گەر سەیر بکەین شیوعیەت لە سۆڤیەت لە لوتکەوە هەرەسی هێنا و لە هەموو جیهانیشدا دووچاری پەتای لاوازبوون بوو، لەکاتێکدا هیچ کوبجوقوژبینی ئەم جیهانە نەبوو، هزری شیوعیەتی تێدا بلاو نەبێتەوە و گەر سەیری لایەنەکەی تر بکەین لە تونددڕەوی ئایینیش بە هەمان شێوە وەک مەدرەسەیەک هەر ڕۆژە بە ناوێک لە شوێنێک لە شوێنەکان سەریهەڵداوە و لە زۆر شوێنیش گەیشتوون بە لوتکەی دەسەلات، کەچی تەمەنێکی کورتیان هەبووە، هەرچەندە زۆر بە زیرەکی بە نوێکارییەوە هاتوون بۆ گۆڕەپانەکە، بەڵام پاش گەیشتن بە دەسەلات نەیانتوانیوە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەدا بگونجێن، بە هەردوو زمانی هەڕشە و نوێخوازیی کاریان کردووە، هەر نەیانتوانیوە بەردەوامی بدەن بە دەسەلاتیان، لە لایەکی ترەوە حزبە سۆشیالدیموکراتەکانیش بە هەمان شێوە نەیانتوانیوە بەردەوامی بە ژیانی حزبایەتیان بدەن، ئەگەر سەیر بکەین حزبی بەعسی عێراقی، پاش 37 ساڵ لە حکوم، تووشی گەورەترین هەڵەبوو، لە غروری و حوکمڕانی و ئەوەی یەکسانی و ئیشتراکی بێت، لەم حزبەدا بە دی نەدەکرا، تەنیا ناوێکی کارتۆنی بوو، ئیشتراکییەت و چەند وڵاتێکی دەوڵەمەند و لەلایەن دیکتاتۆریەتی سەربازییەوە بەڕێوە دەچوو، هەروەک دەبینین بەشەکەی تری کە لە سووریا بوو، بوو بەهۆی تێکدان و دواکەوتنی وڵات، کەچی بەهۆی وڵاتە زلهێزەکان بەرژەوەندی ئابووری وڵاتە نادیموکراتەکان و بیرۆکەی فراوانخوازی و عەقڵییەتی سەفەوی ئێرانی تا ئێستاش لەسەر پێی خۆی وەستاوە و ماوە.

هەروەها سەبارەت بە تورکیاش ئەگەر سەیر بکەین، رابەر و دامەزرێنەری کۆماری تورکیا کە ئەتاتورک و حزبەکەی بوو، لە هەموو تورکیادا توانای بە دەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمانیان نەماوە، کەواتە لە ناوچەکە بە گشتی، تاکە حزبێک نییە کە تەمەنی هێندەی تەمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، نەک وەک خۆی مابێت، بەڵکو بەرەو پێشتریش چووبێت، تەنها چەند دەوڵەتێکی عەرەبی نەبێت کە ئەویش حوکمڕانیان (پاشایەتییە و یان ئەمیر و شێخی عەشیرەتەکانن) کە ئەمانەش لەلایەن شەقامەوە ڕەفزکراون، بەهۆی سیاسەتی بەرژەوەندخوازی زلهێزەکان لە دەسەلاتدا ماون، لەبەر ئەوەی چەند وڵاتێکی دەوڵەمەند و گرنگی سامانە سروشتییەکانن، کانگای نەوتی جیهانن، لە نەخشەی جیهانیشدا کاریگەریان هەیە لەسەر ڕێگاوبانە ئاوییەکان، کەواتە دەکرێت پرسیارێک لە خۆمان بکەین و بپرسین کەوایە چۆن پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر وەک خۆی ماوە، بەڵکو بەرەو پێشتریش چووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش، بە کورتی دەتوانین بڵێین: پارتی چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە کە لە هەموو پارتەکانی تری جیادەکاتەوە، ئەویش: یەکەم دروستبوونی پارتی لە 16ئابی 1946 زەروورەتێکی میژوویی بووە، بۆشایەکی گەورە هەبوو لەنێوان بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی، پارتی لەنێو قۆلایی ناخی کۆمەڵگاوە دروستبووە، خاڵی دووەم بوونی ڕابەر و سەرکردایەتییەکی بەهێز لە کەسایەتی بارزانیی نەمر و بەرەو پێشچوونی ئەم قوتابخانەیە و پیرۆزی نەهجی پارتی، سێیەم دانەبڕان لە خاک و میللەت و بەردەوامی ژیان لەگەڵ چینی هەژاران، چوارەم سازشنەکردن لەسەر پرسە کوردستانییەکان بە گشتی و کەرکووک بە تایبەتی و بوونی قەناعەتێکی ڕەها بە مافی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستان لەژێر هەر گوشارێکدا بێت بە مساوەمە کردن، بەرانبەر بە مافی چارەنووس، چۆکی دانەناوە، لەکاتی گونجاویشدا خەباتی بۆ کردووە و ڕابەری پاراستنی ناسنامەی کورد بووە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردستانی گەورە و یەکگرتووی بە خەون نەزانیوە، پێنجەم پارتی ریفراندۆمی کرد و تێیدا سەرکەوت، لە 93% دەنگی میللەتی هێنا و ئەم شەرەفەی بەرکەوت، هەر پارتیش بوو پیلانی خیانەتکارییەکەی 16ی ئۆکتۆبەری تێکشکاند و بەرگریی لە شەرەف و کەرامەتی ئەم میللەتە کرد بەرانبەر بەو هێزە گەورەیەی عێراق و ئێران و تورکیا و خۆفڕۆشان وەستا، ئەمە و کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەن، کە پارتی جیادەکاتەوە لە هەموو حزبەکانی تر، لەبەر ئەوەی زۆربەی حزبەکانی تر بۆ منافەسەی پارتی دروستبوونە یان دروستکراون، بەڵام پارتی هەروەک گوتمان لە بۆشاییەکی سیاسی وەک پێویستییەکی میژوویی دروستبوو تەنها خۆی بە مونافسی دوژمنانی کورد زانیوە نەک میللەتەکەی کە ئەمەش جیاوازییەکی زەقە و میژووش شاهێدە کە پارتی ئامادەیە هەردەم گەورەترین تەنازول بۆ هێزە ناوخۆییەکان بکات، تەنها بۆ ئەوەی نێومالی کوردی بپارێزێت، یەکڕیزیی کورد تێکنەچێت.

بەڵێ، ئەمانە هەر هەمووی وایکرد پاش 73 ساڵ تەمەنی پارتی ببێت و بمێنێتەوە بە حزبی یەکەمی بێ ڕکابەرە لە گۆڕەپانەکە و ئەمەش بەهۆی هەڵوێستە میژوویییەکانی و پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبەکەی لە هەموشی گرنگتر و حیکمەت و گەورەیی سەرۆک مسعود بارزانییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی کە وەک یەکێک لە سەرکردە مەزنەکانی جیهانی تەماشا دەکرێت و لەسەر ئاستی عێراقیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینی بەڵێ ئەمە واقیعی پارتی و سەرۆک مسعود بارزانییە، پاش 73 ساڵ، بەڵێ، بۆ ئەم یادەی ئەمساڵ دەکرێ بگوترێت جیاوازی تر بەسەر ژیانی کورد و پارتیشدا هات گەر سەیر بکەین، ئێستا سەرۆک بارزانی وەک مەرجەعی کوردە بۆ باشوور بە تایبەتی و بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش بە گشتی، بەڵێ سەرۆک مسعود بارزانی ڕابەر و پێشمەرگە، هەرچەندە لە ساڵی 1999ش لە کۆنگرەی 12دا، داوای لە ئەندامانی کۆنگرە کرد کە ئەو نایەوێت بە کاری حزبی و ئیداری مەشغول بێت، تکای لە هەڤاڵان کرد کە وازی لێبێنن، چونکە کاری زۆر گەورەتر و مەزنتری لە بەردەستە و دەیەوێت تەفەرغ بکات بەو کارەی، کەچی لە هۆڵی کۆنگرە هەر هەموو 1800 ئەندامان کە ژمارەیان 1800 کەس زیاتر دەبوو، هەستانە سەر پێ و ڕێگایان پێنەدا وتارەکەی تەواو بکات و چەپڵە ڕێزانیان کرد بە گوتنەوەی (پێشڕەوی کورد پارتییە و سەرۆکمان بارزانییە)، وازیان لێی نەهێنا، هەر هەموو ئەندامان بە چاوی گریان و قورگی لاڵەوە هاواریان دەکرد، ئەوەبوو سەرۆکیان ناچارکرد قبوول بکات و وەک سەرۆکی پارتی لە کارەکەی بەردەوام بێت، بەڵێ ئێمە بە ئاگا نەبووین کە ئەو ئاگای لە حزبایەتی نییە، بەڵکوو سەرقاڵی کارکردنە بۆ دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی 1999 بەڵێ خۆزگە ئەوکات وەک ڕابەر و مەرجەعی کورد ڕێگامان پێدابا و سەرقاڵمان نەدەکرد با بەکاری تر، چونکە ئەم ڕابەرە گەورەیە خۆی دەفەرموویێت گەورەترین ناو و نازناو لای من پێشمەرگەیە و شەرەفێکی گەورەیە پێشمەرگەی کوردستان بم، بەڵێ ئەمڕۆ سەرۆک بارزانی ڕابەر و پێشمەرگە مەرجەعی کوردە، پاش 73 ساڵ، هەڤاڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمە و هەڤاڵ مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانە، بەڵێ پاش 73 ساڵ پارتی ڕابەرە پارتی گەشایەوە پارتی زیندووە، پارتی گەنجە و مامۆستای گەنجانە، بەڵێ لە سایەی پارتی و حیکمەتی بارزانی، ریفراندۆم کرا و خەونی دۆزمنان لە گۆڕنرا، بەڵێ ئەوانەی دوو ساڵ بەر لە ئێستا سنووریان دادەخست، ئێستا هەموو سنووردارەکانیان دەکەنەوە و دەڵێن دەروازەی نوێتر دروست دەکەین، بەڵێ لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا، کێبڕکێیە و هەر کەس دەڵێ فەرموون لەگەڵ ئێمەدا بازرگانی بکەن، فەرموون دەرگای ئێمە والآیە، بەڵێ ئێران دەڵێ قیزام هەڵگرت و رسومات وەرناگرم، ئێوەش وەرمەگرن، بەڵێ ئەمەیە سیاسەتی پارتی، ئەمەیە حیکمەتی سەرۆک و ڕابەرمان مسعود بارزانی، بەڵێ پارتی ڕابەر بووە، سەرۆکەکەی پۆڵایینە، میژووی پر سەروەریە، لە هەموو ژیانی شەرمی لە لایەڕەیەکی میژوو نییە، بۆیە باکی نییە لەم یادەی ئەمساڵیش لە 73 ساڵی پێشووتری بە هێزتر، چونکە بناغەی لەسەر بیروباوەڕێکە لە هەموو بیروڕاکانی تر جوانتر، بەڵێ ڕابەرە، بەڵێ کاک مسعودیش تانجی سەرە، بەڵێ دەوڵەتی کوردیش خەون نییە و نەخشەی بۆ داندراوە، هەموکات بارزانییە بۆ ئەم دەوڵەتەش سەرکردە و پێشەوایە، ئەم 16ی ئابەش زۆر گەشاوەیە.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتیزگای هەولێری (پ.د.ک).**

هەوڵ و چالاکییەکانی داعشییان بڵاوکردووەتەوە

102 هەژماری تویتەری داعش ڕاگیران



فەرماندەی ناوەندیی هێزەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، 102 هەژماری تایبەت بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە "داعش" لە لایەن تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە داخراون. ئەو هەژمارانە هەوڵ و چالاکییەکانی داعشییان بڵاوکردووەتەوە، لەپاڵ بڵاوکردنەوەی چەندین شتی دیکەی پەیوەست بە تیرۆرەوە، وەک هێزەکانی ئەمەریکا ڕایانگەیاندووە.

فەرماندەی ناوەندیی هێزەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی تویتەر 102 هەژماری تویتەری سەربە دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام ناسراو بە "داعش"ی ڕاگرتووە. هەژماری Report ISIS کە سەربەو فەرماندەییەیە و تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی هەژمارەکانی داعش بۆ ئەوەی تویتەر لە" پێشێلکارییەکان" ئاگادار بکاتەوە، بڵاویکردووەتەوە توانیویانە 102 هەژماری داعش لە تویتەر بسڕنەوە و بلۆک بکەن پاش ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تویتەر. فەرماندەی ناوەندیی هێزەکانی ئەمەریکا لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی کورتیشدا ناو و ناویشانی سەرجەم هەژمارە بلۆککراوەکانی لەلایەن تویتەرەوە ئاشکراکردووە.



هۆنک کۆنگ.. بەردەوامی خۆپیشاندانی هاوڵاتیان دژی بڕیارێکی حکوومەت سەبارەت بە تەسلیمکردنی داواکراوان بە چین

ئێران:

پلانمان بۆ شکستهێنان بە گۆشارەکانی ئەمەریکا هەیە



ئێران ڕادەگەیەنێ، تا ئەو کاتەی بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێت لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی دەمێنێنەوە و هاوکاتیش ئاشکرای دەکات کە پلانیان بۆ کۆتاییهێنان بە گۆشارەکانی ئەمەریکا هەیە. عەباس عێراقچی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، ڕۆژی یەکشەمە، 18ی ئاب، سەبارەت بە مانەوەی تاران لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ڕایگەیاند، وڵاتەکەی تا ئەو کاتە پابەندی ڕێککەوتننامەکە دەبێت کە بەرژەوەندیەکانی دابین بکرێت. عێراقچی باس لەوەش دەکات کە پلانیان بۆ شکستهێنان بە گۆشارەکانی ئەمەریکا داناوە و دەشڵێت لە ئەگەری هێرشی سەربازیش بە تۆندی وەڵامی ئەمەریکا دەدەنەوە. هاوکات ئاشکراشی دەکات کە ڕێرەوێکیان بە ئالوگۆڕی بازرگانی و فرۆشی نەوت دۆزیوەتە.

پسپۆڕێکی نەتەوەیەکگرتووەکان: ڕێژەی لەسێدارەدان لە ئێران بەرزترینە لەسەر ئاستی جیهان

کۆت و بەندی سەر ئازادی ڕادەربڕین لە ئێران زیادیان کردووە

پسپۆڕێکی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بواری مافی مرۆڤ لە ئێران، جاڤید ڕەحمان ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاند، ڕێژەی لەسێدارەدان لە ئێران لەسەر ئاستی جیهاندا بەرزترینە. ڕەحمان لە ڕاپۆرتێکدا بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە: ساڵی ڕابردوو کۆت و بەندی سەر ئازادی ڕادەربڕین لە ئێران زیادیان کردووە. ئاماژەی بەوەش کردووە کە "ژمارەی حاڵەتەکانی لەسێدارەدان لەنێوان پیاوان و منداڵاندا گەیشتووەتە 253 حاڵەت. ئەو پسپۆڕەی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕونی کردووەتەوە کە لە ماوەی ساڵی 2018دا حاڵەتەکانی پێشێلکاری بەرامبەر منداڵان تۆمارکراوە.

باسی لەوەش کردووە، لەو حەوت منداڵەی تاوانبار کراون و لە ساڵی 2018 لەسێدارە دراون، دوو منداڵیان تەمەنیان 17 ساڵان بووە و تۆمەتبار کراون بە تاوانی دەستدرێژی و دزی کردن.

ڕەحمان لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی ژمارەی سزاکانی لەسێدارەدان کە لە ساڵی 2018 جێبەجێکراون بە بەراورد بە ساڵی 2007 کەمتر، بەڵام هێشتا ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان ڕێژەیەکی گەورەی لەسێدارەدانی تێدایە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، کەمبوونەوەی ڕێژەی لەسێدارەدان بۆ گۆڕانکاری لە یاسای بنەڕەتکردنی مادەی هۆشبەرەکان لە ئێران لە ساڵی 2017 دێت، کە بەو هۆیەوە ڕێژەی لە سێدارەدان لە 231 حاڵەتەوە لە ساڵی 2017 بۆ کەمتر لە 24 حاڵەت لە ساڵی 2018 دابەزیوە.

ئەو بەرپرسەی نەتەوەیەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی نیشاندا وە لەوەی تائێستاش ئەنجامدەرانی 80 تاوان لە ئێراندا ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان دەبنەوە، لە نێویاندا تاوانی زینا و هاوڕەگەزبازی و هەڵگرتنی مادەی هۆشبەر هەیە .

هەوالەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com

www.xebat.net

دوو شەممە 2019/8/19 ژمارە (5809)

ئاریشا کێمبوونا ئاڤا دهوکێ هاتە چارەسەرکرن



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجوومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ دگەل هەر ئێک ژ بەهزاد عەلی ئاددم پاریزگارێ دهـوکێ ب وەکـالـەت و قائیمقامێ قەزا دهوکێ و ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ئاڤا دهـوکێ کـومـبـوون. دڤێ کومبوونێ دا لسەر ئاریشا ئاڤا دهوکێ ڕاوەستیان کو ببوو ئەگەرێ کێمبوونا دابەشکرنا ئاڤێ ل سەنتەرێ پاریزگەها دهـوکێ و دەوروبەرا ل ڕوژێن بووری، لەهمبەر ڤێ گرفتێ ژی بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ چەندێ کو ئەم هەمی دڤێت لسەر کاربین و کار دڤێ پروژەی دا بکەین دا کو خەلکێ مە ژ بێ ئاڤێ قورتال بیت و ڕێکەجارەکا دریژخایەن بۆ پروژێ ئاڤا دهوکێ بێتە دیتن داکو جارەکا دی خەلکێ مە توشی ڤێ ئاریشی نەبیت، هەر دڤێ کومبونێ دا ڕێڤەبەرێ ئاڤا دهوکێ دا دیار کرن کو ئەم شیایین لسەر پریسگرێکێن کەفتینە د ڕێکا پروژێ ئاڤا دهوکی دا زاڵ ببین و گوت خەلکێ خوەیێ دهوکا خوشتڤی دڵنیا دکەین کو نها پروژێ ئاڤا دهوکێ 100 کەفتەیە کاری ژ دابەشکرنا ئاڤێ.

بە هاوکاریی ڕێکخراوی ڕوانگە، کۆمەڵێک خۆبەخشی کەرکووک شەش قوتابخانە نۆژەندەکەنەوە



خەبات ـ ئارام شێرکۆ:

بەمەبەستی گرنگیدان بە کەرتی خوێندن و خزمەتکردنی قوتابیانی شارەکە ژمارەیەک کێڵ و کـوڕی خۆبـەش بـە هـاوکـاری و هـەمـاهـەنـگی ڕێکخراوی ڕوانگە وwha دەستیان کردوە بە نۆژەنکردنەوەی 6 قـوتـابـخـانـەی شـاری کـەرکـووک، دوانـاوەنـدی ئامادەی کوردستانیش یەکەم قوتابخانەیە کە دەستکراوە بە نۆژەن کردنەوەی.

نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە کان لە سەر ئەرکی ڕوانگەیەبە هاوکاری ژمارەیەک خۆبەخشی شارەکە لە ئێستا دەستکراوە بە کارەکەو نۆژەنکردنەوەیان بۆ ئەوەی بتوانن پێش کردنەوەی دەوام سەرجەم قوتابخانەکان تەواو بکەن قوتابیان تێدا بخوێنن. سەبارەت بەمەیش یوسف عومەر سەرپەرشتیاری پرۆژەکە لە لێدوانێکی تایبەتی گوتی: ئەم پرۆژەیە کارێکی خێرخوازییە کە بە هاوکاری و هـەمـاهـەنـگی هـەر دوو ڕێکخراوی wha و ڕوانگەوە لەگەڵ زیاتر لە 10 گەنجی خۆبەخشی شارەکە دەستمان کردوە بە نۆژەنکردنەوەی 6 قوتابخانەی لە نێو شاری کەرکووک دەوروو بەری.

یوسف گوتیشی: کاری ئەمان لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان بریتی دەبێت لە بۆیاغکردن و چاکردنەوەی پەنچەرە شکاوەکان و دانانی سیمهێڵەگ بۆ پەنچەرەکان و چاکردنەوەی گلۆپەکان و دەسکی دەرگای پۆلەکان لە نێو قوتابخانەکان. هەروەها گوتیشی: دەمانەوێت لە کاتی خۆیدا کارەکانمان تەواو بکەین بۆ ئەوەی قوتابیان سوودی لێوەربگرن لەگەڵ لێدانی زەنگی خوێندن بینەوە قوتابخانەکانی خۆیان درێژە بە خوێندنەکەیان بدەین کە 6 قوتابخانە لە خۆی دەگرێت 3 قوتابخانەیان لە ناو شار و 3 قوتابخانەکەی ترشیان لە شارۆچکەو شارە دێیەکانە.

یەکێک لەو منداڵانەی بەهۆی یاری ئاگرینەوە سووتابوو گیانی لەدەستدا

مقەدەمی ماف پەروەرعەلی جەمال قدوری بەرێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان باڵاوی کردەوە کە دوای ئەوەی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە ناحیەیەی ڕزگاری سەربەقەزای کەلار 2منداڵ یاری ئاگرینیان خستبوە نێو بەرمیلی نەوتەوە لەئەنجامدا پێیاندا تەقیەوەو هەردوکیان سوتان دوای چارەسەری پێوبست لەفریاکەوتنی کەلار بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانەکەیانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کران، بەڵام بەداخەوە یەکێک لە منداڵەکان کە تەمەنی حەوت ساڵە و بە ناوی ئەنەس جەبار محەمەد لە نەخۆشخانەی سلێمانی گیانی لەدەستدا.

دەنگۆی دواخستنی دەوامی قوتابخانەکان بۆ 10/1 ڕەتکرایەوە

ئەندامێکی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕەتی دەکاتەوە کە وەزارەتی پەروەردە کاتی دەستپێکردنی دەوامی قوتابخانەکانی بۆ 10/1/ 2019دواخستبێت. گەلاوێژ عوبێد، ئەندامی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: وەزارەتی پەروەردە کاتی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی 2010-2019ی دوانەخستووە. گوتیشی: لەگەڵ وەزیری پەروەردە قسەم کردووە و ڕەتیکردووەتەوە کە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن بۆ مانگی 10ی ئەمساڵ دوا خرابێت. ئەو ئەندامەی لێژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەش کرد، وەزارەتی پەروەردە بریاری داوە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن لە هەرێمی کوردستان لەکاتی خۆیدا بێت. وەزارەتی پەروەردە دەستپێکی خوێندنی لە 15ی 9 بۆ هەموو ساڵێک دیاری کردووە، پێشتریش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وا باڵاو کرایەوە، کە دەستپێکی خوێندنی ئەمساڵ دوا خراوە.

نۆژەنکردنەوەی تونێلی دەربەندیخان دەستپێکرد



نۆژەنکردنەوەی تونێلی دەربەندیخان دەستپێکرد و کێشە سەرەتاییەکانی تونێلەکە چارەسەر دەکرێن.

ئیبراهیم عەزیز، بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی ڕاگەیاند: تیمێکی ڕێگاوبانی سلێمانی لەگەڵ کۆمپانیایەکدا، دەستیان بەنۆژەنکردنەوەی جادەی تونێلی دەربەندیخان کردووە.

ڕاشیگەیاند: بڕیارە لەماوەی هەفتەیەکدا نۆژەنکردنەوەی ئەو بەشەی تونێلەکە تەواو بکرێت، دواتر کاری نۆژەنکردنەوەی بەشەکانی دیکە تونێلەکە بە کۆمپانیایەکی ئێرانی دەستپێدردێت. گوتیشی، تا تەواوبوونی کارەکانی تونێلەکە، هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبێل خراوەتە سەر ڕێگای چیای بەرانان و ڕێگای قەرەداغ. ئاماژەی بەوەشکرد، کە لە چەند ساڵی داهاتوودا دوو سایدی نێوان زەڕایەن و دەربەندیخان تەواو دەکرێت و دوو تونێلی نوێ لەسەر ڕێگەکە دروست دەکرێن.

بەرگری شارستانیی هەولێر ئاماری ڕووداوەکانی ئەمساڵ و ڕۆژانی جەژنی ڕاگەیاند



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: ڕائید سەرکەوت کارەش ئەفسەری بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە: پلانی ڕۆژانی جەژن بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کراو لەماوەی ڕۆژانی جەژنی قوربانی پیرۆزدا 28ڕووداوی جۆراوجۆر لەناو شاری هەولێرو دەوروبەری ڕوویانداوەو خۆشبەختانە لەو ڕووداوانە هیچ زیانی گیانی لێنەکەوتۆتەوە. دواتر دەربارەی ئاماری ڕووداوەکانی ئەمساڵیش گوتی: لەماوەی حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 1713 ڕووداوی جیا جیا لەشاری هەولێرو دەوروبەری ڕوویانداوە، بەداخەوە ڕووداوەکان ڕوو لەزیاد بوونەو بەهۆی ئەو ڕووداوانەش 22 کەس گیانیان لەدەستداوە، لەوانە 11 کەسیان بەهۆی ئاگر کەوتنەوەو 11 کەسەکەی دیکەیش لەناو ئاودا خنکاون و 48 کەسیش بریندار بووین و40 کەسیش لە مردن ڕزگار کراون هەربەهۆی ئاگر کەوتنەوەش ئاگرێکی گەورە لە دەشتی بەڕانەتی کەوتەوە بەو هۆیەشەوە پووش و پەڵاشێکی زۆریش سووتاو لەلایەن تیمەکانی ئیمەوە ڕێگری کرا لە تەشەنەکردنی.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی مام خالید عەزیز ڕەسوڵ

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان مام خالید عەزیز ڕەسوڵ- مان پێگەیشت. مام خالید پێشمەرگەیەکی بەوەفای ڕێبازە پیرۆزەکەی بوو تا دوا ساتی ژیانی بەرۆحیەتی پێشمەرگانەوە بەردەوام بوو. هاوبەشی خەمان بە خانەواده بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوە و خزمان و دۆستان و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو عومەر عەلی حاجی سالح کێلەسپی

بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دڵسۆزعومەر عەلی حاجی سالح کێلەسپی ـ مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمان بە خانەواده بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی لە ئێوە و خزمانی کێلەسپی و دۆستانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ/ بەڕێز دارای سەید عەلی

بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان (فاتمە خانی حەسونە فەندی) دایکی ساماڵ ئاغا و سورکێو و دلێر، خەسووی شەهید جەزای عەلی کاتب پرسە و سەرەخۆشی خۆمان تەقدیم خانەواده بەڕێزەکەتان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین ئەمە دوایی ناخۆشیتان بێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

سەلام عەبدوللا

سەرنووسەری خەبات

دهوک... دچار ڕۆژێن جەژنا قوربانێ دا 234 زارۆک ژدایکبوونە و 22 کەس مرینە



خەبات ـ دهوک:

د کونگرەکێ ڕۆژنامەڤانیدا حەمزە ڕەزیکی بەرپرسی ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا گشتی ساخلەمیا پاریزگەها دهۆکێ دیارکرکودچار ڕۆژێن جەژنا قوربانیدا 14134 کەسا سەردانا دەزگەهێن ساخلەمیێ کرینە و 564 نەخۆش هاتینە نڤاندن و 234 زارۆک ژدایک بوینە ژوانا ژی 121 کـــور و 113 کچ ونشتەگەری بو 87 کەسا هاتینە ئەنجامدان و ژئەنجامێن ڕوودانـیـێن تـرۆمـبێلان وخەندقینی و کوشتنێ 41 کەس بـریـندارەبـوویـنـە و 3 کەسان گیانێ خوە ژدەستدانینە ل دهۆک وئـاکـرێ و زاخۆ و ئێک حـالـەتێ خـەنـدقـیـنێ هـەبـوویـە و دوو کـەس ب گولەیێن ئاگری هاتینە کوشتن.

هـەروەسـا گـوت: 108 حالەتێن پەنچەشیری ژوانا ژی 22 هاتـنـیە نڤاندن و 86 کەسان ژی جرعێن کیمیاوی وەرگرتینە و 16 حالەتێن پێڤەدانا دوپشک و ماران هەبوینە و 4حالەتێن کەفتن ژ بلندا هیان ژی هەبوینە و 48 حالەت سووتنێ ل دهۆکێ و4 حالەتێن سوتنێ ل زاخۆ هاتینە تزمارکرن و ئافرەتەکێ کو لاشێ وێ 95% ستبوو گیانێ خوە ژدەستدایە و 30 کـەس ژبـەر حـالـەتێن ب شەرچوونێ بریندارببوینە وسەردانا نەخۆشخانەیان کریە. ڕەزیکی پتر دیارکر کو 22 کەس ژ ئەگەرێن جەلتێن دلی و نـەخۆشـیـێن خـوینێ وفشارێ و نەخۆشیێن زارۆکان مرینە، و 87 جارا پەیوەندی ب تێمین 122 هاتیە کرن ژوانژی سۆتن وجـەلـتـە و ژەهراویبوون و شکەستن بووینە و 612 کەسان ل میحوەرێن پێشمەرگەی دگەل وەلاتیان قەستا تیمێن مە کرینە کو 56 ژوان هاتینە ڤەگوهاستن بۆ نـەخۆشـخـانـیـێن دهۆکێ بۆ وەرگرتنا چارەسەریێ. گوتژی: زێرەڤانیا ساخلەمیێ 72 سەردان بۆ جهێن گشتی کرینە و پێنج جە هاتینە سزادان ب کـوژمی پـارەی و 11 جە هاتینە هوشداریکرن ب هوشداریا دوومانهیێ.


لە جەژنی قوربانیدا نزیکەی سێ هەزار کەس سەردانی نەخۆشخانەکانی گەرمیانیان کردووە

خەبات ـ سەریە یوسف: بەپێی ئاماریکی هەریەکە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار و بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری کە بەخەبات دراوە، لە ماوەی هەفتەی پشووی جەژن دا، 2416 نەخۆش هاتونەتە ئەو دو نەخۆشخانەیە، بەشێوەیەک 1866 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار و 550 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانیان کردووە. هەر لەو ماوەیەدا، ئەم ساڵەتانە لە هەردو نەخۆشخانەکەدا تۆمارکراون :برینداربون بە ڕوداوی هاتوچۆ: 10 حاڵەت، برینداربوون بە ئامێری تیژ و بریندارى دیکە 9 حاڵەت، بریندارببون بە چەقۆ 6 حاڵەت، پێوەدانی دوپشک و مار: 5 حاڵەت، سوتاویی: 4 حاڵەت، سەگگەستن: 3حاڵەت، کەوتنەخوارەوە: 4 حاڵەت، بریندارببون بە فیشەک: 1حاڵەت.

کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان ڕۆژی جیهانیی فۆتۆ پیرۆزدەکات

لە ڕۆژی جیهانیی فۆتۆدا کە دەکەوێتە ڕۆژی 19ی ئابی هەموو ساڵێک، کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان بەیاننامەیەکی باڵاوکردۆتەوە و وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامەکەمان ناردووە، کە تێیدا وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم فۆتۆگرافەر و ئارەزوومەندانی کامێرا و فۆتۆ لەسەرجەم شارەکانی کوردستان دەکات، لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە: ((لە کوردستاندا فۆتۆگرافەری بەتوانا و پڕۆفیشنالی زۆر دروست بوون کە بەهرە و تواناکانیان هیچ لە فۆتۆگرافەرە جیهانییەکان کەمتر نییە ئەگەر باشتریش نەبێت بەڵگەش بەشداریکردن و بەدەستهێنانی پلەی بەرزی فۆتۆگرافەرەکانمانە لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا)).

هەروەها لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: ((هەروەها لێرەشدا بە پێویستی دەزانین سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی وێنەگر دابنوێنین کە لەسەرجەم قۆناغەکانی خەباتی کوردستان و لە بەرەکانی جەنگ هاوشانی پێشمەرگە گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی خاکی پیرۆزی کوردستان لە پێناو گەیاندن و گواستنەوەی ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی و جیهان)). لە کۆتاییشدا داوا لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە هاوکار و پشتیوانیان بن.



ئەشکەوتی شانەدەر.. شوێنێکی مێژوویی جیهانیی

نهێنی دێرینترین مێژووی مرۆڤایەتی

چەند جۆرێک گوڵ لەگەڵ مردووەکان نێژراون، کە گوڵەکان زیاتر وەرزین و بریتین لە گوڵە بەیبوون و هێرۆ و چەند جۆرێکی دیکە

خەبات: هەولێر

بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسۆر - سۆران: تیمێکی زانکۆی کامبرێجی بەریتانیا کارەکەیان بە کۆتا نەهاتووە، بەڵام گرێبەستەکەیان کۆتایی هاتووە و داوایان کردووە بۆیان نوێ بکرێتەوە و لە 28ی مانگ ئەو تیمە دێنەوە هەرێمی کوردستان و چەند رۆژێک دواتر دەستبەکاردەبن و ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبن لە کارکردن لەم ئەشکەوتە".

ئەشکەوتی شانەدەر، وەک یەکێک لە کۆنترین شوێنەوارەکانی جیهان هەژمار دەکرێت و تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی لێکراوە و دۆزینەوەی کۆمەڵێک پەیکەرە ئێسکی مرۆڤەکانی نیاندەرتاڵ لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن شوێنەوارناسی ئەمریکایی ڕالف سولیکی وایکردووە، کە بە دریژایی نیو سەدەی ڕابردوو، شوێنەوارناسان و شارەزایان خەریکی لێکۆڵینەوەبن و هاوکات دۆزینەوەی گۆڕستانێک لە قوڵایی ئەشکەوتەش بووەتە هۆکارێک کە شوێنەوارناسانی ئەمریکا و بەریتانیا بە دریژایی ئەو ماوەیە خەریکی لێکۆڵینەوەبن.

لە پێنج ساڵی ڕابردوو، تیمێکی زانکۆی کامبرێجی بەریتانی خەریکی لێکۆڵینەوە لەم ئەشکەوتە بوون و چوارەمەتریان لەناوەڕاستی ئەشکەوتەکە هەڵکۆڵیووە بۆ ئەوە بتوانن لێکۆڵینەوەکانییان بکەن، بەڵام پارسەنگ گرێبەستەکەیان تەواو بوو، بڕیاریشە لە ٢٨ی ئەم مانگە جارێکی دیکە تیمەکەی زانکۆی کامبرێج بە کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزای بواری شوێنەوارناسی بگەڕێنەوە بۆ ئەشکەوتی شانەدەر بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەم شوێنە و بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکەش بەردەوام دەبن لە کارکردن.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسۆر ئاماژە بەوە دەکات کە لێکۆڵینەوەکان بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیووە و ئاشکرایشی دەکات کە لە ٢٨/٨/٢٠١٩دا، تیمێکی شوێنەوارناسی زانکۆی کامبرێجی بەریتانیا دێنە هەرێمی کوردستان و بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە لێکۆڵینەوە لەم شوێنە دەکەن بەمەبەستی گەیشتن بە دەرەنجامی کۆتایی لەبارەی مێژووی تەواوی ئەشکەوتی شانەدەر.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری مێرگە سۆر سۆران ئەمیر شێروانی لە لێدوانێکیدا گوتی: "تا ئێستا لێکۆڵینەوەکان بە سێ قۆناغدا تێپەڕیووە، یەکەمییان لە ساڵی ١٩٥٠ کاتێک شوێنەوارناسی ئەمریکایی ڕالف سولێکی سەردانی عێراقی کرد و بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار سەردانی ئەشکەوتەکە دەکات و دەیکاتە بیرۆکەیەک کە کاری لەسەر بکات هەر بۆیەش دوای مۆڵەت وەرگرتن لە ٧/١٠/١٩٥١ دەستی بەکارکرد و لە قۆناغەکانی سەرەتایی چەند مەترێک چووە خوارەوە و ئێسکە پەیکەرێکی دۆزیەوە کە مندااڵێکی نۆ مانگانەبوو، ئەم کارەی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٦٠ و لەگەڵ منداڵەکەش هاوکار چەندین یاری بەردینی کۆنی دۆزیەوە کە ژمارەیان ٢ هەزار و ٧٩٢ پارچە بوو، ئەو کاتە کاربۆن ١٤ هەبوو کە جۆرێکە لە پشکنینێکی سادە بوو، ئەوکات ناوبراو ڕایگەیاند کە پێش ٦٠ تا ٧٠ هەزار ساڵ مرۆڤایەتی لێرە ژیاون".

سۆران ئەمیر شێروانی گوتیشی: "قۆناغی دووەم لە ١٩٥٣ دەستی پێکرد و ئەوکات هەندێک ئێسک و پەیکەری مرۆڤی دۆزیەوە و ئێستا پەیکەری مرۆڤی نیاندەرتاڵیشی دۆزیەوە و ژمارەیان نزیکەی ٢١ پارچە بوو، دواتر لە کتێبێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە گۆڕستانێک هەبووە کە دوای مردن نیاندەرتاڵ بووە، وای بۆ دەچێت کە مرۆڤ بە مەبەستی ئاژەڵداری لەو ناوچەیە ماوەتەوە و ژیانییان لەم ئەشکەوتە کردووە، هەر لە قۆناغی دووەم، ڕالف سولێکی تۆزێک دەچێتە خوارەوە دەبینێت چەند جۆرێک گوڵ لەگەڵ مردووەکان نێژراون و ئاماژە بە هەشت جۆری گوڵ دەکات کە گوڵەکان زیاتر وەرزین و بریتین لە گوڵە بەیبوون، هێرۆ و چەند جۆرێکی دیکەیە".

لەبارەی قۆناغەکانی دواترەوە، بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسۆر ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستاش تیمێکی کامبرێجی بەریتانی هەمان بۆچوونییان هەیە کە ئەم شوێنە بە ولاتی گوڵ ناودەبەن و لەمبارەیەوە دەڵێت: " ڕالف سولێکی لە نووسینێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێسکە سەرێکی مرۆڤی نیاندەرتاڵی لەگەڵ بەشێک لە جەستەی لە شوێنێک بەجێهێشتوون و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە تیمەکانی دوای خۆم بتوانن ئاسانتر کارەکانییان جێبەجێ بکەن".

سەبارەت بە قۆناغی کارەکانی تیمی کامبرێجی بەریتانیا، سۆران ئەمیر شێروانی گوتی: "تیمەکە کارەکەیان بە کۆتا نەهاتووە بەڵام گرێبەستەکەیان کۆتایی هاتووە و داوایان کردووە بۆیان نوێ بکرێتەوە و لە ٢٨ی مانگ ئەو تیمە دێنەوە هەرێمی کوردستان و چەند رۆژێک دواتر دەستبەکاردەبن و ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبن لە کارکردن لەم ئەشکەوتە".

ئەو بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسۆر دەشڵێت: "خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی ڕابردوو، ئێسکە پەیکەری نیاندەرتاڵی لێرە دۆزرایەوە و زانایان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ ٧٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا لێرە ژیاون".

بەشێک لە کەلوپەلە دۆزراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سۆران پارێزراون و بەشێکی دیکەش لە موزەخانەکانی ئەمریکایە و تا ئەو کاتەی موزەخانەیەکی شیاو لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت ئەو کات کەلوپەلەکانی ئەمریکا و عێراقیش دەگەڕێندرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی ئەشکەوتەکە یەکێکە لە شوێنەوارە جیهانییەکان بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی لێکۆڵینەوە لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایان، هێشتا یونسکۆ نەیتوانیووە هیچ قسەیەک لەمبارەیەوە بکات بە پاساوی تەواونەبوونی لێکۆڵینەوەکان، بەڵام بەڕێوەبەری ئەو پەیکەری نیاندەرتاڵ لێرە دۆزرایەوە و زانایان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ ٧٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا لێرە ژیاون".

بەشێک لە کەلوپەلە دۆزراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سۆران پارێزراون و بەشێکی دیکەش لە موزەخانەکانی ئەمریکایە و تا ئەو کاتەی موزەخانەیەکی شیاو لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت ئەو کات کەلوپەلەکانی ئەمریکا و عێراقیش دەگەڕێندرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی ئەشکەوتەکە یەکێکە لە شوێنەوارە جیهانییەکان بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی لێکۆڵینەوە لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایان، هێشتا یونسکۆ نەیتوانیووە هیچ قسەیەک لەمبارەیەوە بکات بە پاساوی تەواونەبوونی لێکۆڵینەوەکان، بەڵام بەڕێوەبەری فەرمانگەیە ئاماژە بەوە دەکات کە نووسراویان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کردووە بۆ ئەوەی ئەشکەوتی شانەدەر بچێتە لیستی یونسکۆ، بەڵام پێی وایە ئەمە کاتی دەوێت.

ئەشکەوتی شانەدەر دەکەوێتە سەر بەرزایی لووتکەی چیای برادۆست لە قەزای مێرگەسۆری سەر بە پارێزگای هەولێر، دوو هەزار و ٢٠٠ پێ لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، بۆ گەیشتن بەم ئەشکەوتە پێویستە ٣٩٠ پلیکانە سەرکەوێت، مێژووی ئەم ئەشکەوتە بۆ ٨٠ هەزار ساڵ بەر لەزایین دەگەڕێتەوە و بە کۆنترین و گەورەترین ئەشکەوت دادەندرێت لە عێراقدا، بەرزاییەکەی ئەشکەوتەکە ١٨ مەتر و، درێژییەکەی ٤٠ مەترە، پانیی ٢٧ مەتر تا ٦٠ مەترە لە ناوەوە.




ڕالف سولێکی لە نووسینێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێسکە سەرێکی مرۆڤی نیاندەرتاڵی لەگەڵ بەشێک لە جەستەی لە شوێنێک بەجێهێشتوون و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە تیمەکانی دوای خۆم بتوانن ئاسانتر کارەکانییان جێبەجێ بکەن.



لە ٢٨ی ئاب، تیمی کامبرێجی بەریتانی دێنەوە هەرێمی کوردستان و ماوەی سێ ساڵ کارکردن لەم ئەشکەوتە دەستبەکاردەبن

لەیادی 16ی ئابدا، سووربن لەسەر پاراستن و پێشخستنی دەسکەوتە بەخوێن بەدەستهاتووەکانی گەلی کوردستان



سەریەست مەنی

تا ئەوەمەی پارتایەتی کوردایەتی بێت، پارتیم

بە هیچ شۆرشێک ناگوترێت شۆرش، ئەگەر ئامانجی ئەو شۆرشە ئازادی نەبێت
"ماركيز دی كۆندرويسە"

73 ساڵ خەبات و تێکۆشان، قوربانیدان، بەخشین و فیداکاری، نەبەزین و فریونەخواردن، دڵنیایی لە دۆزی ڕەوای گەل و بەخشندەیی، چێکردنی هیوا و گەشبینی لە دڵ و دەروونی مرۆڤی کورد و هاندان بۆ ڕابوون و بەرخودان و گەیشتن بە ئازادی، 73 ساڵ مێژوویەکی درێژ و هەڵکشان و داکشان، هەڵبەز و دابەزی ڕۆژگار، ڕووبەڕووبوونەوەی دەیان و سەدان ئاستەنگ و هەوراز و نشێو، بەرەنگاری لەگەڵ دڵڕەقترین و زۆردارترین و فاشیسترین دەسەلاتە دیکتاتۆر و خوێسپێنەکانی ناوچەکەدا، 73ساڵ شۆڕش و بەرخودان و خۆنەچەماندن، دەستکەوتی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی.

دروست بوونی حزب وەک ئۆرگان و دەزگایەکی هاوچەرخ داهێنراوی سەردەمی ڕۆشنگەریە، زەروورەت و پێویستییەکی بە کۆمەڵ هەیە لە هاتنەبوونی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، زەروورەت وەک فەلسەفە و وەک پنت و خاڵی جەوهەری بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە کاری بۆ بکات و تەواوی پرۆژە و جوڵەکانی لە خزمەت ئەو خاڵە ستراتیژی و جوهەرییەدا بێت، کە دەکرێت بە ئامانجی باڵا ناوی ببەین. زەروورەت و ئامانجی باڵای دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی لە چرکە ساتێکدا دروست دەبێت کە دووەم گەورە جەنگی جیهان بە کۆتا دێت، سەرلەنوێ نەخشەکان دادەڕێژرێنەوە و سنوورەکان بەهێز و لەبەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز دەکێشرێنەوە، کوردیش وەک نەتەوەیەکی دێرینی ناوچەکە و خاوەن بنەماکانی گەل و خاک و زمان و مێژووی هاوبەش لە دەرەوەی ئەجندا و ڕۆژهەڵی دەوڵەتە زلهێز و خاوەن بڕیارەکانداید، زەروورەت و هاتنەبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەلماندنی هەبوونی نەتەوەیەکە، پارتی بۆ ئەوە دروست بوو تا بە ئەوانی جیاواز بڵێت: (من کوردم، من هەم، من لێرەم، ئەمە سنووری خاکی منە، من سەرداری ئەم خاک و قەڵەمەڕەوەم، من ڕووبەڕووی ئینکار و ڕەتکردنەوەی ئەوانی نکۆڵیکار و ستەمکار دەبمەوە)، 73 ساڵە پارتی کار بۆ سەلماندنی (کوردبوون) دەکات و فەلسەفە و ئامانجی باڵای پارتی کوردبوونە، هێنانەبوونی کورە لەدەرەوەی بوونەوە بۆ ناو بوون. ئالێرەوەیە ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە بۆچی پارتین؟ ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی پارتی بۆ کوردایەتی پارتین، بۆ بەرگریکردن لە هەبوونی نەتەوەیەک، بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی، پارتی ئالاهەڵگری کوردایەتییە و تا ئەوەمەی پارتایەتی کوردایەتی بێت، پارتین.

پارتی دیموکراتی کوردستان، کە خاوەنی مێژوویەکی پردەستکەوت و شانازییە، پارتی شۆڕش و بەخودانە، پارتی ژیاندنەوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و دروستکردنەوەی شوناسی کوردی و کوردستانییە، پارتی بوونێکی بەهێزی هەیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا، لێ پارتی لە مێژوودا نەماوەتەوە، بەردەوامە و هاوکات پارتی ئەمڕۆشە. لەم جەدەل و پێکناکبوونەی ئیرادەی خێر و شەڕەدا، پشت بە ئیرادەی گەل و هەوڵی هێزە نیشتمانپەروەرەکان و سەرکردە جوامێرەکانی کوردایەتی، پشت بە میراتی دەوڵەمەندی فەلسەفەی بارزان و مێژووی پرفیداکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، جەماوەری بەشەرەفی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی نیشتمانپاریز، هیوامان زۆرە بەوەی ئیرادەی خێر و فیداکاری، تەوژمی فکریی ئازادیخوازان و سەربەخۆخوازان سەردەکەوین. دواجار پارتی لەبەردەم خەون و خەیاڵ و داوا و خواستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستاندا، ڕووسور و سەربەزانە بەردەوامە لە گەشەپێدانی دونیابینی و پرۆژە و فەلسەفەی ڕۆشنی بارزانییدا، لە سەرخستنی کیانی هەرێمی کوردستان و بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستاندا. بۆ خەڵکی کوردستانیش"ڕێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان" سیمبولی خەباتی ڕزگاری و ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئاسۆی دواڕۆژێکی پرشنگدارە.

73 ساڵیادی لە دایکبوونی پارتی و بارزانی.. یادی شۆڕش و خەبات و کوردایەتییە



سەکڤان هالو

مەزن و شکودارە لە ماڵباتی سەربەرزی شەهیدەکان و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان و هەر کوردو کوردستانیەکی دڵسۆز و نیشتیمان پەروەر پیرۆز بکەم لە هەر شوێنێک بێت. هەروەها ڕۆژی لە دایک بونی سەرۆک وڕێبەری کورد و 73 ساڵیادی لەدایک بوونی پارتی لە کوردو کوردستانیان پیرۆز دەکەم پارتی و بارزانی لە یەک کاتدا لە دایک بوون، ئەمەش هەڵاتنی خۆرە بەسەر ئاسمانی کوردستاندا، چۆنکە هەردۆکیان لە پێناو ڕامالینی تاریکی و ئەو شەوە زەنگەی کە دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان و ناحەزانی مەسەلەی ڕەوای کورد بە گشتی بەسەر کوردو کوردستانیاندا هینابوو. پارتی و بارزانی توانیان تاریکی بڕەوێننەوە و ڕۆناکی و ئاسۆیێکی گەش بگەڕێننەوە بو ئەو ئاسمانە ڕەش و تەمو مژاویە و هیواو ئومێدبڕوێننەوە لە ناخی تاکی کوردستانیدا.

پارتی و بارزانی وەک دوو چرا هەڵاتن لە 16ئابی 1946دا لە پێناو ڕزگار کردنی نەتەوەیێک لە ژێر چەپۆکی ستەمکاران و دوژمنە سەرسەختەکانی کوردو کوردستان و شێوازی خەباتیان بە فورمێکی ئەوتووە گۆڕی کە بتوانن دۆزی کورد و ناسنامەکەی لە نێوچون بپارێزن. دیراسەت کردنی واقعی ئەو سەردەمە و وانە وەرگرتن لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی پێشوتر بووە هۆی دانانی بناغەیێکی پتەو و بەرە بەرە دۆزی ڕەوای کورد بەرەو پێشڤەچونی بە خویەوە بینی و تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەمو کوردستانیان لە ژێر چەتری پارتی و بارزانی دا کوبنەوە و بە یێکەوە بەرگری لە ناسنامە و خاکی پیرۆزی کوردستان بکەن، واتە چارەنوسی هەمو کوردستانیان بو بە یەک چارەنوس و تەنها ئامانجی هەموان پارێزگری کردن بو لە کوردستان.پارتی و بارزانی هۆکاری سەرەکی مانەوەی کوردستان و ناسنامەی تاکی کورد و کوردستانین لەوکاتەوە تا کۆ ئەمڕۆ خەباتی 73 ساڵەی پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانی باوک و ڕێزدار مەسعود بارزانی بەڵگەیێکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر ئەم ڕاستیە و پێویست ناکات بە درێژی وێستگەکانی خەبات و تێکۆشانی پارتی و بارزانی باسی لێوە بکەین .

لە کوتایی دا پێویستە ئەوە بڵێم کە پارتی و بارزانی لە پێناو کوردو کوردستاندا سەریان هەڵداو لەم پێناوەشدا تا ئەمڕۆ بو ئایندەش هەر پێشەنگ دەبن لە پێناو گەیاندنی دوزی کورد بە وێستگەی ئارامی و بەرز کردنی ئالای دەوڵەتی کوردستان.

شانزەی ئاب، ڕۆژێکی شکۆدار، یادێکی پیرۆز



دکتۆرە مەیادە نەجار*

مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان هەمیشە گۆڕانکاری تایبەتی بەخۆیەوە دیوە، زۆرجار گۆڕانکارییەکان کاریگەریی لەسەر ئایندەی ئەو میللەتە هەبووە، تەنانەت کاریگەرییان لەسەر خەباتی پارچەکانی تری کوردستانیش بەجێهێشتووە، چونکە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی لە هەرێمی کوردستان و تێکۆشانی پارتی دیموکراتی کوردستان گرێدراوی یەک پرسە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەم پارتی نەتەوەیی نیشتمانی بووە لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان خەباتی لەپێناوی مافی نەتەوەیی کوردوە، کە ئەمەش مێژوویەکی تۆمارکراوی پڕلە شانازییەوە لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرابەرایەتی باوکی ڕۆحیمان سەرۆک بارزانیی نەمر یەکەم گزنگی نەتەوایەتی دەست پێکرد و یەکەم هەنگاوی بەرەو شۆڕشی نەتەوەیی نا، بارزانیی نەمر وەک سەرۆکی خەباتگێڕی هەر چوار پارچەکە زۆر بەوردبینییەوە کاری دەکرد، دوای ئەوەی ڕوودەکەنە کوردستانی ڕۆژهەڵات و خزمەت بە کۆماری کوردستان وەک دەستکەوتێکی نەتەوەیی دەکەن، هەنگاوی دووەمی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێ لە باشووری کوردستان، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە لەپێناوی نەتەوەیی و ڕزگاری و سەربەخۆییدا بووە لەهەرچوار پارچەی کوردستاندا، لەرووێەکی تردە بارزانیی نەمر توانی خاڵێکی هاوبەش لەنێوان سەرجەم پارچەکانی کوردستان دروست بکات بە مەبەستی ڕزگاربوون لەدەستی داگیرکەران، لێردا دەبینین کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کوردستانی گەورە و یەکگرتنی گشت پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان داوە، چونکە یەکەم پارتی نەتەوەیی بووە لەمێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا.

بارزانیی نەمر کوردی بەجیهان ناساند، ڕێبازی بارزانیی نەمر بزوێنەری گرنگی خەباتی کورداییتییە لەکوردستانی گەورە بەگشتی و کوردستانی باشوور بەتایبەتی. بازرانیی نەمر نیشانە و ڕەمزی تێکۆشانە لەمێژووی نەتەوەکەماندا، چونکە بارزانیی نەمر کوردی بەهەموو جیهان ناساند و لەزۆربەی ولاتانی جیهان کاتێک کوردێک سەردانی ولاتانی دەکرد ڕاستەوخۆ بەبارزانی کوردیان دەناسییەوە.

هەروەها خەباتی نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە کۆمەڵێک بەهای گرنگی پراکتیزە کردووە وەک پاراستنی یەکپزیی نیشتمانی و هەوڵدان بۆ یەکدەنگی نەتەوەیی سەربەخۆی بۆ کوردستانی گەورە و یەکگرتنی گشت پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان داوە، چونکە یەکەم پارتی نەتەوەیی بووە لەمێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا.

بارزانیی نەمر کوردی بەجیهان ناساند، ڕێبازی بارزانیی نەمر بزوێنەری گرنگی خەباتی کورداییتییە لەکوردستانی گەورە بەگشتی و کوردستانی باشوور بەتایبەتی. بازرانیی نەمر نیشانە و ڕەمزی تێکۆشانە لەمێژووی نەتەوەکەماندا، چونکە بارزانیی نەمر کوردی بەهەموو جیهان ناساند و لەزۆربەی ولاتانی جیهان کاتێک کوردێک سەردانی ولاتانی دەکرد ڕاستەوخۆ بەبارزانی کوردیان دەناسییەوە.

هەروەها خەباتی نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە کۆمەڵێک بەهای گرنگی پراکتیزە کردووە وەک پاراستنی یەکپزیی نیشتمانی و هەوڵدان بۆ یەکدەنگی نەتەوەیی لەمێژووی نیشتمانی گەورە و هەمیشە دەرگای پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گشت کەمە نەتەوەیی و کەمە ئاینییەکان کراوە بووە، لەڕێگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خەباتی هاوبەش بۆ ڕزگاریی کوردستان کراوە، گشت پێکهاتە جیاوازەکان لەچوارچێوەی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان کردووە، تەنانەت ئەو کەسانەی کە ڕۆژانێک دژی پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان کردووە، هەمیشە بارزانیی نەمر زۆر بەڕۆحێکی لێبوردەیی مامەڵەی لەگەڵ کردوون و وەک بڕا تەماشای کردوون، بەڵگەش بینیمان بارزانیی نەمر چەندین جار لەپێناوی پاراستنی برایەتی و یەکڕیزیی نەتەوەیی لە نەیارانی خۆی خۆشبووە ،تەنیا لەپێناوی یەکڕیزی گەلی کوردستاندا، ئەمڕۆش لەژێر ڕۆشنایی خەباتی 73 ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێ ئامانجە بەوە بدرێت کە پارتی لەئێستادا ئەرکەکەی زۆر قورسترە لەڕابردوو، چونکە نەیارانی هەموو هەوڵێکیان لەباربردنی پرۆسەی دیموکراتییە لەکوردستاندا.

پارتی و ڕابەرایەتی شۆڕش

کاتێک خۆیندنەوەیەکی ورد بۆ مێژووی شۆڕشەکانی گەلی کورد دەکەین دەبینین کە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنەری گشت شۆڕشەکان بووە، هەمیشە هەموو ڕاپەرین و شۆڕشەکان بەڕابەرایەتی پارتی بوون، بەرەنگاربوونەوەی هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانی و عێراقی لەیەک کاتدا دواتریش پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەم زەنگی شۆڕشی نەتەوەیی لە یانزەی ئەیلولی 1961 لێدا کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول یەکەم شۆڕشی نەتەوەییە کە بووە هۆی لەدایکبوونی ڕێککەوتنامەی یانزەی ئازاری 1970 کە یەکەم جارنامەیە لەمێژووی عێراقدا بەفەرمی دان بەمافی نەتەوەیی کورددا بنرێت، هەروەها باوکی ڕۆحیمان بارزانیی نەمر، توانی بەجیهان بڵێت کە کورد میللەتێکە لە بەرانبەر داگیرکەراندا چۆک دانادات.

ئەمڕۆش دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی بەردەوامە لە هەڵگری مەشخەڵی نەتەوەیی و هەڵگری مەشخەڵی ئاوەدانییە، هەڵگری پەیامی ئاشتی و برایەتییە، هەڵگری وەرچەرخانێکی مێژوویی، هەڵگری هێمای سەرکەوتنە بۆ هەموو تاکێکی کورد.

کابینەی نوێیەم و ئایندەیەکی گەش

ئەمڕۆش لەیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەسایەی کابینەی نۆیەم بەسەرۆکایەتی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمسال هەنگاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دروستکردنی کوردستانێکی بەهێز یەکێکە لەو پەیامە پیرۆزانەی کە هەموو تاکێکی کوردی دڵخۆش کردووە، سەرەڕای هەنگاوە سەرکەوتووەکانی کابینەی نۆیەم لەچارەسەرکردنی تەواوی کێشە جیاوازەکاندا کە بۆتە هۆی بەخشینی ئومێدی گەش بۆ سەرجەم تاکی کورد.

لەکۆتاییدا باسکردن و شرۆڤەکردنی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەنگاوە زێرینەکانی ئەو پارتە بەئاسانی ناتوانرێت لەنووسینکی وەها سادەی پۆختدا باس بکرێت، پێویستی بەچەندان توێژینەوەی ئەکادیمیی زانستی بەرفراوان هەیە ، بەهیوای ئەوەی توانییێتم کە تا ڕادەیەک کەمێک ئاوڕ لەو مێژووە پڕ لەشکۆداری و فیداکارییەی پارتی بدەمەوە.

*** ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

گەلی زیندوو و وشیار چارەنووس دەخولقێنێ



ئاسۆ جەلال عەبدولکەریم

ماوەیەکی دوور و درێژە قسەوباس لەسەر گەندەڵی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان و پێویستی ڕووبەڕووبونەوەی و کۆتایی پێهێنانی بەردەوامە.

حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەم مەبەستە و هەموو خەڵکی کوردستانیش لە چاوەڕوانییدایە، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ لایەنی دیکە کە مەبەستیان ڕووبەڕووبونەوە و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی نییە، بە ئەندازەی ئەوەی مەبەستە سەرەکییەکەیان خودی دەسەلاتی کورەد لە هەرێمی کوردستان و شێواندنی، چونکە کاتێک یەکێک ڕەخنە لە بابەتێک بگرێت ئەوا دەبێت ئالترناتیڤێکی باشتری هەبێت و بێ ئەوەش ئەوا ئەوە ڕەخنە نییە (ڕەخنەی بونیاتنەر نییە)، بەڵکو تێکدانە (ڕەخنەی تێکدەرانەیە).

یەکێک لە ئاستەنگ و هێما نگەتیڤەکانی هەوڵی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، سوودوەرگرتنە لە ناڕەزایی گەلی کورد لە دەسەلات و کەمتەرخەمییەکان و بردنی ئەو ناڕەزاییانە بە ئاراستەیەکی حزبایەتی تەسک کە هەندێک جار"دەستی دەرەکی"شی لە پشتەوەیە، هەڵبەتە ئێمە کاتێک لە هەرێمی کوردستان باسی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەکەین، ئەوا یەکێک لە هێماکانی کاڵکردنەوەی هەژموونی حزبایەتی و خودی دەسەلاتە لەسەر هەڵوێستی گەل، بەڵام ئەوەی دیارە لە کوردستان تا ئێستا ئەوەیە کە هەندێک حزب ولایەن دەیانەوێت ناڕەزایی گەل بقۆزنەوە بۆ مەبەستی خۆیان و بردنی بە ئاقارێکی حزبایەتیدا کە لە ئەنجامەکەی سوودی حزبێک یان بریقە بەخشینە بە ناوێکی تازە هەڵتۆقیو، لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین کە ناڕەزایی گەل بەو جۆرە دەخەسێندرێت و زیاتر نائومێدی لە ناخیدا دروست دەبێت، بە کارابوونی ڕۆڵی لەسەر کەمتەرخەمی و کورتهێنانی دەسەلاتی کورد.

ناڕەزایی حزبایەتی شتێکە و ناڕەزایی گەلیش شتێکی ترە، ئەم دوو بابەتەش زۆر لە یەک جیاوازن، چونکە ناڕەزایی گەل گەر بگاتە ئاستی و ڕۆڵی پێویستی خۆی، ئەوا گۆڕانێکی سەرانسەری و لە بنەڕەتەوە ئەنجام ئەدات، لە کاتێکدا هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن کارێکی وایان پێ ناکرێت، بۆیە لێردا پێویستە گەل خۆی لەو حزب و لایەنانە دوور ڕابگرێت کە مەبەستێکی تایبەتی و نادیاریان هەیە و دەبێت بزانن کە ڕۆڵی گەل زۆر گەورەتر و فراوانتر وبەرزترە لەوەی کە لایەنێک یان حزبێک بیقۆزێتەوە و سودێکی ناڕەوا و نەشیاوی لێ ببینێت.

حکوومەت و گەلی زیندوو و وشیار و پاراستنی سروشتی نیشتمانی و بەئاگا دەتوانێت چارەنووس بخولقێنێت نەک تەنها گۆڕانێکی کاتی یان دیاریکراو، گەلی وشیار دەتوانێت وەک چاودێرێکی پۆزەتیڤ بەسەر دەسەلاتەوە بێت و ڕێگە نەدات مافی بخوڕێت یان پێشێل بکرێت، ئەوەتا لە ولاتە دیموکراتییەکاندا لە کاتێکدا ئۆپۆزسیۆنی کارا لە پەرلەمانەکاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک گەل بچووکترین کەمتەرخەمی لەو ئۆپۆزسیۆنە ببینێت و بزانێت ڕۆڵی خۆی بەو جۆرەی پێویستە نابینێت، ئەوا خۆی دێتە گۆڕەپانەوە و کاتێکیش ئەو دێت، ئیدی هەموو شتەکان بەو جۆرە دەبن کە ئەو دەیخوازێت.

پارتی هەردەم د خزمەتا خەلکێ کوردستانێدا بوویە



ڕێبەر عەبدوڵلا دەربوتکی

ڕەنگە هەڵقەدانا بەرپەرێن دیرۆکا پارتیێ ڤێ یەکێ خویا بکە ، کو ب دڕێژاهییا دیرۆکا دروست بوونا پارتیێ وەکە حیزبەکە نەتەوەیی ، د هەر ڕۆژ ژمێرەکە خوە دا پارتی کاربیە خزمەتەکێ پێشکەشی نەتەوەیێ خوە تەڤایا خەلکێ کوردستانێ بکە ، ئەڤ تشەتە دیار و بەرچاڤە دناڤا دیرۆکا پارتییێ دا.

هەر ل دەما دروست بوونا پارتا دیموکراتا کوردستانێ ل 16 تەباخا سالا 1946 وەکە حیزبەکە بەرچاڤ د مەیدانا خەبات و تێکوشانێ دا دناڤا درۆشمێن خوە دا بەردەوام تەکەزی ل سەر خزمەتکرنا نەتەوەیێ خوە هەمی خەلکێ کوردستانێ کریە ، ئەڤە وێ یەکێ ئەشکەرا دکە ، کو ڕاستە پارتی د خزمەتا نەتەوەیەکێ دایە. ژبەر کو یا خویایە دامەزراندنا پارتی ل سەر دەستێ باڤێ ڕۆحی یێ نەتەوەیی و ڕێبەرێ تەڤگەرا ڕزگاریخوازییا گەلێ کوردستانێ مستەفا بارزانی ژبۆ خزمەتا نەتەوەیەکێ مەزلوم و هەمی خەلکێ دامەزراندییە . د دیرۆکا پارتییێ دا ڕۆژ ب ڕۆژ دەستکەفتێن نوو ژبۆ گەلێ کورد هاتنە تومارکرن ، هەر ل دەستپێکا دروستبوونا کومارا کوردستانێ پارتی کار ژبۆ خزمەتا نەتەوەیی دەستپێکرییە .

ل پشتی تێکچوونا کومارا کوردستانێ ژی جەنەرالێ مستەفا بارزانی تەڤی کومەکە هەڤالێن خوە بەر ب یەکەتییا سۆفیەتا بەرێ ب ڕێکەتن ژبۆ پاراستن و مانەڤا مللەتەکێ مەزلوم دناڤا چار ئالییێن دوژمن دا . پشتی ڤەگەریانێ ل یەکەتییا سۆفیەتێ مستەفا بارزانی ژبال عەبدولکریم قاسم سەرۆک کومارێ وێ دەمی یێ عێراقێ و گەلێن جدا جدا ییێن عێراقێ هاتە پێشوازکرن.

پشترە تەڤی هکومەتا عێراقێ ، بارزانی نەمر کار ژبۆ وێ یەکێ کر کو مافێن گەلێ کورد ب دەست بخە و ژبال خوەڤە ژی هکومەتا عێراقێ چەندین سوز ب سەکردایەتییا گەلێ کورد دان ، لێ ل تەڤایا وان هکومەتا ل سوزێن خوە پوشمان بوون ل هەمبەر گەلێ کورد . خزمەتێن پارتییێ ل ڤڕ ڕانەوەستیان و بەردەوامی هەبوو تەڤی گوهەرتێن تەڤایا هکومەتێن یەک لدوف یەک دانوستاندن و گوتوبێژ لدۆر مافێن گەلێ کورد تەڤی وان هکومەتا ل هەمبەر وان بێ سوزییێن کو هکومەتێن عێراقێ ل هەمبەر کوردان کری ، شورشا مەزنا ئەیلولێ ب سەرکردایەتییا بارزانییێ نەمر شەر دژی هکومەتا عێراقێ ڕاگەهاند ژبۆ ب دەستخستنا مافێن گەلێ کورد ، هکومەتا عێراقێ ل سەردەمێ ئەحمەد حەسەن بەکر نەچار بوو ، کو ب کەڤە ناڤا دانوستاندنان تەڤی سەرکردایەتییا پارتییا دیموکراتا کوردستانێ ب سەرکردایەتییا بارزانییێ نەمر ، ئەنجامێن وان دانوستاندنا ژی بوویە سەدەما ژ دایک بوونا مافی ئوتونومیێ ژبۆ گەلێ کورد ، کو ل ڕۆژا 11 یێ ئادارا سالا 1970 ئەو لهەڤەهاتن دناڤبەرا سەرکردایەتییا کوردستانێ و هکومەتا عێراقێ هاتە ئیمزەکرن . پشتی بنپێکرنا وێ لهەڤهاتنێ ژی پارتی ل خزمەتکرنا نەتەوەیێ خوە بەردەوام بوو ، پشتی نسکۆیا سالا 1975ێ دەما خەلکێ کوردستانێ ئاوارەیێ کوردستانا ڕۆژهەلات بووی ، پارتی جارەکە دن خوە ژبۆ خزمەتکرنا نەتەوەیێ خوە ییێ مەزلوم دەست ب نوو بوونا خوە کر و جارەکە دن شۆڕش ب سەرکردایەتییا ئیدریس جوانە مەرگ و سەرۆک بارزانی ئاڤا کر ، کو شورشا گولانێ بوویە ڕووناهییەکە ڕوون د تاریاتییا کو ل سەر گەلێ کورد هاتبوو سەپاندن . شۆڕشا گولانێ د 26گولانێ سالا 1976 دەشتپێکر و ئەڤ یەکە ژی بوویە سەدەما دێژەدان ب شۆڕشا ئەیلولێ و هێڤییەکە مەزن ژی ژبۆ گەلێ کورد ئاڤا کر ، کو ب کار بن بگەهن خەونێن خوە . هەر دناڤا شۆڕشا گولانێ دا چەندین داستانێن قەهرمانانە هاتنە تومار کرن و پلانا بەرێ کوردستانێ دانا ژبۆ ڕاپەرینا مەزن یا سالا 1991 ب سەرکردایەتییا ئیدریس جوانە مەرگ و سەرۆک بارزانی . کو ل ڕۆژا 5ئاداریّ 1991 ڕاپەرینا مەزن دەستپێکر و خەلکێ کورستانێ ژ بن زۆلم و زوریا ڕژێما ل ناڤ چوویا بەعس دەرخست ، پشتی سەرکەفتنا ڕاپەرینا مەزن ل دژی ڕژێما بەعس ، ل باژارێ کۆیێ دناڤا جەماوەری دا سەرۆک بارزانی فەرموو: (دڤێ هەلبژارتن دیموکراسیانە بێن کرن ژبۆ ئاڤاکرنا سازیێن یاسایی ل کوردستانێ) ئەڤ ئاخفتنا سەرۆک بارزانی بوویە سەدەما ئاڤاکرنا سازیێن یاسایی ل هەرێما کوردستانێ وەکە پەرلەمێنتا کوردستانێ و هکومەتا هەرێما کوردستانێ ، خەلکێ کوردستانێ ل بن سێبەرا هکومەتا هەرێما کوردستانێ دەست ب ژیانەکە ئارام کر و ڕۆژ ب ڕۆژ کورد بەر ب پێشدا د چوون . پشتی هەرفینا ڕژێما بەعس ل سالا 2003ێ پارتییا دیموکراتا کوردستانێ ب سەرکردایەتییا سەرۆک بارزانی دیسان دەست ب هەڤدیتنا کر تەڤی وان کەسایەتییێن سیاسی یێن عێراقێ ژبۆ ب دەستخستنا مافێن ڕەوا یێن گەلێ کورد ، هەیا کو دناڤا دەستورا عێراقێ ژی دا چەندین مادەدییێن گرینگ لدۆر ماف و ئیمتیازێن گەلێ کورد هاتن چەسپاندن . تێ زانین کو پارتییا دیموکراتا کوردستانێ هەرگاڤ هەول دده ، کو خەونێن گەلێ کورد ب دەست بینە و هەر یا بەردەوامە.

د سالا 2014 تەڤی هاتنا چەکدارێن خەلافەتا ئیسلامی ژبۆ سەر ئاخا کوردستانێ ، پارتییا دیموکراتا کوردستانێ ب سەرکردایەتییا سەرۆک بارزانی ل هەمبەر وان ڕاوەستان ، نەهێلا ئاخا کوردستانێ بکەڤە بن کونترۆلا وان ژ دەست وان دەرخست ، کو ب هزاران پێشمەرگەهێن قەهرمانێن خوە گۆڕی ئاخا پیرۆزا کوردستانێ کر .

ل دەما کو پارتییا دیموکراتییا کوردستانێ ب سەرۆکاتییا سەرۆک بارزانی بریارا ئەنجامدانا ریفراندومی دا ، دژومنێن کوردان کەتنە ناڤا گەفان و چەواشەکارییان ل دژی سەرۆک بارزانی و پارتییا دیموکراتا کوردستانێ ، لێ ئەو یەک نەبوویە سەدەما سارڤەکرنا پارتی و سەرۆک بارزانی و خەلکێ کوردستانێ لدۆر دەستخستنا مافی چارەنڤیسا گەلێ کورد ، ل ڕۆژا 25/ 9 /2017

پڕوسەسا ریفراندومێ ب سەرۆکاتییا سەرۆک بارزانی و پشتەڤانییا خەلکێ کوردستانێ هاتە ئەنجامدان و سەرکەتنەکە مەزن ب دەست خست . کو پرانییا خەلکێ کوردستانی ب دەنگێ (بەلێ) ژبۆ سەربخوەبوونا کوردستانێ دەنگ دان . کو ڕێژەیا 92، 7% دەنگان ب دەست خست . ئەڤە ژی د دیرۆکا پارتییا دیموکراتا کوردستانێ دا بوویە ، مەزنترین دەستکەفت ژبۆ ئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ ب سەرۆکاتییا سەرۆک بارزانی . کو سەد سالە گەلێ کورد ژبۆ خەون و چارەنڤیسا خوە خەبات و تێکوشانێ دکە ، دا بگەهە وان داخوزیێن خوە ، هەر چەند هنەک ئالی و گروپ ییێن خیانەتکار د خوازن ڕێگریێ ل وان گاڤێن پارتییێ بگرن ، لێ ئەو نەکارینە و نکارن ژی ، ژبەر کو سیاسەتا حەکیمانەیا یا جەنابی سەرۆک بارزانی وان هەمی پیلانان ژ ناڤ دبە ، کو دبنە ڕێگر ل هەمبەر چارەنڤیسێ گەلێ کورد.

د نها ژی دا پارتییا دیموکراتا کوردستانێ ب سەرۆکاتییا سەرۆک بارزانی ڕۆژ ب ڕۆژ دەستکەفتێن مەزن ژبۆ گەلێ کورد ب دەست دخە و کوردستان بەر ب پێشدا دچە و ڕۆژێن گەش چاڤەڕێ کوردستانێ دکەن .



پارتی.. هەمیشە ڕوو لە هەڵکشان!



محەمەد ئەحمەد

دوای 73 سالّ تەمەن، دوای بڕینی چەندین هەوراز و نشێو، دوای تێپەڕکردنی چەندین وێستگە و قۆناغی گرنگ و ترسناک، دوای چەندین گەلەکۆمە و پیلانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لە دژی پارتی؛ کەچی هێشتا پارتی هەر ڕووەو هەڵکشانە و هەر باڵا و نەشوناما دەکات.

ڕەنگە دۆست و ناحەز، یار و نەیار بپرسنب بۆ، چۆن پارتی هەروا لەپێشڕەوێدایە ؟.

وەڵام ئەوەیە: چونکە پارتی ڕەگی لەناو جەماوەری کوردستاندا داکوتاوە و لە هەناوی ئێشوئازاری کۆمەڵگەکەی خۆیەوە هەڵقوڵاوە و لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر کە قوتابخانە و ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتییە، بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی ستەمدیدەی کوردستان دەکات.

ئەگەر دیقەت بدەین، دەبینین کە لە ناوخۆی کوردستان و عێراق و دەرودراوسێ و دەوروبەر، چەندین حزبی هاوتەمەنی پارتی دامەزران و کاری سیاسی و خەباتیان کرد، بەڵام ئێستا لە کوێن و چییان بەسەرهات و چارەنووسیان بە کوێ گەیشت؟.. بێگومان ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا نەماون؛ جا یان هەڵوەشاونەتەوە و کۆتاییان پێهاتووە، یانیش ئەوەندە بێهێز و بچووک بوونەتەوە کە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەماوە؛ چەندین حزب بە ئامانجی گەیشتنەوە بە پارتی و مل بەلە لەگەلیدا، بە ڕێی خوار و خێچ و تووڵەڕێیاندا ملیان نا، بەڵام ئایا چییان لێهات؟ دەبینین چۆن پەرتەوازە و سەرلێشێواو و مایەپووچ دەرچوون، کەچی پارتی ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بە ساڵ هەر لە گەشەکردن و بەهێزبووندایە.

پارتی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە ڕێبەرایەتیی بارزانیی نەمر، ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە، واتا لە بنەڕەتدا هەر بۆ ئەو ئامانجە دامەزراوە و خەباتیشی لەو پێناوەدا بووە؛ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخواز وەک دوو مەزنترین و کاریگەرترین شۆڕشی حەقخوازانەی گەلی کوردستان، ئەو ئامانج و پێناوەی پارتی ڕوونتر و جەختتر دەکاتەوە. پارتی، حزبی بارزانییە نەمرە؛ ئەو بارزانییەی هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ بەربگیرکردن و مانەوەی نەتەوەکەی بە زیندوویی و گەیاندنی بە ئازادی و سەربەخۆیی تەرخانکرد و لەو پێناوەشدا بە دەیان داستان و سەروەریی موعجیزەئاسای تۆمارکرد؛ ئەمڕۆش سەرۆک بارزانی لە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی بارزانیی نەمر و لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە، درێژە بەو کاروانە دەدات.

یەکێکی دیکە لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی پارتی و بەردەوامبوونی، ئەوەیە کە حزبێکی واقیعبینانە مامەڵە لەگەڵ قۆناغ و ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا دەکات، نەک بە دڕووشمی خەیاڵی و باق و بریق و فڕیودەرانە. دوێنێ پارتی بەپێی قۆناخ و هەلومەرجەکە، دڕووشمی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بەرزکردبووەوە، ئەمڕۆش فیدراڵی و کۆنفیدراڵی و دواتریش سەربەخۆیی. هەربۆیە دەبینین کە لەسایەی ئەو خەبات وهەنگاوە ژیرانەیەی پارتی، دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ چووەتە پێشێ و وێڕای چەندین پێشکەوتنی گرنگ و ستراتیژی لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و ئاوەدانی، ئەوەبوو بە سەرکردایەتی پارتی و بە ڕێبەرایەتیی سەرۆک بارزانی، کورد هەنگاوێکی گەورە و پیرۆز و مێژووییی هەڵگرت کە ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو؛ ئەوەی زیاتریش ئەو پرۆسە مێژوویی و چارەنووسسازەی گرنگتر و بایەخدارتر کرد، ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو لە کەرکووکی دڵی کوردستان و تەواوی ناوچە دابڕێندراوەکانی دیکەی کوردستان و سەرکەوتنی دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز و دڵخۆشکەرانە بەتایبەت لەم ناوچانەدا. ئەمەش نیشانە و بەڵگەی زیندووی ئامانجی ڕاستگۆیانەی پارتییە و سەلێنەری ئەو ڕاستییەیە کە پارتی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان دەکات بۆ بەدیهێنانی هەموو ئاوات و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردستان.

هەربۆیە پارتی دوای 73 ساڵ خەبات و قوربانیدان، هیشتا هەر پێشەنگە و هەر بە پێشەنگییش دەمێنێتەوە.

بەرز و شکۆدار بێ 16ی ئاب، یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.



ڕێبوار حەمەلا و شوانی

سەرۆکی هەرێم چرای ڕووناکی ڕۆژە سەختەکان بۆ ئایندەیەکی پڕ ئومێد

چەند ساڵەی ئەزموونی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە حوکمرانی کوردستاندا، دەکرێ بە پڕشنگدارترین ماوەی زێڕینی زیاتر لە ماوەی چەند ساڵەی حوکمڕانیکردنی لە نێو حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دابنێین. گرنگی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ,بەم سەرۆکایەتیکردنەی لە ماوەی ڕابردوو توانی پڕۆسەی لەیەکگەیشتن و ساڕێژکردنی برینەکان بە جۆرێک هەتوان بکات کە جیاوازییەک نەهێڵێ لە نێوان تێکڕای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە گشتی و هەردوو لایەنی سەرەکی لە حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی ,بەم مانایە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی زەروورەتێکە بۆ ئەم قۆناغە کە ئەو درزانەی دروست بووبوون ئەو ئێستا بۆیەکی هێناونەتەوە کە ئەو پێکەونووسانە پێویستیان بە کاتی زیاتر هەیە ,دەنا وەکوو پشکۆی ژێر خۆڵەمێش چۆن بە کزەبایەک پشکۆکان دەگەشێنەوە ,ئاوا بە گوتارێک یا ن بە ڕەفتارێکی تونددڕەوانە درزەکان لێکدەبنەوە ,ئەم هاوسەنگی ڕاگرتنە زەروورەتێکە بۆ ئێستا و ئایندەمان ,کە ئێستا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ئەو مۆرکە حزبییەی لەناو کاروبارەکانی حوکمڕانی بەتەواوی کاڵ کردۆتەوە ,تەنها بەم ڕێگایەش دەگەین بە سبەینێی ڕووناک. سەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیە نەک تەنها زۆر گرنگە ,بەڵکو زەروورەتێکە کە گفتوگۆ هەڵناگرێت ,ئەمە لە کاتێکدا هەرچوار دەورمان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانمان ناکۆک و هەمیشە گرفتی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری و..هتدمان بۆ دروستدەکەن. لەمەشیاندا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هەمیشە ویستوویەتی و هەوڵی داوە نەک تەنها لەناوخۆی کوردستان بەڵکو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریش گرفتەکان خاو بکاتەوە و بواربک بۆ لەیەکگەیشتن و دیالۆگ بڕەخسێنێ.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە کارکردنیشیدا کەسێکی پراگماتیکە و بڕوای بە کەسی بەرهەمهێنەر هەیە, ئەمە لە کاتێکدا وڵاتەکەمان وێرانەیە و سەرلەنوێ بونیاد دەنرێتەوە، دڵنیام لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوویدا قۆناخێکی تر دەبێت لە ئەزموونی حوکمڕانیدا کە دروستبوونی عەقڵییەتی دامەزراوەیی و بەرەو بە دەوڵەتبوون چوون، لە مێشکی هەر تاکێکی کوردا دەچێنرێ ,کە چار نییە، لە ئێستاشدا سەرۆکی حکوومەتی نوێی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی ,دەبێتە تەواوکەری بەرنامە دوور مەوداکەی ,کە خۆی لە یەکبوونی کورد و عەقڵی موئەسەساتی و دەوڵەتی فرە بۆچوون و دیموکرات و شەفاف وئاوەدان دەبینێتەوە. سەرجەم ئەو تایبەتمەندییە بەرزانە و ئەو ئاکارە پڕ ئەتەکێتانە لە کەسایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەدی دەکرێن. ئەو بە کەسێک ناسراوە کە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ زانست و مەعریفە هەیە و بێتوچان هەوڵ دەدات لە پێناو زیاترکردنی زانیاری خودی و فراوانترکردنی ئاستۆی هزریی و بەردەوام بە هزرێکی تیژ دەڕوانێتە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ژینگەی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی و بە لێکدانەوەی ژیرانە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کار بۆ ئاراستەکردنی کەشتی هەرێم دەکات، تا لە کەناریکی ئارام لەنگەر بگرێت. هەروەها بێتوچان کار دەکات، تا لە کۆمەڵگای کوردستانی خاوەنی ئاسایش و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بێت. ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا ، تەواوی سەرکەوتنە ئابووری و ئیداری و سیاسییەکانی حکوومەتی هەرێم شانازییەکەی بەر نێچیرڤان بارزانی دەکەوێت، پڕۆسەی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کوردستان و بەبازاڕکردنی و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە لەناوچون پاش 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەرهەمی دیبلۆماسییەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانییە ، لەناوەوە و دەرەوەی هەرێم بەکەسایەتییەکی دیپلۆماسی و لەسەرخۆ پێناسە دەکرێت، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە نزیکبوونەوەی دەنگوڕەنگە جیاوازەکان، سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکییەی نێوانیان بەهەوڵی نێچیرڤان بارزانی گۆڕان و پارتی و یەکێتی دواجار گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتوو، جگە لەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پالپشتییەکی بەهێزی لێ دەکرێ، وەکوو بینیمان لەسەروبەندی شانزەی ئۆکتۆبەر و هەوڵی چەند لایەنێک بۆ دڕووستکردنی حکوومەتی کاتی و ڕوخاندنی حکوومەتی هەرێم ، وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەفەرمی ئاشکرای کرد کە پالپشتی لە حکوومەتێک دەکات بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، بەمەش پیلانی ئەوانی دیکە پوچەڵ بوویەوە. دوای تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم بە نێچیرڤان بارزانی درا و لەو ماوەیەدا توانیویەتی مومارەسەیەکی باشی ئەو پۆستە بکات.

ئەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان چاوەڕوان دەکەن دووبارە بنیادنانەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و بەهێزکردنی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەو ڕووداوانەی بڕیارە لەناوچەکەدا ڕووبدەن، بەدەر لەوە سەرۆکایەتی هەرێم ببێت بەچەترێک کە هەموو دەنگوڕەنگە جیاوازەکانی تێدا کۆببێتەوە. لەئێستادا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەنە دەرەکییەکان لەئاستێکی باشدایە، بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەیی. لەو بڕوایەشدام، پەیوەندییەکان باشتریش دەبن. کەسێک کە خاوەن ئەو ئەزموون و پێگە گرنگ و بەرچاوە بێت، چ لە ناوەوە یا لە سەر ئاستی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی، لە وەرگرتنی هەر پۆستێکی دیکە، جێگای خوشحاڵی و متمانەی گەلەکەی ووەدەست دەهێنێت و دەبێتە مایەی ئەوپەڕی شانازی و سەرفرازی.

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٥
ژمارە/ ٢٢٦٧/ش/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٨/١
ئاگانامە
داواکار/ دنیا کریم رشید
داوالەسەرکراو/ بەختیار مجید صفر
(دنیا کریم رشید) داوایەکی بەژمارە ٢٢٦٧/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت و لەم داوایەدا هاتووە کە جیابونەوە (هجر) داوا دەکات لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە و ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠١٩/٩/١٧ سەعات ٩:٤٠ی سەر لەبەیانی. بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبین یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە نائامادەیی-غیابی داواکە ئەبینێ یاسا.
دادەر/ جمال صدرالدین علی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە/ ٢١٧٤/ج/٢٠١٤
بەروار/ ٢٠١٩/٦/١١
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو / هێرش محمود اسماعیل
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ١/٢٣ لە یاسای هاتوچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پولیسی ئازادی وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نیە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پولیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ ازاد اکرم مجید
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە ٦٤٣/ت/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠١٩/٧/٢٣
ئاگادارییەکی گشتی
بۆ تۆمەتبارانی ئەم خوارەوە کە ئەنجامدانی تاوانی هەڵاتنی ئەنجام داوە لە ریکەوتی ٢٠١٨/٦/٧ لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بۆیە دادگایی کردنت بە پاشملە کرا لە ریکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٣ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بریارەی لە خوارەوە هاتووە:
سزادانت بە بە بەندکردنێکی سووک بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بە پاشملە بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨.
دەست بەسەراگرتنی سامانە گواستراوە و نە گواستراوەکەت بەپێی بەندی ٦٩/ چوارەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئایاسی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨.
مافدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێک بیت بەپێی بەندی ٦٩/ دووەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئایاسی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨.
جەخت کردنەوە لەسەر هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بە بەندی ٦٩/سێیەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئایاسی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە و راگەیەندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٣ وە قابیلی پێداچوونەوەیە(تەمییز) وە مافی رەخنەگرتنت الاعتراضت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسادا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ٩٠ نەوەت رۆژ لە رۆژی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ریکەوتی بلاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە رۆژنامەیەکی رۆژانەو هەلواسینی ئەم جاردانەیە کە هەلدەواسرێت لە دواییں شوێنی نیشتەجێ بوونت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کە لە سەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەک
***
بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٠١٩/٢٥٤٤
ریکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری
بۆ میراتگرانی مردوو/ محمد غریب محمد
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە بەپێی مادەی ٢٧ لە یاسای جێبەجێ کردن بریاردرا لە رێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیێنین تا لە ماوەی ١٥ رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێبەجێ کردنی دانەوەی قەرزی حسین ملا شێخ حسین کە بری (٣٦,٨٥٠,٠٠٠) سی و شەش ملیۆن و هەشت سەد و پەنجا هەزار دینارە ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ کالی قادر پیرۆت
***
سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی و دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە/ ٥٠
ریکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەلساوە بە راستکردنەوەی ناو:
لەسەر داوای خاوەن مافی رەفتار (حبیبە قاضی محی الدین) کە لە داواکاریەکەی داهاتووە لە بەروای ٢٠١٩/٧/٢١ داوا دەکات راست کردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (حبیب قاضی محی الدین) بۆ (حبیبە قاضی محی الدین) لە بریاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە ٥٩ کەرتی ١٧/گراو کە لە سالانی تەسویە بە هەلە تۆمارکراون، جا هەرکەس و لایەنێک بەرهەلستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لە ماوەی ١٥ رۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
سەرۆکی لیژنە/ کاوە جعفر محمود
***
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٧٣٠/ش١/ ٢٠١٩
ریکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
جاردان
بۆ داوالێکراو / سراب احمد طه
داواکار (عـزەت هـان) داوای ژمـارە/ ٣٧٣٠/ ش١/٢٠١٩ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تصدیق طـلاق دەکات لە تـۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/گەرەکی چوارچرا بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبونت یاخود نوێنەرێکی یاسایی لەجیاتیی خۆت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٩/١٨ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە/ ١٨٣٣/ش٢/ ٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٧/٢١
جاردان
بۆ داوالێکراو / عبدالدین جمیل عمو شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار مـژدە اسـماعیل کاکەمەنـد داوای ژمـارە ١٨٣٣/ش٢/٢٠١٩ی لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داوای تفریـق دەکات وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری هەولێر/کۆمەلـگای کانـی قرژالـە بۆیـە دادگا بریـاری دا بـە پێراگەیاندنـت بـەهـۆی دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبـونـت یـاخـود نوێنەرێکـی یـاسـایی لەجیاتـی خـۆت لـەم دادگایـە لـە رۆژی دادبینـی ٢٠١٩/٩/٢ بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەی ئاشـکرا و پاشـملە.
دادەر/ طارق حسین کریم
***
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
ریکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
ئاگاداری
بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (کۆمپانیـای دەم بەیـان) لـە بـەروای ٢٠١٩/٨/٧ کـە داوای تۆمارکردنـی ئامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی ونێسـتا دانـدراوە لـە رێـگای گـوێر و وسـفەکانی لـە خـوارەوە دیاریکـراوە، بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بـەم کەلوپەلـە وسـفکراوەکانە هەیـە پێویسـتە رێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەک پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی راگرتنـی تۆمارکـردن لـە مـاوەی پـازدە رۆژدا واتـا رۆژێـک دوای بڵاوکردنەوەکـە تۆمارکردنەکـە بـە دواکەوتـوو دادەنرێـت تـا کاتـی یەکلایـی کردنـەوەی داواکـە و نارازییـوون بـۆ مـاوەی حـەوت رۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار بـە پێچەوانـەوە کـەل و پەلەکانـی تۆمارەدەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بڕوانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.
دادنووسی یەکەمی هەولێر/ مریوان قرنی ابراهیم
***
١- ٣ ئامێـری خەزانـی نەوتـی خـام، ژمـارەی ئامێرەکان ١٠٠٠ طەنـی، دروسـتکراوی محلیـن، مۆدیلـی ٢٠١٥، جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا، توانـای کارەبایـی k.w٣x٢٠.
٢- ٦ ئامێـری خەزانـی بەرهەمەکانـی قیـر خۆمالیـن و مۆدیلـی ٢٠١٥، کارەبایـی، k.w٦x٢٠ و ٣٠٠ طەنـی.
٣- نێرگلـەی سـوتانی غـاز بـێ ژمـارە محلـی مۆدیلـی ٢٠١٥، کارەبایـی k.w٢٠ بورجـی سـوتاندن.
ا- سێ چلەری ساردکردنی ئاو محلین و مۆدیلی ٢٠١٥ کارەبایی k.w ٣x٥٠.
٥- ئاگرکوژێنەوەی گازی ٣٤٠٢١٨٠ ئیتالی ٢٠١٤ گاز K.V.A ٣٠.
ا- دوو کـورەی کولاندنی قیـر بـێ ژمـارە تورکیـن ٢٠١٥ کارەبایـی K.W ٢x٦٠ . ١٢٠طـن ٢x. ٤تبـادل ٢x.
٧- دوو کـورە بورجـی عامـودی تورکیـن ٢٠١٥ کارەبایـی k.w٢x١٠٠ . ٢تبـادل ٢x . ٣تبـادل شـەخرانی بەرهەمـە سـەرەتاییەکان.
٨- بۆیلەری هـەڵم و بوخار تورکی ٢٠١٥ کارەبایی k.w٦٠ گـەرم کردنی روون.
٩- خەزانـی خەزنـی قیـر تورکـی ٢٠١٥ کارەبایـی k.w٤٠ ٣٠٠ طـن.
١٠- ١٠ خەزانـی خەزنـی مەنتـوج محلیـن ٢٠١٥ کارەبـا ١٠x١٠x k.w ١٢٠ طەنـی.
١١- ١٢ خەزانـی خەزنـی مـوادی سـەرەتایی کـورەکان محلیـن ٢٠١٥ ٣٥ طەنـی x ١٢ ١٢xk. w١٠.
١- چلـەری سـاردکرنی ئـاو بـێ ژمـارە خۆمالـی ٢٠١٥ کارەبـا k.w٤٠.
١٣- خەزانـی خەزنـی قیـر بـێ ژمـارە محلـی ٢٠١٥ کارەبایـی k.w٢٠ ٣٠٠ طـن.
١٤- حـەوزی خەزنـی قیـر بـێ ژمـارە محلـی ٢٠١٥ کارەبـا k.w٥٠ ٢٥٠٠طـن.
١٥- مۆلیـدەی کارەبایـی کاتـم گاز ٤٩٤١٤٦٢٦٠٦١٤١٥ المانـی ٢٠٠٨ مـان K.V.A ٦٦٨.
١٦- دوو مۆلیـدەی کارەبایـی یەکـەم المانـی K.V.A٥٣٠ مودیلـی ٢٠٠٨ / دووەم سـویدی K.V.A٢٢٠ مودیـل ٢٠٠٨ گاز.
١٧- سیسـتەمی ئاگرکوژێنـەوە ٧٨٨٨٩٦ هۆلنـدي ٢٠١٠ کارەبـا و گاز K.V.A ٣٠ دوو خەزانـی ئـاو ١٢٠ طەنـی.
***
وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەک
ژمارە/ ٦٨٥
ریکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٢
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/١١
بۆ تاوانباری هەلاتوو: پ.پ/ نشوان عبدالرحمن قادر
ناوی دایکی: قدریە نادر
راگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبـەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبـەر ئـەم دادگایـە و تەواوبونـی مـاوەی دیاریکـراو بـۆ ئامادەبـوونت بەپێـی بەنـدی ٦٨ لـە یاسـای شـێوازی دادگایـی کردنـی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٧ی سـالی ٢٠٠٨وە لەبـەر ئـەوەی تاوانـی هەلاتنـی ئەنجـام داوە لـە ریکەوتـی ٢٠١٨/٤/٢٣ لـە بەرێوەبەرایەتـی پۆلیسـی پارێـزگای هەولێـر بۆیـە دادگایـی کردنـت بـە پاشـملە کـرا لـە ریکەوتـی ٢٠١٩/٧/١٧ بەپێـی بەنـدی ٦٩ لـە هەمـان یاسـا وە ئـاگادارت دەکەینـەوە بەپێـی بەنـدی ٧١ لـە هەمـان یاسـا بـەو بریـارەی لـە خـوارەوە هاتـووە:
سـزادانت بـە بـە بەندکردنێکـی سـووک بـۆ مـاوەی ٤ چـوار مانـگ بـە پاشـملە بەپێـی بەنـدی ٥ لـە یاسـای سـزادانی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ ژمـارە ١٤ی سـالی ٢٠٠٨.
دەسـت بەسـەراگرتنی سـامانە گواسـتراوە و نـە گواسـتراوەکەت بەپێـی بەنـدی ٦٩/ چـوارەم لـە یاسـای شـێوازی دادگایـی کردنـی هێزەکانـی ئایاسـی ناوخـۆ ژمـارە ١٧ی سـالی ٢٠٠٨.
مافـدان بـە فەرمانبەرانـی گشـتی بـە گرتنـت لـە هـەر شـوێنێک بیـت بەپێـی بەنـدی ٦٩/ دووەم لـە یاسـای شـێوازی دادگایـی کردنـی هێزەکانـی ئایاسـی ناوخـۆ ژمـارە ١٧ی سـالی ٢٠٠٨ وە بریـاری سـزادانەکەت بەبـێ ئامادەبـونـت بەتێکـرای دەنـگ دەرچـووە و راگەیەنـدرا بـە ئاشـکرا لـە ٢٠١٩/٧/١٧ وە قابیلـی پێداچوونەوەیە(تەمییـز) وە مافـی رەخنەگرتنـت الاعتراضـت هەیـە بەپێـی بەنـدی ٧١ لـە هەمـان یاسـادا لەسـەر بریـاری سـزادانی پاشـملە تاکـو ٩٠ نـەوەت رۆژ لـە رۆژی ئاگادارکردنـەوەت ئەویـش ریکەوتـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم بریارەیـە لـە رۆژنامەیەکـی رۆژانـەو هەلواسـینی ئـەم جاردانەیـە کـە هەلدەواسرێـت لـە دواییـن شـوێنی نیشـتەجێ بوونـت و شـوێنی بـارەگای فەرمانگەکـەی خـۆت وە لـە کاتـی ئامادەنەبوونـت لـەو ماوەیـەی کـە لـە سـەرەوە دیاریکـراوە بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەک
***

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەک دەکەینـەوە کۆمپانیـای (STORVIK TILAPIA) بـۆ (بازرگانـی گشـتی و بەخێوکردنـی ماسـی/ سـنووردار) بریـاری گۆرینـی نـاوی کۆمپانیـای داوە لـە کۆمپانیـای (STORVIK TILAPIA) بـۆ کۆمپانیـای (ئاڤیـن) بۆیـە هەرکەسـێک نارەزایـی یـان مافێکـی یاسـایی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی سـەردانی بەرێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بـکات لـە شـاری (هەولێر-جـووت سـایدی بەختیاری-تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلاییکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Lead Asset Integrated Planner
LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: Provide leadership in generating Integrated Asset Planning (IAP)-related recommendations that align with the company strategic & daily operational goals to enhance overall Business Unit value. Serve as the lead mentor relevant to asset planning across the TAQA Iraq assets.

KEY RESPONSIBILITIES
- Produce and maintain the weekly, monthly, quarterly, annual and 3yr Asset plans.
- Provide data and support to the Operations Team for the weekly planning meetings
- Monitor and report on adherence to Project Gate Criteria and activity readiness.
- Ensure the Plans and POB Tracking data are aligned with POB & journey constraints.
- Participate in decision forums to decide on priorities and ensure these are reflected in plans and communications.
- Develop, maintain and own Level 4 (Track Coordinate Plan - TCP) plans and integrate into overall Asset plans through IAPS processes.
- Integrate 3rd party plans into asset plans where required.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Detailed knowledge of Primavera P6 or higher.
- Integration of business and technical risks directly in the plan to assist the user group in the understanding of the true probability distribution of task execution.
- Fluency in English, both written and spoken.
- Minimum of ten years integrated asset-planning experience in an oil/gas or petrochemical process facilities.
- Minimum of 5 years experience in a Senior Technical role involving: engagement & translation
- Ability for creative thinking in developing technical solutions to achieve TAQA Iraq Business goals

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Engineering & Maintenance Manager
LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: To provide both Engineering and Maintenance leadership and support including the development of Policies, Philosophies, Strategies and Procedures in compliance with International Standards adding Business Unit Safety and Value whilst achieving the Company Strategic and daily Operational goals.

KEY RESPONSIBILITIES
- Provide visible Safety Leadership in office & site through active participation in HSSE Program
- Manage the delivery of facility project activities so as to ensure that applicable FEED and EPC
- Engineering across all project disciplines achieves the design intent.
- Provide Engineering Surveillance, Management of Change, Progress Tracking, Specification Deviations and Project Reviews in accordance with the Business requirements
- Manage interfaces among Engineering, Construction, Systems Completion, Operations, other
- Project EPC contracts, and third parties to obtain timely input and decisions
- Monitor design, manufacturing and testing of long lead equipment items

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Engineering Degree or Equivalent
- Solid understanding and knowledge of Operations, Engineering, Maintenance, Construction and Projects activities
- Minimum of 20 years Operations Engineering & Maintenance experience in the
- Minimum of 15 years experience in a Senior Technical role within the hydrocarbons industry
- Must be able to demonstrate excellent communications and presentation skills in both written and verbal English, both spoken and written
- Effective at managing people and processes including contractors

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
ژمارە/ ٦٨٤
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٢
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/٩٣
بۆ تاوانباری هەلاتوو: پ.پ٤/ پشتیوان عبدالرحمن عبدالله
ناوی دایکی: جمیلە خالد
راگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە و تەواوبونی ماوەی دیاریکراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنی ئەنجام داوە لە رێکەوتی ٢٠١٨/٥/١٣ لە بەرێوبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بۆیە دادگایی کردنت بە پاشملە کرا لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٧ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بریارەی لە خوارەوە هاتووە:
سزادانت بە بە بەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بە پاشملە بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨.
دەست بەسەراگرتنی سامانە گواستراوە و نە گواستراوەکەت بەپێی بەندی ٦٩/ چوارەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئایاسی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨.
ماڤدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێك بیت بەپێی بەندی ٦٩/ دووەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئایاسی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨.
جەخت کردنەوە لەسەر هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بە بەندی ٦٩/سێیەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئایاسی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبونت بەتێکڕای دەنگ دەرچووە و راگەیەندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/١٧ وە قابیلی پێداچوونەوەیە(تەمییز) وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراضت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسادا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ٩٠ نەوەت ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەو هەلواسینی ئەم جاردانەیە کە دوایین شوێنی نیشتەجێ بوونت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کە لە سەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
***

وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
ژمارە/ ٧٤٦
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/١٠٢
جاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو/عریف/امیر مسعود محمد مجید
شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو/ پارێزگای موصل/ گەرەکی النصر
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا/ نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بەروارى بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتانە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەپێی هەردوو بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨. لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجامداوە لە بەروارى ٢٠١٥/١٢/١٥ و بردنی کلاشینکۆف جۆری مزلی ڕەقەم ١٠ بە ژمارە ٧٥٨٤ لەگەڵ ٤ مەخزەن و ١٢٠ سەد و بیست فیشەك کە لە ئەستۆتدایە. بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیردرێت و بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لە دژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:
ب- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلاتدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێك بێت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەراگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
***

وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
ژمارە/ ٧٤٧
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/١١٣
جاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو/عریف/مصطفی همزه عولا
شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو/ نادیار
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا/ نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بەروارى بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتانە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەپێی هەردوو بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨. لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجامداوە لە بەروارى ٢٠١٥/١٢/١٥ و بردنی کلاشینکۆف جۆری مزلی ڕەقەم ١٠ بە ژمارە ٧٥٨٤ لەگەڵ ٤ مەخزەن و ١٢٠ سەد و بیست فیشەك کە لە ئەستۆتدایە. بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیردرێت و بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لە دژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:
پ- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلاتدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێك بێت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەراگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
***

وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
ژمارە/ ٧٤٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/١١١
جاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو/ر.پ.٨.هـ/هەنگاو پشتیوان عبدالله
شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو/ پارێزگای هەولێر/ ناحیەی دارەتوو/گەرەکی کوردستان
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا/ نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بەروارى بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتانە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەپێی هەردوو بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨. لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجامداوە لە بەروارى ٢٠١٥/١٢/١٥ و بردنی کلاشینکۆف جۆری مزلی ڕەقەم ١٠ بە ژمارە ٧٥٨٤ لەگەڵ ٤ مەخزەن و ١٢٠ سەد و بیست فیشەك کە لە ئەستۆتدایە. بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیردرێت و بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لە دژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:
پ- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلاتدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێك بێت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەراگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
***

وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
ژمارە/ ٧٤٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/١٠٨
جاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو/ر.پ.٨/ غیاث ابابکر حاجی
شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو/ پارێزگای دهۆك/ قەزای زاخۆ/ گەرەکی ئەشکەفت مارا
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا/ نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بەروارى بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتانە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەپێی هەردوو بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨. لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجامداوە لە بەروارى ٢٠١٨/١٠/٤ و بردنی دەمانچە جۆری کرواتی دەسك رەش گەورە بە ژمارە T٦٣٤٨٦ لەگەڵ ٢ دوو یەدەگ و ١٦ فیشەك و لەگەڵ قووتی دەمانچە و کەلوپەلی خاوێنکردنەوە کە لە ئەستۆتدایە. بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیردرێت و بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لە دژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:
پ- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلاتدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێك بێت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەراگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
***

وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
ژمارە/ ٧٤٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/١٠٥
جاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو/عریف/سردار عبدالعزیز عبدالکریم
شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو/ پارێزگای موصل/قەزای بەعشیقە
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا/ نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بەروارى بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتانە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەپێی هەردوو بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨. لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجامداوە لە بەروارى ٢٠١٥/١٢/١٥ و بردنی کلاشینکۆف جۆری مزلی ڕەقەم ١٠ بە ژمارە ١٩٨٧ لەگەڵ ٤ مەخزەن و ١٢٠ سەد و بیست فیشەك کە لە ئەستۆتدایە. بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیردرێت و بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لە دژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:
پ- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلاتدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێك بێت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەراگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
***

وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
ژمارە/ ٧٤٤
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/١٠٣
جاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو/عریف/محمد نذیر مصطفی
شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو/ پارێزگای دهۆك/ قەزای بەردەرەش
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا/ نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بەروارى بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتانە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەپێی هەردوو بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨. لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجامداوە لە بەروارى ٢٠١٥/٤/١٤ و بردنی کلاشینکۆف جۆری مزلی ڕەقەم ١٠ بە ژمارە ٧٨٦٦ لەگەڵ ٤ مەخزەن و ١٢٠ سەد و بیست فیشەك کە لە ئەستۆتدایە. بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیردرێت و بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لە دژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:
پ- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلاتدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێك بێت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەراگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
***

وەزارەتی ناوخۆ
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
ژمارە/ ٧٤٥
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٨
ژمارەی کێشە/ ٢٠١٩/١٠٤
جاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو/عریف/عبدالرحمن سعید طاهر
شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو/ پارێزگای دهۆك/ناحیەی دینارتە
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا/ نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بەروارى بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتانە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەپێی هەردوو بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨. لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجامداوە لە بەروارى ٢٠١٥/١٢/١٥ و بردنی کلاشینکۆف جۆری مزلی ڕەقەم ١٠ بە ژمارە ٧٥٨٤ لەگەڵ ٤ مەخزەن و ١٢٠ سەد و بیست فیشەك کە لە ئەستۆتدایە. بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیردرێت و بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالی ٢٠٠٨ لە دژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:
پ- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلاتدان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێك بێت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەراگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عمیدی مافپەروەر/ عبدالواحد حسن ابراهیم
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ-یەك
***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە/ ٢٢٩٣/ش٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٥
جاردان
بۆ داوالێکراو / نوال نوزاد محمد
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٢٢٩٣/ش٢٠١٩/٣ دادگا بریاری دا لەسەر اثبات الحضانە ریدین و روشنا لەم دادگایە لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٢ لەنێوان داواکار صبیحە محمد امین عبدالله و داوالێکراو نوال نوزاد محمد لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی شارەوانی بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی و ڕۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا

INVITATION TO TENDER
United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)
UNAMI Headquarters – Baghdad, Iraq

١. نێردەی تەمەوە یەکگرتوەکان بۆ عیراق (یونامی) بانگهێشتی هەموو کۆمپانیا ناوخۆیی وبیانییەکان و کەسەکان دەکات بۆ بە بەشداربوون لە تەندەری فرۆشتنی ئامێری زیادە (٤x٤) تۆیۆتای ، مودیل ٢٠٠٨، شیاوی کارکردنە).

هەموو کەلوپەلەکان بە شێوەی "چۆنن ئاوا" دەفرۆشرێن. کڕیاران بەرپرسن لە هەموو پاککردنەوەکان و نێچوونی پەیوەست بە فرۆشتن و لابردنی کەلوپەلەکان لە بارەگای یونامی لە هەولێر کە ئەویش پێویستە بە گوێرەی ڕێکار و یاساکانی دەوڵەتی عیراق ئەنجام بدرێت و لە ماوەی ٥ ڕۆژیشدا ئەواو بێت لە ڕۆژی وەرگرتنیان لە یونامی کە ئەواوی نێچوونەکەش دەکەوێتە سەر بەشداربووی سەرکەوتوو.

٢- پێویستییەکان:

ا- ئامێرەکان بە یەك وەجبە دەفرۆشرێن و یونامیش مافی ئەوەی هەیە کە بە یەکەوە بیانداتە خاوەنی بەرزترین تەندەر.

ب- بەشداربووانی تەندەر پێویستە سەردانی بارەگای یونامی بکەن لە هەولێر بۆ بینینی ئامێرەکان پێش کڕین.

ج- خاوەن تەندەری دەرچوو پێویستە سپاردەیەك بە بڕی ١٠٪ ی تەندەرەکە بە شێوەی چەکی بانکی باوەڕپێکراو یان گەرەنتی بانکی یانیش هەر شێوازێکی تر کە لەلایەن یونامییەوە پەسند بێت دابنێت.

٢- کڕیاری ئارەزوومەند دەتوانن ئارەزووی کڕینەکەیان بۆ یونامی بنێرن (PMS (Erbil/SALE/219/02 لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی unami-eoi@un.org.

دوا مۆڵەت بۆ پێشکەش کردنی داواکارییەکان (٢٠١٩/٩/١)

تێبینی: ئەم "دەربڕینی بەرژەوەندی"یە هەرگیز پێدانی تەندەرەکە ممۆگەر ناکات. تەنەوە یەکگرتوەکان مافی گۆڕین و لابردنی پێویستییەکانی هەیە هەر کاتێك بیەوێت لەکاتی "دەربڕینی بەرژەوەندی" یان لەکاتی پرۆسەی ممۆگەرکردنی پێدانی تەندەرەکەوە، پێشکەشکردنی وەڵام بۆ "دەربڕینی بەرژەوەندی" ئەوە ممۆگەر ناکات کە کۆمپانیاکەی تۆ بۆ وەرگرتنی ممۆگەرکردنی پێدانی تەندەرلەبەرچاو دەگیرێت بۆ ممۆگەر کردنی وەرگرتنی تەندەر لەکاتی دەرچوونی . تەنها ئەو کڕیارە لێزاینراوانەی کە وەڵام دەدەنەوە بە شیاو هەژمار دەکرێن دوای تەواوکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی داواکارییەکانیان دوا دیکۆمێنتی وەرگرتنی تەندەر وەردەگرن.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Process Safety Engineer-Technical Authority
LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: Provide leadership in generating Process Safety-related recommendations that align with the company risk acceptance criteria and enhance Business value. Serve as Technical Authority relevant to Process Safety and technical risk across the TAQA Iraq assets.

KEY RESPONSIBILITIES
- Review and provide feedback on detailed technical assessment reports for the optimization of new and existing systems, including recommendations for remedial & long-term action plans.
- Facilitate process safety risk reviews and assure actions (if any) are implemented
- Respond quickly to challenging and varying process situations in response to the needs of the Operations, Drilling and Reservoir Engineering Groups
- Encourage, and provide direction for, a multi-faceted continuous professional development programmer for process safety engineering trainees
- Assure the timely delivery of the Engineering and Maintenance group remit
- Investigate the safety risks associated with the application of new process technology / systems as driven by the TAQA Iraq Business objectives

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Chemical Engineering Degree from an Internationally accredited University programme.
- Minimum of ten years Process Engineering / Process Safety experience in an oil/gas or
- petrochemical process facilities.
- Minimum of five years experience in a Senior Technical role involving: technology assessment and selection; risk assessment facilitation and communication; technical standards development and implementation; and strategic thinking responsibilities.
- Fluency in English, both written and spoken.

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.



ئەفغانستان و رێککەوتننامەی ئاشتیی

ئا: عەبدولقادر کەڵهۆر

دوای نزیکەی 20 ساڵ لە شەڕ و کوشتار و کردەی تیرۆریستی و نا ئارامی ، کۆشکی سپی ئەمەریکا ئاشکرای کرد ، لە ئامادەکاریەکانیان بۆ گەیشتن بە رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان پێشڤەچوونیان بەدەستهێناوە.

گوتەبێژەکەی کۆشکی سپی رایگەیاند دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ گەورە راوێژکارەکانی دانوستانی ئەرێنی لە هەمبەر رێککەوتننامەی ئاشتی لە ئەفغانستان ئەنجامداوە .هەر لەو بارەوە کۆشکی سپی ئەمەریکا رایگەیاند، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ لە ویلایەتی نیو جێرسی لە یانەی گۆڵف کە خۆی خاوەنەکەیەتی و پشووی هاوینەی تێدا بەسەر دەبات لەگەڵ وەزیری دەرەوە مارک ئەسپەرز و وەزیری دەرەوە مایک پۆمپیۆ و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپا ژەنەراڵ جۆزێف دانفۆرد کۆبوونەتەوە و هەریەک لە زەڵمای خەلیلزاد نێردەی تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆدانوستان لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان و راوێژکاری ئەمنی قەومی ئەمەریکا جۆن بۆڵتۆن لەکۆبوونەوەکە ئامادەبوون.هەر لەو چوارچێوە یاریدەدەری گوتەبێژی کۆشکی سپی ئەمەریکا هۆگان هیگلی گوتی، لەکۆبوونەوەکە دا جەخت لەسەر دانوستانی بەردەوام و رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ تاڵیبان و ئاشتبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئەفغانستان کراوەتەوەو هەر بەو ئاراستەش کۆبوونەوەو دانوستانەکان بەردەوامی دەبێت.دوابەدوای کۆبوونەوەکە ترەمپ لە تویتێکدا نووسیبووی ،هەر ئێستا لە کۆبوونەوە لە بارەی ئەفغانستان تەواو بووین و کۆبوونەوەکە ئەرێنی بووەو لەوجەنگەدا 19 ساڵە لە ئەفغانستان لە ئارادایە، بەرانبەرەکەمان و ئێمەش چاومان لەوەیە ئەگەر بکرێت بگەینە رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیبان و حکوومەتی ئەفغانستان و ئاشتەوایی گشتیی لە ئەفغانستان.گوتیشی کۆبوونەوەکە زۆر باش بووەو بەردەوامیشی دەبێت.بۆچوون و مەزەندەکان روو لەوەن رێککەوتننامەیەک بێتە ئاراوە بەهۆیەوە ئەمەریکا ئەو 14 ساڵەربارەی لە ئەفغانستانی نیشتەجێ کردووە بکێشێتەوە دوای ئەو جەنگەی کە نزیکەی دوو دەیەی خایاند .لەلایەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رشتە لەسەر ئەوەی کۆتایی بە دەستوەردانی سەربازی خۆی بهێنێت لە ئەفغانستانەوە کە لە ساڵی 2001وە لەوێدا بوونی هەیەو نزیکەی یەک تریلیۆن دۆلار زیانی پێگەیشتووە، هەروەها ترامپ لەوەتەی دەستبەکاربوونیەوە بەڵێنیداوە کە کۆتایی بە بوونی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو دەوڵەتە بهێنێت . لە بەرانبەردا پێویستە بزووتنەوەی تاڵیبان هەندێک گرەنتی ئەمنی بدات ، لەوانەش رێگەنەدات خاکی ئەفغانستان ببێتە لانەی رێکخراوو گروپە توندڕۆوجیهادییە ئیسلامیی و تیرۆریستییەکانی وەکو رێکخراوی قاعیدە .وەک ئەوەی پێشووتر کردی و بۆماوەیەکی زۆر داڵدەی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەیدا.جێی زانینە رێکەوتنی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تاڵیبان کۆتایی بە جەنگ لەو دەوڵەتە ناهێنێت، بەڵکو پێویستە بۆکۆتایی جەنگ لە ئەفغانستان رێککەوتننامەی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی لە نێوان بزوتنەوەی تاڵیبان و حکوومەتی ئەفغانستان بێتە ئاراوە .لەو بارەوە مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکدا گوتی، ئێمە هاوکاری و هەماهەنگییەکی تۆندوتۆڵمان لەگەڵ حکوومەتی ئەفغانستان هەیەو سووریشین لەسەر ئەوەی رێکەوتنی ئاشتی سەرتاسەری لە ئەفغانستان بێتە ئاراوە . ئەوەش دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی توندو تیژی و ئاگربەست و دەبێتە گرەنتی ئەوەی جارێکی بەکارهێنانی خاکی ئەفغانستان نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی .جێی سەرنجە ، سەرباری ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان رایانگەیاندووە کە خەریکی دانوستانن بۆ گەیشتن بە رێککەوتننامەی ئاشتی، کەچی لەسەر زەویدا حاڵی هاوواڵتیانی ئەفاغانستان هیچ باشبوونێکی بەخۆوە نەبینیوە.لە راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە، ساڵی رابردوو خۆیناویترین شاڵ بووە لە ئەفغانستاندا بە شێوەیەک 3804 هاووڵاتیی سڤیل کوژراون کە 927یان منداڵ بوون.هەورەها لەماوەی حەوت مانگی یەکەمی ساڵی 2019 نزیکەی 217 هەزار کەس ناچاربوونماڵ و حاڵی خۆیان بەهۆی جەنگەوە بەجێ بهێڵن و هەر هەموشیان پێویستییان بە یارمەتی مرۆیی هەیە.


جێی باسە لە ساڵی 2201 وە دوای هێرشەکانی 11 سێپتەمبەرەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی هێرشیان کردە سەر حکوومەتەکەی بزووتنەوەی تاڵیبان کە ئەوکات لە حوکمی ئەفغانستانی دەکرد و حکوومەتەکەیان روخاندو حکوومەتێکی هەڵبژێراویان لەشوێنی دامەزراند.. لەوکاتەوە تاکو ئێستا کە زیاتر لە 19 ساڵە سەرباری ئەوەی ئەمەریکا دەیان هەزار سەربازی لەوێ نیشتەجێ کردووە بۆ سەپاندنی ئاشتی و پاراستنی حکوومەتی ئەفغانستان ، بەڵام شەڕو کوشتان هێشتا بەردەوامی هەیەو بزووتنەوەی تاڵیبان و رێکخراوە توندڕۆو جیهادییە ئیسلامییەکان دان بەو حکوومەتەی ئەفغانستاندا نانێن و هێرشی سەربازی بۆ سەر پێگەکانی حکوومەت و هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانان ئەنجامدەدەن و سەدان هەزار کەس بوونەتە قوربانی ئەو تۆندو تیژی و هێرشە سەربازی و کردەوە تیرۆریستیانە، سەرباری زیانەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی، نەیانهێشتووە بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەو دەوڵەتە سەقامگیری و ئارامی بەخۆیەوە ببینێت.



وێنەو کۆمێنت

پەیکەرێکی ستالین هەرا دەنێتەوە!

لە شارۆچکەی کیوسای بناری زنجیرەچیاکانی ئۆرال لە رووسیا (ژمارەی دانیشتوانی 18هەزار کەسە) ، بەهۆی دابەزینی ئاستەکانی ئاو پەیکەرێکی گەورەی جۆزیف ستالینی سەرۆکی پێشووتری سۆڤیەت دۆزرایەوە. قەبارەی پەیکەرەکە گەورەیە و لە چیمەنتۆ دروست کراوە و بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەنێو ئاودا ماوەتەوە، زیانێکی زۆری بەرکەوتووە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، ئەمە بووە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێو خەڵکی شارۆچکەکە ، بەشێک دەڵێن پێویستە پەیکەرەکە لە شوێنی خۆی دابنرێتەوە، بەشەکەی تریش پێیان وایە باشترە پەیکەرەکە رەوانەی مۆزەخانەیەک بکرێ. سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکەش دەڵێ دەسەڵاتداران رای بەشی دووەمی خەڵکی پەسند کردووە.



سالی 1934:
بۆ یەکەم جار لە میژووی ئەم وڵاتە ، ئادۆلف هیتلەری راوێژکاری ئەڵمانیا وەک سەرۆکی وڵات هەڵبژێردرا.



سالی 1940:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا هێزەکانی ئیتاڵیا دەستیان بەسەر سۆمالی بەریتانیدا گرت .



سالی 1973:
لە ئۆقیانووسی هێمن ، فەرەنسا سێیەم بۆمبی ئەتۆمی تاقی کردەوە .




سالی 1991:
لە یەکێتی سۆڤیەت کۆتایی بە کودەتایەکی سەربازی هێنرا لە دژی میخائیل گۆرباچۆڤی سەرۆکی ئەو کاتەی سۆڤیەت .



سالی 2010:
دواییین یەکەی شەڕکەری سەربازی ئەمەریکی لە عێراق کشایەوە .

قوبرس لە نێوان تورکیا و یۆنان دا



رەمزی میرەکانی

لە کاتێکدا تورکیا کارەکانی هەڵکۆڵینی لە بەرامبەر کەنارەکانی قوبرس چڕتر دەکردەوە، لە رۆژی 9ی ئابی رابردوودا، دانوستانی نێوان سەرۆکی قوبرس و سەرکردەی قوبرسییەکانی تورک دەستی پێ کرد. یەک رۆژ پێش دەست پێکردنی دانوستانەکانیش، تورکیا سێیەم کەشتیی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی دەریاری ناوەڕاست کرد، هەرچەندە لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاش هۆشداریی درایە ئەو کارە نەکات. ئێستا دوو کەشتیی دیکەی تورکیا لە ناوچەکەدان، کە بەرامبەر دوورگەکە، بەدوای غازی سروشتی و نەوتدا دەگەڕێن.

یەکێتیی ئەوروپاش دەڵێت، ئەوەی تورکیا دەیکات، هەرگیز مایەی قبوڵکردن نییە. ئەمەو قوبرس ئەندامی یەکێتیی ئەوروپایە، بەڵام بەشی باکووری، کە لێی جیا بووەتەوە، لایەنگری تورکیایە. کەواتە چیرۆکی قوبرس، لەگەڵ یۆنان، تورکیا و دراوسێیەکانی بە گشتی لە ناوچەکەدا چییە؟ کۆڕی زانیاری بەریتانیا دەڵێت، چیرۆکی قوبرس لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی، بۆ هەزارەها ساڵ دەگەڕێتەوە و تورکیا و یۆنانی تێپەڕاندووە، لە سەردەمی برۆنزیدا، کە دەکاتە 2500و 3000 ساڵ پێش زایین، قوبرس پەیوەندی بازرگانیی لەگەڵ میسر، سووریا، ئەنادۆڵ، یۆنان و کریتدا هەبوو. ئەمەو تەحتەمس، سێیەم فیرعەونی میسرپیش، لە ساڵی 1500 پێش زایین، بە بەشێک لە شارستێنەکانی خۆی ڕاگەیاند. چەند بەڵگەیەکیش باس لە ڕوودانی کۆچکردن لە یۆنانەوە بۆ ئەو دوورگەیە دەکەن، لە دەوروبەری 1200 ساڵ پێش زایین، یۆنانییەکان، چەندین شانشینیان لە دوورگەکە دروستکرد، کە بە زمانی یۆنانی قسەیان دەکرد.

ئاشوورییەکان و میسر چەندبەڵگەنامەیەکی میژوویی ئاماژە بەوە دەکەن، لە دەوروبەری ساڵی 609 پێش زایین، شانشینەکانی قوبرس، باجیان دەدایە پاشای ئاشووریەکان، سارگۆنی دووەم، ئەو پاشکۆیەتیەش بۆ ئاشوورییەکان، تاکو ساڵی 663پێش زایین، بەردەوام بوو، لەگەڵ کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەکان لە ساڵی 700پێش زایین، میسر لە سایەی خانەوادەی سیتی هی، بووە بالادەست لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، لە ساڵی 569 پێش زایین، شانشینەکانی قوبرس، دانیان بە سەروەری ئەحمسی دووەم بەسەریاندا نا. لەساڵی 525، چەندبەڵگەنامەیەکی میژوویی ئاماژە بەوە دەکەن، لە دەوروبەری ساڵی 609 پێش زایین، شانشینەکانی قوبرس، باجیان دەدایە پاشای ئاشوورییەکان، سارگۆنی دووەم، ئەو پاشکۆیەتیەش بۆ ئاشوورییەکان، تاکو ساڵی 663پێش زایین، بەردەوام بوو، لەگەڵ کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەکان لە ساڵی 700پێش زایین، میسر لە سایەی خانەوادەی سیتی هی، بووە بالادەست لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، لە ساڵی 569 پێش زایین، شانشینەکانی قوبرس، دانیان بە سەروەری ئەحمسی دووەم بەسەریاندا نا. لەساڵی 525، چەوساندەوە و، دووەگەکەیان کرد هەرێمێکی ڕاستەوخۆی سەر بە میسر. لە ساڵی 58 پێش زایین، کۆماری ڕۆمانی، قوبرسی کرد هی خۆی، یۆلیۆس قەیسەریش، دووەگەکەی بۆ ماوەیەکی کورت، دایە کیلۆپاترای حەوتەمی، شاژنی میسر، بەڵام سەرکەوتنی ئۆکتافیان، دووەگەکەی خستەوە سەر ڕۆما. دوای ئەوە قوبرس، بۆ ماوەی 600 ساڵ، لە ئاشتیدا بوو، دوای دەرکەوتنی ئایینی مەسیحییەتیش، زۆربەی دانیشتوانی دووەگەکە، چوونە سەر ئەو ئایینەوە. دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، لە ساڵی 395دا، بەسەر هاوبەشدا مایەوە، هەرچەندە هەردوولا، پێشێلی پەیماننامەکەشیان کرد، کەچی ئەو ڕێوشوێنانە تاکو ساڵی 965 وەکو خۆی مایەوە، تا ئەو کاتەی بێزەنتییەکان خستیانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لە ساڵی 1185دا، دەسەڵاتداری بێزەنتی دووەگەکە، یاخیبوونی ڕاگەیاند و کردیە دووەگەکەیەکی سەربەخۆ، بەڵام لە ساڵی 1191دا، گەلەکەشتیی خاچ بەرزکەرەوەکان، بە سەرکردایەتی پاشای ئینگلتەرا، ریچاردی یەکەم، توانی کۆنترۆڵی بکات، لەوکاتەوە چەندین پاشا و شۆڕەسواری خاچ بەرزکەرەوە، دەسەڵاتیان دەستی پێ کرد، کە ماوەی سێ سەدە بەردەوام بوو، لەو ماوەیەشدا هەزارەها موسڵمان لە دووەگەکە جیا بوونەوە. لە ساڵی 1878دا، بە پێی پەیمانێکی نێوان بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی، هەژمونی کردەیی بەسەر دووەگەکە، بۆ بەریتانییەکان گواستراپەوە، کە هەوڵیان دەدا، بنکەیەک لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست مسۆگەر بکەن. لە ساڵی 1914دا، بەریتانیا دووەگەکەی کردە هی خۆی و، تورکیاش دانی پێ دانا، بە گوێرەی پەیمانی لۆزان لە ساڵی 1923دا، دوای ئەوەش بە دوو ساڵ، قوبرس بە فەرمی بووە پاشکۆی تاجی بەریتانیا. لە سەرەتادا دانیشتووانی دووەگەکە، قوبرسییەکانی یۆنانی، پێشوازییان لە داگیرکاری بەریتانیا کرد و، پێیان وابوو، سەروەری دەکەوێتە دەستی یۆنانییەکان، ئەوەش قوبرسییە تورکەکان لەدۆی بوون. لە کۆتاییەکانی پەنجاکانیشدا، لە زیوریخدا، ڕێکەوتنێک سەبارەت بە سەربەخۆبونی قوبرس، هاتە ئاراوە، بەمەرجی مانەوەی بنکەکانی ئەکرۆتیری و دیکیلیا ،لە دەستی بەریتانیا. دواتر قەشە ماکاریۆس، بە سەرۆکی دووەگەکە هەڵبژێردرا، قوبرسی تورکیش، کۆجوک، بووە جێگری، بەمەرجی ئەوەی هەردووکیان مافی ڤیتۆیان هەبێت، لەو شتانەی پەیوەستن بە کاروباری ئاسایش، بەرگری و سیاسەتی دەرەوەدا.

سەربەخۆیی قوبرس و داببەش بوون

- لە 16ئابی 1960دا، قوبرس بووە کۆمارێک و چووە ریزی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام هەر زوو ملمڵانێ لە نێوان قوبرسییەکانی یۆنانی و تورکی سەری هەڵدا، بەتایبەتی لەوەی پەیوەستە بە ئۆتۆنۆمی، بۆیە ماکاریۆس، لە ساڵی 1963دا،پێشنیاری هەمواکردنەوەی دەستووری خستە بەردەم کۆجۆک، بەڵام لایەنی قوبرسی تورکی، هەمووی ڕەت کردەوە.

- لە ئاداری 1964دا، نەتەوە یەکگرتووەکان، هێزەکانی ئاشتی پارێزی ڕەوانەی قوبرس کرد، دوای هەڵکشانی ملمڵانێیەکان و دەستوەردانی هێزی ئاسمانی تورکیا، بۆیە هەردوو لایەنی یۆنانی و تورکی، هێزی سەربازییان ڕەوانەی دوورگەکە کرد.

- لە ساڵانی 1968و 1973دا، ماکاریۆس، دووبارە هەڵبژێردرایەوە، لە تەموزی 1974یشدا، کۆمەڵێک ئەفسەری یۆنانی، هەوڵی لەناوبردنی ماکاریۆسیان دا، بۆ ئەوەی ناچاری بکەن، بچێتە پاڵ یۆنان، کۆشکی کۆماریان وێران کرد، بەڵام ماکاریۆس هەڵات، دواتر بە پێنج ڕۆژ، تورکیا هێرشی کردە سەر دووەگەکە و نیکۆس سامپسۆنی لەسەر تەخت لادا، کە خۆی لە شوێنی ماکاریۆس کردبووە سەرۆک، هەرچەندە بەرخودان کرا، بەڵام هێزەکانی تورکیا، دەستیان بەسەر کرینیا داگرت و خستیانە پاڵ، بەری تورکیا لە نیقۆسیا.

- لە 23ی تەموزی هەمان ساڵیشدا، دەسەڵاتی سەربازەکان لە یۆنان کەوت و، حکومەتێکی دیموکراسی بەرپا بوو.


- لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا، هێزەکانی تورکیا لەسەر پێشڕەویکردن بەردەوام بوون و تاکو سێیەکی دووەگەکەیان خستە ژێر دەستی خۆیان، لەوکاتەی لە جنێف، نوێنەرانی بەریتانیا، یۆنان و تورکیا، بۆ گفتوگۆ کردن کۆ بوونەوە.

- لە مانگی کانونی یەکەمیشدا، ماکاریۆس، گەڕایەوە قوبرس و پۆستەکەی خۆی وەرگرتەوە، پاشان بە چەند مانگێک، سەرکردەکانی قوبرسی تورکی، بەرپابوونی کۆماری قوبرسی تورکیان، لەژێر دەسەڵاتی سەرۆک، ڕەئووف دەنکتاش، ڕاگەیاند.

- لە ساڵی 1983دا، دەنکتاش، بەرپابوونی کۆماری باکووری قوبرسی تورکی ڕاگەیاند، تورکیاش دانی بە سەربەخۆییەکەی نا، کەچی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، سەرکۆنەی ئەو هەنگاوەی کرد و دووپاتی کردەوە، پێویستە هەموو هێزەکانی بیانی لە قوبرس بکشێنەوە.

- لە ساڵی 1985دا، دەستووری " کۆماری باکووری قوبرسی تورکی"دەرچوو، دوای ئەوەی لە ڕێگەی گشت پرسییەوە ڕەزامەندی لەسەر درا. لەو کاتەشەوە، گفتوگۆی نێوان قوبرسییەکانی تورک و یۆنانی و، کێشەی دووەگەکە لەنێوان هێنان و بردن دایە.

سەرچاوە: ئیلاف



مانشێت



سکای نیوز:

زیاتر لە 100 پەرلەمانتاری بەریتانی داوایان کرد پەرلەمانی وڵاتەکەیان سەبارەت بە گفتوگۆکردن دەربارەی بڕیگزت کۆببێتەوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

چین داوای لە هۆنگ کۆنگ کرد ئەوانە سزا بدات خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و یاسا پێشێل دەکەن .



ئیلاف:

لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیریی لە کابولی پایتەختی ئەفغانستان تەقینەوەیەک ڕوویدا و لە ئەنجامدا 63 کەس کوژران و 182 کەسی دیکە بریندار بوون .



ئەی ئێف پی:

دوای ڕێککەوتنی ئەنجومەنی سەربازی و بەرەی ئۆپۆزسیۆن سەبارەت بە قۆناغی داهاتووی وڵات، سودانیەکان بە مەبەستی دەربڕینی خۆشحاڵی، هەڵڕژانە سەر شەقام .

راستیی ئەو تەنە نامۆیەی لە ئاسمانی (سلێمانی) بینرا چییە؟



بەم دواییە گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبۆتەوەو تیایدا دەردەکەوێ چەند کەسێک لە شاری(سلێمانی) و لە رێگەی مۆبایلەکانیانەوە وێنەی (تەنێکی ئاسمانی نەناسراو Un-identified Flying Object) واتە (UFO) دەگرن و هەموویان پێکەوە ئاماژەی پێدەدەن و هێمای بۆ دەکەن!

بێ گومان سەرجەم ئەو گرتەیە لە رووی زانستی و واقیعدا هیچ بنەمایەکی نییەو نابێ بەهیچ شێوەیەک پشتی پێوە ببەسترێ چونکە زۆر روون ئاشکرا دیارە کەوا ئەوەی دیارە لە رێگەی ئاپی مۆبایلەوە زۆربە سانایی دروست دەکرێ، بێگومان ساناترین بەڵگەش لەوەیە کەوا دێمەنی ئەو تەنە تەنها لەیەک گۆشەدا دیارەکەوتووەو هیچ گرتەیەکی دیکە نیە کە لە ژێرەوە یان لەلایەکی دیکەوە وەرگیرابێت، واتە لە گۆشەیەکی دیکە وەرگیرابێت، چونکە تەنێک کە بەو قەبارە گەورەیە ئەگەر لە ئاسماندا دەرکەوتبێت دەبوایە لە جۆرەها گۆشەو خاڵ لەنێو شاری (سلێمان)ی دا وەرگیرابێت، هەروەها بێگومان چەندەها دەزگای راگەیاندنی نێوەخۆیی و هەرێمی و جیهانیش لەو شارە ئازیزەدا هەیە، دەچێتە عەقڵ هیچ کامێک لەوانە یەک گرتەیان بۆ وەرنەگرتبێت و بڵاویان نەکردبێتەوە!

کەواتە ئەوەی بینراوە هیچ بنەمایەکی راست و زانستیی نییە.

مانگ و هەسارەی Mercuty پڕن لە سەهۆڵی ئاو



مانگ نزیکترین تەنی ئاسمانییە لە زەوی، وە هەسارەی(Mercury)یان عوتارد یش نزیکترین هەسارەیە لە خۆر، وە سەرەڕای ئەوەی ئەو دوو تەنە ئاسمانییە لێک دوورن، بەڵام لەخاڵێکی زۆر گرنگدا لێک دەچن.

بەپێی تازەترین شیکردنەوە بۆ داتایەکانی مانگی دەستکردی (LRO) کە بە دەوری مانگدا دەخولێتەوەو مانگی دەستکردی (ماسینجەر) کە بە دەوری هەسارەی عوتارد دا دەخولێتەوە دەرکەوتووە هەردووکیان خاوەنی عەمبارێکی ژێرزەمینی یەگجار زۆر گەورەی سەهۆڵی ئاون، زۆر زیاتر لەوەی پێشتر پێشبینی بۆ دەکرا، وە ئەوەی زۆر سەیرە کەوا ئەو سەهۆڵە ئاوییە کەوتۆتە نێو چینەکانی ژێرەوەی رووی خاکی جەمسەری باکوورو باشووریانەوە.

(لیئۆر روبانینکۆ) ی پسپۆڕی فەلەکناسی لە زانکۆی (کالیفۆرنیا) لە (لۆس ئەنجلس) دەڵێ: "سەبارەت بە مانگ ئەوا پێشتر چینێکی سەهۆڵی ئاو لە ژێرەوەی رووی جەمسەری باشووریدا دۆزرابۆوە، بەڵام ئەوەی ئێستا بینراوە زۆر زۆر زیاترو ئەستوورترە لەوەی پێشتر دۆزرابۆوە".

سەبارەت بە هەسارەی عوتاردیش ئەوا دەرەنجامەکان دەریانخست کەوا هەردوو جەمسەرەکانی خاوەن نیشتەنیەکی سەهۆڵی ئاویی ئوستوورو پاک و بێگەردیشن، بەڵام وەکو مانگ لە چینەکانی سەروو نییە بەڵکو لە قوڵاییەکی زیاترەو تەمەنیشیان کەمترە بە بەرواد لەگەڵ چینە سەهۆڵییەکانی مانگ.

لەلایەکی دیکەوە، جەمسەری باشووری مانگ خاوەن یەکێ لە سەختترین ژینگەکانی نێو تەواوی سیستەمی خۆرە، چونکە چاڵی نەیزەکی وای تیادایە کەوا هەرگیز تیشکی خۆری پێنەکەوتووەو لەنێو تاریکایی ماوەتەوە، بە جۆرێک کە پلەی گەرمیی تیایدا گەیشتۆتە 233پلە لە ژێر سفری سیلیزی، هەر ئەمەش وایکردووە کەوا (ناسا) ویست و ئارەزوویەکی زۆر هەبێت لە ناردنی کەشتیوانان بۆ ئەو ناوچەیە لە ساڵی 2024 وەک بەشێک لە پڕۆژەی گەڕانەوە بۆ مانگ کە ناسراوە بە (ئارتیمیس).

دوای گەشتێکی پێنج ساڵیی، کەشتی ئاسمانیی (هایابۆسا) لەسەر هەسارۆکەی (ریۆگۆ) دا نیشتەوە



پسپۆڕانی فەلەکناسی لە سەرتاپای جیهاندا گرنگییەکی یەگجار زۆر دەدەن بە هەسارۆکەکان، کە بریتین لە تەنی بەردینی قەبارە جیاجیای تێکەڵ بە توخمە کیمیاییەکان و ژمارەیان بە تریلیۆنەکانەوە لەنێو سیستەمی خۆردا پەرش و بڵاون و هەندێکیشیان قەبارەو تیرەیان گەورەن و بە ماوەی رێک و پێک بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە، بەڵام هەندێ جار وەک جۆرە هەڕەشەیەک بۆ ژیان لەسەر زەویدا ئەژمار دەکرێن، بۆیە هەردەم لە ژێر روانگەکردنی بەردەوامن.

لەم بارەیەوە ئاژانسی بۆشاییگەری ژاپۆنی -جاکسا- سەرکەوتنی وەدەستهێنا لە ڕەوانەکردن و نیشتاندنەوەی کەشتییە ئاسمانییە تایبەتییەکەی خۆی کە ناسراوە بە (هایابۆسا 2) لەسەر رووی هەسارۆکەی ناسراو بە (ریۆگۆ) لە پێناو وەرگرتنی نموونەی خاک و خۆڵی و ئەنجامدانی شیکردنەوە بۆی و پاشان ڕەوانەکردنەوەی زانیارییەکان بۆ زانایان بۆ حاڵیبوون لە مێژووی دروستبوونی ئەو هەسارۆکەیە کە لە هەمان کاتدا زانیاری زیاترمان پێدەدات لە مێژووی دروستبوونی سیستەمی خۆر بە لە نزیکەی 4 ملیارو 600 ملیۆن ساڵدا. (تاکاشی کۆبۆتا) ی بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکان لە پڕۆگرامی کەشتی ئاسمانی (هایابۆسا) ی سەر بە (ئاژانسی بۆشاییگەری ژاپۆنی) گوتی: پڕۆسەی نیشتنەوە زۆر سەرکەوتوو بووەو ئەگەر بۆ کاتێکی زۆر کەمیش بێت ئەوا توانیمان نمونەی خاک و خۆڵی ئەو هەسارۆکەیە وەربگرین تا لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدەین.

کەشتی هایابۆسا 2 لە 3ی کانوونی یەکەمی 2014 هەڵدرایە ئاسمان و دەستیکرد بە گەشتێکی دوورو درێژ لە زەویییەوە بۆ هەسارۆکەی (ریۆگۆ) کە 3 ملیارو 200 ملیۆن کیلۆمەتر دەبوو.

تیرەی هەسارۆکەی (ریۆگۆ) نزیکەی 900 مەتر دەبێ و نزیکترین ماوەی لەگەڵ زەوی دەگاتە 280ملیۆن کیلۆمەتر

گەلاوێژو فێنکبوونەوەی کەش و هەوای کوردستان؟

لە رۆژمێری کوردیدا گەلاوێژ پێنجەمین مانگی ساڵی کوردییە و دووەمین مانگی هاوینە. بە ساڵنامەی میلادی مانگی گەلاوێژ لە 23ی ئابی هەموو ساڵێک دەست پێدەکات و 31 رۆژە . گەلاوێژ لەدوای مانگی خەرمانە دێت و لەم مانگەشدا کەش و هەوا روو لە گۆڕان دەکات و فێنک دەبێت وە دەستپێکێک بۆ وەرزی پاییز .

هەر لە کۆنەوە بیروڕاکان پێیان وابووە کە لەگەڵ هاتنی مانگی گەلاوێژ و دەرکەوتنی ئەستێرەی گەلاوێژ گۆڕانکاری لە کەش و هەوادا ڕوودەدات و ئەم گۆڕانکاریەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ دەرکەوتنی ئەستێرەیەک کە لەلایەن کورد بە گەلاوێژ ناسراوە و بەر لە 2 هەزار و 400 ساڵ پێش میلاد لەلایەن فیرعەونەکان و میسریە کۆنەکان بە (سوبدت) ناویان بردووە و پێشیان وابووە کە لافاوی نیل لەوساتدا بەهۆی دەرکەوتنی ئەم ئەستێرەیەوە بووە و یۆنانیەکانیش پێیان گوتووە سوتی .

لەڕووی زانستی و فەلەکناسیەوە ئەم ئەستێرەیە لە بنەڕەتدا جووت ئەستێرەیە و بەگەشترین ئەستێرەی وەرزی زستان دادەنرێت و دەکەوێتە کۆ ئەستێرەی (سەگی گەورە) و بە ئەلفا ناسراوە و ناوە زانستیەکەشی (Sirius) ی پێ دەڵێن و لە 12ی ئابی هەموو ساڵێک بەدواوە بەر لەوەی خۆر هەڵبێت بەدیاردەکەوێت و لەوەرزی زستانیش بەشەو لەناوەڕاستی ئاسماندا بەدی دەکرێت و لە وەرزی بەهاریش لەدوای خۆر ئاوابوون بەدیار دەکەوێت .

قەبارەی ئەستێرەی گەلاوێژ دوو ئەوەندەی قەبارەی خۆرە و وا مەزندە دەکرێت تەمەنی ئەم ئەستێرەیە زیاتر لە 240 ملیۆن ساڵ بێت و ڕوناکییەکەشی 26 جار لە خۆر زیاترە ،دووری لەخۆرەوە 8.6 ساڵی ڕوناکیە (ئەگەر بەم پێیە بێت بە پێشکەوتووترین فرۆکەی ئەم سەردەمە بە 10 ملیۆن ساڵ دەگەین بەم ئەستێرەیە) و بەخێرایی 16 کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بەپێنج رۆژ خولێک بەدەوەری خۆیدا تەواو دەکات.

هۆکاری گۆڕانکاریەکەش لەکەش و هەوا دەگەڕێتەوە بۆ خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا و لەسەر تەوەری 23پلە و هەروەها سوڕانەوەی بەدەوری خۆر و بەرکەوتنی تیشکی خۆر بەشێوەیەکی ئاسۆیی بە زەوی ، کە لە وەرزی هاویندا بەشێوەیەکی ستونی بەریدەکەوت . ئەمەش وا دەکات کە ئەو ناوچانەی لە هیلی باکوری گۆیی زەوین ووردە وورد گۆڕانکاریان تیدا ڕوودەدات و بەمەش (هەلگەڕانەوەی وەرز) پەیدا دەبێت لە وەرزی هاوین بۆ وەرزی پاییز ، بۆیە لەڕووی زانستی یەوە هۆکاری گۆڕانی کەش و هەوا لەم مانگەدا هیچ پەیوەندی نیە بە دەرکەوتنی ئەم ئەستێرەیە و ئەوەی باسی لێوەدەکرێت جگە لە بیروڕایەکی کۆنی نێو کۆمەڵگا هیچی تری لێ پەیوەست ناکرێت !

بیابانی (ربع الخالی) پێشتر دەریاچەیەکی گەورە بووە



ئەو دیمەنەی کە پسپۆڕانی جیۆلۆجی بۆ مێژووی کۆنی یەکێ لە وشکترین بیابانەکانی جیهاندا دەیکێشن زۆر جیاوازترە لەوەی ئەمڕۆ دەیبینین.

پسپۆڕی جیۆلۆجی (هارۆلد ماکلۆر) یەکەم کەسە کە بە وردی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ناوچەیەدا ئەنجام داوەو باس لە مێژووی کۆنی بیابانی هەرە وشکی (ربع الخالی) دەکات کە دەکەوێتە ناوەڕاستی نیمچە دوورگەی عەرەبی ئەمڕۆ دەڵێ:

«وێنەی مانگە دەستکردەکان و لێکۆڵینەوەکان سەلماندیان کەوا 19 دەریاچەی ئاوی سازگارو چەندین رووبارو زێ لەناو جەرگەی بیابانی (ربع الخالی) ئەمڕۆکەدا هەبوونەو لەماوەی نێوان 5تا 6ساڵی رابردوودا ئەو ناوچەیە پڕ بووە لە ژیانی گیانداریی و رووەکی و زیندەوەریی هەمەجۆرئێستای بیابانی ربع الخالی بریتییە لە پانتاییەکی زۆر فراوانی تەپۆلکەو گردی لیی کە بەرزیی هەندێکیان دەگاتە 300مەتر لەسەر ئاستی رووی دەریاوەو دوای ئەوەی گۆڕانکاریەکانی ئاوو هەوا بووە هۆی لەدەستدانی تەواوی دیمەنە پڕ ژیانەکەی دوێنێ».

ئەمینداری گشتی یەکێتی شەترەنجی ئاسیا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ خەبات
هیشام ئەلتاهیر: خەڵاتی ئۆسکاری شەترەنجی ئاسیامان بۆ باشترینەکانی ئاسیا تەرخانکردووە





خەبات: هاوار مورتکەیی

هیشام ئەلتاهیر ئەمینداری گشتی یەکێتی شەترەنجی ئاسیا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات، باسی لە ئێستای شەترەنج کرد لە ولاتانی ئاسیا و گوتی: سەبارەت بە ئاستی شەترەنج لە کیشوەری ئاسیا دەتوانم بڵێم زۆر پێشکەوتووە بەبەراورد بە 10ساڵی رابردوو، هەروەها ژمارەی ئەندامانی خێزانی شەترەنج لە 44ولاتەوە زیادی کردووە بۆ 54ولات.

ئەمینداری گشتی یەکیتی شەترەنجی ئاسیا زیاتر بۆ خەبات گوتی: ئەگەر سەیری ئەو پالەوانێتییانەش بکەین کە لە ماوەی ساڵێکدا بەڕێوەدەچن زۆر زیادی کردووە و سالانە نزیکەی 200 پالەوانێتی گرنگی شەترەنج بەڕێوەدەچێت، لەهەمان کاتیش هەندێ رووداوی گرنگ گردبوونەوەی گەورە لە کیشوەرەکەمان بەڕێوەدەچێت، لەوانە میواندارى کردنى پالەوانێتییەکانى راپید و کلاسیک و خێرا بۆ ئاستەکانى تیپ و تاک، ئەوەى زۆر گرنگیشە پالەوانێتییەکمان تازەکردۆتەوە و ئامانجیش لێى بەسەرکردنەوەى شەترەنجزانە دێرینەکان.

هیشام ئەلتاهیر زیاتر ئاماژە بە چالاکییەکانى شەترەنجى ئاسیا دەدات و دەڵێت: لەلایەکى دیکەوە ئێمە پێش جیهان کەوتین ئەویش کردنەوەى پالەوانێتى شەترەنجە بۆ منداڵانى خوار 6ساڵان، هەروەها قوتابیانى دایانگاکان و بۆ ئەمەش هانى زۆرترین وڵاتمان داوە کە زۆرترین پالەوانێتى جۆراوجۆر رێکبخەن، ئەمە جگە لەوەى خەڵاتێکمان تەرخان کردووە و ناومان لێناوە (ئۆسکارى شەترەنجى ئاسیا)، ئەو خەڵاتە تایبەتە بۆ باشترینەکانى شەترەنج و کەسایەتى شەترەنجى ساڵ، کە ئەمەش پالپشتییەکى بەهێز دەبێت بۆ ئەم یارییە و لە رووى تەکنیکییشەوە هەم پالپشتى دەبێت، ئەویش خەڵاتەکە ریزلێنانێکە بۆ باشترینەکان لە بوارى یاریزان و راهێنەر و ناوبژیوان و باشترین ئیدارى و رێکخەر و هەروەها رووداوى ساڵ، هەموو ئەمانە لەپیناو زیاتر پێشخستنى شەترەنجە و هاوکاتیشە لەگەڵ ئەنجامەکانى جیهانى شەترەنج لە کیشوەرى ئاسیا، بەتایبەتیش لە وڵاتانى هیند و ئێران و چین.

لەماوەی 10ساڵی رابردوودا شەترەنجی ئاسیا زۆر بەرەو پیش چووە



رامۆس: بە باشی دەستمان پێکرد

سێرجیۆ رامۆس، کاپتنی یانەی ریال مەدرید، دڵخۆشی خۆی بە بردنەوە لە یانەی سێلتا فیگۆ، بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک نیشان دا، لە سەرەتای یارییەکانی وەرزی تازەی لیگادا. رامۆس دوای یارییەکە لێدوانی بۆ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی دا و وتی:"وەرزەکەمان بە شێوەیەکی زۆر باش دەست پێ کرد، دوای مەڤمەڤیەکانی ماوەی ئامادەسازیی، بەڵام توانیمان خۆمان کۆ بکەینەوە و بە باشترین شێوە بگەینە ئێرە، ئەنجامی یارییەکەش ئەوەی سەلماند". وتیشی:" ماوەی ئامادەسازییەکان؟ دەبێت رابردوو لە بیر بکەین، نابێت داخ بۆ ئەنجامەکانی پێشوو بخۆین، پەرۆشی و وزەی زۆرمان هەیە، رکابەری لەسەر هەر سێ نازناوەکە بکەین، دەبێت وەکو یاریبەکەی سێلتا، لەسەر کارکردن بەردەوام بین". هەروەها وتی:"ئەنجامەکان هەموو شتێک دەگۆڕن،تۆپی پێش بریتییە لە ئەنجام و نازناوەکان، پێویستە هاوسەنگیت هەبێت، بۆ ئەوەی زۆرترین خاڵ کۆ بکەیتەوە". رامۆس لە بارەی دەرکردنی مۆدریچ وتی:"لەوانەیە بڕیارەکەی ئێمەی ئازار نەدابێت، دەبێت چاوی پێدا بخشێندرێتەوە، چونکە پێم وا نییە مۆدریچ نیازی خراپی هەبووبێت، ناوبژیوان لە بڕیاردان دوا کەوت، ڤاریش بۆ ئەوە دانراوە، یارمەتی ناوبژیوانان بدات". لە کۆتاییدا وتی:"سەرووی ریزبەندی؟ ئێمە سەیری هیچ تیپێکی دیکە ناکەین، پێویستە هەموو یاریبەکان ببەینەوە و خاڵەکان کۆ بکەینەوە".

رەمزی میرەکانی

فەرەنسا و ئەرمینیا و ئیسرائیل میدالیاکانی پالەوانێتی لاوانی ئەورووپا بەدەست دینن

لە براتسیلڤای پایتەختی سلۆڤینیا پالەوانێتی لاوانی ئەورووپا بۆ شەترەنج بەبەشداری 1360یاریزان لە 48وڵات بەشداریان کردبوو، کە بەشداربووان تەمەنیان لەنێوان 18-8 ساڵیدا بوو، گەورەترین شاندی بەشداریش، شاندی وڵاتی ئیسرائیل بوو کە لە 50شەترەنجزان پێکهاتبوون.

دوای مللانێیەکی بەهێز شەترەنجزانانی فەرەنسا و ئەرمینیا و ئیسرائیل توانیان پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم بەدەست بهێنن، کەبەسیستمی سویسری و 9راوند پێکهاتبوو و ئەنجامەکانیش لە خوار 12ساڵی بەم شێوەیەی خوارەبوو:

مارک مۆریتز لە فەرەنسا میدالیای زێڕ و پلەی یەکەم بە 8خاڵ، ڕۆبرت فیلیپوسیان لە ئەرمینیا میدالیای زیو بە کۆکردنەوەی 7.5خاڵ، دوای ئەویش رۆی ڤیکمان لە ئیسرائیل پلەی سییەم و میدالیای برۆنز بە کۆکردنەوەی 7.5خاڵ.



گواردیۆلا نەگۆڕاوە



کامیراکانی ناو یاریگای ئیتحاد تورەیی نێوان پیپ گواردیۆلا و سێرجیۆ ئەگوێرۆیان لە یاریبەکەی نێوان مانچستەر سیتی و تۆتینهام تۆمار کرد کە یاریبەکەش بە ئەنجامی 2-2 گۆڵ بۆ هەردولا کۆتایی هات.

دەمەقاڵێی نێوان گواردیۆلا و ئەگوێرۆ لە بەرامبەر کامێراکان و جەماوەر لە سەر هێڵی گۆڕینی یاریزانان دەستی پێکرد، بەشێوەیەک راهێنەری مان سیتی تورەبوو و بۆ ئەگوێرۆ چوو، بەڵام ئەگوێرۆ هەوڵیدا هێمنی بکاتەوە و باوەشی لێدا، بەڵام تورەییەکەی هەر دانەمرکایەوە و بەبێ دەنگی چووە سەر کورسییەکەی دانیشت.

ڕوونکردنەوە بۆ شەقامی وەرزشیی کوردستان

ئێمە سێ ئەندامی کارای دەستەی کارگێڕیی یانەی زێرەڤانی، کە نزیکەی سێ ساڵە لەکارکردن لە یانەکە وەک ئەندامی دەستەی کارگێڕیی بەردەوامین و شانازی بەهەموو ئەو کارانەوە دەکەین کە بۆ یانەکەمان و یاریزانان و راهێنەرانی یانەکەمان کردووە، دەمانەوێ بۆ هەموو لایەکی ڕوون بکەینەوە کە لەم ساتە بەداوەوە، هیچ پەیوەندییەکمان بە کارگێڕیی یانەکەوە نییە و دەستلەکارەدەکێشینەوە.

لێرەدا دەمانەوێ بۆ هەموو لایەکی ڕوون بکەینەوە، بەتایبەت وەرزشدۆستانی کوردستان و شاری دهۆک بەتایبەتی و یاریزانانی هەموو تیمە جیاوازەکانی یانەکە، کە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەمان بە پلەی یەکەم پەیوەندی بەویستی ئێمەوە هەیە بۆ خزمەتکردنی زیاتر بە وەرزشوانان و ناوی گەورەی یانەی زێرەڤانی.

ئێمە لەبەرئەوەی تێبینی زۆرمان لەسەر شێوازی کارکردن لە یانەکەدا هەیە و پێمانوایە ناوەرزشییە و نارووننی لە شێوازی کارکردنی دەستەی کارگێڕیدا هەیە و شەفافیەت نییە، چەندینجار داوای پێکهێنانی لێدنەمان کرد بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان، بەڵام ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی یانەکە بەداواکەی ئێمە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان ڕازی نەبوون و ئەمڕۆ لە دوا کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕیدا هەموو شتەکان گەیشتنە بنبەست.

لێرەوە دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە لە هیچ هەنگاوێکی ناوەرزشییانەی دەستەی کارگێڕیی یانەکە بەرپرسیار نین و ناتوانین چیدی لە ئاست کەمتەرخەمی و نایەکسانی نا شەفافیەتدا بێدەنگ بین، بۆیە دەستلەکارەدەکێشینەوە.

دووپاتیشی دەکەینەوە بۆ خزمەتی وەرزش لە کوردستان و ناوی یانەی زێرەڤانی هەمیشە ئامادەی قوربانیدانین بێ ماندووبوون.

کاتی دەستپێکردنی خولەکانی کوردستان دیاری کرا

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ساڵانە بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان سەرجەم خولەکانی نایاب وڵاوان و تازەپێگەیشتووانان و خولی فوتسالی کچان سەرکەوتووانە بەڕێوەدەچێت.

بەئامادەبوونی سەرۆک و جێگرو سەرجەم ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان،کات وساتی خولی نایابی کوردستان بۆ وەرزی 2019 -2020 دیاریکرا، بەرواری 2019/10/17 خولەکە بەشێوازی دوو قۆناغ بەڕێوەدەچێت بەبەشداری 14 یانە، دوو یانە بۆ ڕێزی یانەپلەیەکەکانی کرودستان دادەبەزن بەپێی ئەنجام و ڕێزبەندی خولەکە، هەروەها خولی لاوانی نایابی کوردستان بەرواری 2019/10/18 بەیەک گرووپ و بەشێوازی یەک قۆناغ ئەنجام دەدرێت ، دوو یانە بۆ ڕێزی پلەیەکەکانی لاوانی کوردستان دادەبەزن، هەروەها خولی پلە یەکی کوردستان بەرواری 2019/ 11/20 یەیەک گرووپ و بەشێوازی یەک قۆناغ ئەنجام دەدرێت، چوار یانە بۆ ڕێزی یانە پلەدووەکان دادەبەزێت.

دوا جار وادەی خولی فوتسالی کوردستان بەرواری 2019/12/6 یەیەک گروپ و بەدوو قۆناغ بەڕێوەدەچێت، دوو یانە بۆ ڕێزی یانەپلەیەکەکانی کوردستان دادەبەزن.

جێی ئاماژەبۆکردنە سالانە سەرجەم خولەکان لەشار و

شارۆچکەکانی کوردستان بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێت ،

ئەگەرچی ئەم وەرزە لەهەندێک خول کێشە و گرفت ڕوویدا، بۆیە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بۆ وەرزی داهاتوو دەبێت سیستەمێکی تۆکمەتر و بەهێزتر دابڕێژێت تاخولەکان بەبێ کێشە و گرفت بەڕێچوەبچێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 19. Aug. 2019 No: (5809)
ناوبنیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کوردستان فۆتۆ بەشداری لە کەرنەڤاڵی ڕۆژی جیهانیی فۆتۆ دەکات



بەرهەم شێخ عزەدین

بەدروشمی خۆشەویستیتان بۆ فۆتۆ بڵاوبکەنەوە ،ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ کەرنەڤاڵی کوردستان فۆتۆ" بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی فۆتۆ لە ڕۆژانی 18-19-20ئابی ئەم مانگە لە سەر قەڵای هەولێر بەڕێوەدەبات،شێرزاد ڕەسوڵ فەقێ جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە بە ڕۆژنامەی (خەبات)ی ڕاگەیاند: وەک کوردستان فۆتۆ بە کەرنەڤاڵێک بەشداری ئەم ڕۆژە جیهانییەی فۆتۆ دەکەین، کەرنەڤاڵەکەش بەفایشی کامیرای وێنەگرانی دێرینی کورد ئەم یادە بەرز ڕادەگرێت، لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دەرەوەدا 42فۆتۆگرافەر بە پێشانگەی هاوبەشی (پۆرتریت)و بۆیەکەمین جار پێشانگەی هاوبەشی (مۆدێل)بەشداری لە هەڵمەتی ڕێکخراوی فۆتۆی جیهانیدا دەکات،کەرنەڤاڵ ڕۆژی دووشەمە 19ئاب لە کاتژمێر 10/30ی بەیانی لە سەر قەڵای هەولێر لە سەنتەری ڕۆشنبیری قەڵا بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی بالای بووژانەوەی قەڵا دەکرێتەوە و ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت،سوپاسی هەموو ئەو شوێن و لایەنانەدەکەین ئەمسا هاوکارمان بوون بەتایبەت تاقیگەی ئەردەلان بۆ بەڕێوەچوونی پێنجەمین کەرنەڤاڵی کوردستان فۆتۆ لە ڕۆژی جیهانی فۆتۆ دا.



عارف چۆپان بۆ 16ی ئاب؛ بەرهەمێکی بڵاو کردەوە

تریفە ئازاد: بۆ ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هونەرمەند (عارف چۆپان) بەرهەمێکی نوێ بەناوی (بەیتا بڵند) بڵاو کردەوە.. تێکست و ئاوازی لەلایەن هەڵبەستڤانی کورد (ئەمین بۆتانی)دانداوە و کاری دەنگ و تەکنیک و ئارێنجۆر لە H Studio لەلایەن (حەسەن شەنگۆ) کراوە و (عیسا بۆتانی) کلیپی گۆرانییەکەی مۆنتاژ کردووە. گۆرانییەکە بەشێوازێکی ئاهەنگ ئامێز بەرهەمهاتووە و تێکستی گۆرانییەکە باس لە مێژووی پرشنگداری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، هەرەها لەمیانی هەڵبەستی گۆرانییەکە ئاماژە بە چەندین داستان و قارمانێتی پێشمەرگە و سەرۆک مەسعود بارزانی دراوە، بۆ داکۆکیکردن لە گەلی کوردستان و هەوڵ و خەباتی پارتی بۆ گەیشتن بە ئامانجی بالای کورد لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان لایەنێکی تێکستەکە پێکدەهێنێ.

ماوەی (20) ساڵە لەبواری هونەر کار دەکەم، خۆم بەهونەرمەند نازانم

گۆڤار ئەنوەر: ئەو کەسانەی کاری کۆمیدیا دەکەن هەموو ناخیان عەزابە!

زیاتر چێژ لەکارەکانی شەمۆ وەردەگرم هەتا (ماهیر و عیرفان)

خەڵکێک پەیدابوون بەناوی ڕۆژنامەنووس، کە هیچ لەو بواره شارەزا نین هەرچی خراپە دەیهێنن کاری لەسەر دەکەن



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندە روح سوکەکەی بواری نواند گۆڤار ئەنوەر یەکێکە لەو هونەرمەندانەی نییە بیبینێت و خۆشی نەوێت، هۆکاری ئەو خۆشویستنەشی بۆتە ئەوەی هەواداراني پرسیاری لێ بکەن و حەز بە دەرکەوتنی بکەن ولەڕێی تۆڕەکۆمەلایەتیەکان و سۆسشیال میدیا لەهەوالی بپرسن و بڵێن بۆ بێدەنگی یان بۆ جوابی ڕۆژنامەنووسان نادەیتەوە، بۆ گفتوگۆی زیاتر دەبارەی ئەو قسە و باسانە هونەرمەندە قشتۆکەکەمان دواند و ئەویش وا بۆمان دوا:

سەرەتا پرسیارمان کرد بۆ لەسۆشیال میدیا کەم بەردەدە کەوێت و کارەکانت نابینرێت؟

لەوڵامدا گۆڤار ئەنوەر گوتی: من بەمەبەستمە خزمەت بکەم بەبێ دەنگی کاری خۆم دەکەم بەداخەوە ئێستا وای لێ هاتووە هەرکەسێک دێت خۆی نمایش ئەکات بایەخی پێ ئەدرێت بەبێ ئەوەی بزانن کوڕ و کچی کێیە.ئەوەکەی هونەرە و کەی خزمەتە. من پێویستم بەوەنییە.

ئەوهونەرمەندە خۆشەویستە زیاتر گوتی: نامەی زۆر سەیرم بۆ دێت! من پێیان دەڵێم من هەرگۆڤار ئەنوەرم خۆشم دەوێن هەواداراني هونەری کوردیم خۆش دەوێت، من خۆم لەکەس بەگەورەتر نازانم من دەمەوێت خزمەت بکەم، جل وبەرگ و ستایل و جسمی من بەکەڵکی ئیوە نایەت بۆیە ئێوەش بایەخ بەمن نادەن بڕۆن ئەوەی بەکەڵکتان دێت لەڕووی جسم و جل و بەرەگەوە بڕۆن ئەوان بڵاو بکەنەوە.

ئەو هونەرمەندە دەبارەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دوا و گلەیی هەبوو دەیگوت: ڕۆژنامەنووس پیشەیەکی پیرۆزە دەبێت ڕۆژنامە نووس بەئامانەتەوە کارەکەی بکات ،بەڵام بەداخەوە ئێستا خەڵکێک پەیدابوون بەناوی ڕۆژنامەنووس کە هیچ لەوبواره شارەزا نین هەرچی خراپە دەیهێنن کاری لەسەر دەکەن بۆ ئەوەنە ئێوەش بایەخ بە کارەکانی ئێمە نادەن بۆیە ئەوەی بەداخەوە ئەوئیشی ڕۆژنامەنووس نیەو دەبێت پیاچونەوە بەوە بکرێت. بەردەوام بوو لەقسەکانی و دەڵێت: من ماوەی (20) لەبواری هونەر کار دەکەم خۆم بەهونەرمەند نازانم، دەڵێم ئیشی هونەری دەکەم، کەچی هەندێ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس وەکو گوتم دەچن کەسێک دەهێنن یەک کاری کردوە پێناسەی هونەری پێدەکەن، بەڕاستی بێویژدانیە هەی بێ زەمیر بەیەک کاری هونەر چی لەهونەر دەزانێت؟ یان بەس لەبەرئەوەیە کەجل وبەرگەکەی بۆئەو دەبێت ولەش و لاری باشە بۆیە دەری دەخەن ئەوەکاری ڕۆژنامەنووسی نیە و ئەوانەش ڕۆژنامەنووس نین چوونکە ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامە زۆر لەوەگەورەترە، کەهەندێک وایان لێ کردوە دڵنیام ئەوبەسەر دەچێت وئەوانەش دەپوکێنەوە ونامێنن. هەمووماں باش دەزانین بەدیان ڕۆژنامەنووس گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی لەپێناوی ڕۆژنامەگەری ڕاستەقینە بۆیە نابێت ڕێگابدرێت بەهەندێک خەڵک بەناوی ڕۆژنامەنووس ئەم بوارە جوانە ناشیرین بکەن. بۆیە هیوادارم هەموومان بەخۆماندا بچینەوە.

دەبارەی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان و ئەوکەسانەی ئەوان دیانەیان دەکەن گۆڤار گوتی: بڕوابکە هەندێک دیدار دەخوێنیتەوە پێکەنیینت دێت پرسیاردەکەن چەند جار لوتت بچووک کردۆتەوە؟ یان چەند نەشتەرگەری جوان کاریت کردوە؟ ئاخر ئەمە پەیوەندی بەهونەرەوە چییە؟ بۆیە دەبێت ڕێگا نەدرێت بەوجۆرە کارانە.

دەبارەی ئەو دەنگۆیانەی گوایە بەهۆی کێشەوە بەرنامەی بەزمی بەزمت بەجێهێشتوە دەڵێیت چی؟

گۆڤار ئەنوەر گوتی هیچ شتێکی وانییە ڕاستە من لەدامەزرێنەرانی بەرانبەرەکەبووم،بەڵام دوای ساڵانێک گرێبەستەکەم کۆتایی هات منیش پێویستم بەپشوو بوو بۆیە نوێم نەکردەوە هیچ کێشەیەک نەبووە.

دەبارەی کۆمیدیا دەڵێی چی، ئایا کۆمیدیا پێکەنینە؟

گۆڤار دەڵێت: تاکوئێستا زۆربەمان لەکۆمیدیا تێ نەگەیشتوون،کۆمیدیا پەیامە مەبەدەئە ،خەڵک بەوشتەی پێش کەش دەرکێت پێکەنێت نەک بەکەسەکە. چوونکە هەموکەس شەخسیاتی خۆی هەیە ،کەست بینیوە بچێتە مەلاونگە بەشەروالەوە؟یان بەجلی مەلاوانی بێتە سەرشەقام؟نانەخێر بەڵام بێگومان تۆتەنزێک نمایش دەکەیت کەپەیامێکە دەیگەیەنیت شایەنی ئەوەیە پێ بکەنیت.ئەوکەسانەی کاری کۆمیدی دەکەن هەموناخیان عەزابە نەک خەم!



پرسیمان لەگۆڤار دەڵێن گەر بڵێن قەڵەو بوویت تورەدەبیت ئەمە راست؟ ئەوهونەرمەندە روح سوکە گوتی:

وەڵا بڵێن قەڵەو بوویت لاواز بوویت کورت بوویت درێژ بوویت تەقەی سەرم دێیت هههههههههههه. بەڵام برام بەخوا جاری واهەیە شەڕت پێ دەفرۆشن، لێت ناگەڕێن.

دەبارەی تاچەند خێزان و منداڵەکانت هاوکارتن یان لەچی نیگەرانن؟

ئەنوەر دەڵێت: مال و منداڵ بەتایبەت خێزانەکەم زۆر هاوکارمە پشتیوانمە ،وەڵا ئێمە غەدریان لێ دەکەین کەوەکو پێویست بۆئەوان نین وناتوانیین لەگەڵیان بین حەقی ئەوانە.

کاتێک دەربارەی سەربەخۆی و پێشمەرگە و شەهیدان پرسیرامان لێ کرد؟

گۆڤار گوتی:من هەرچیم کردوە ئەرکی سەرشانم بووە چوونکە سەربەخۆی ئاواتی هەموتاکێکی کورد هەزار ئوندەی دیشم بکردایە وام دازانی هیچم نەکردووە.پێشمەرگەوشەهید ان تاجی سەری ئێمەن هەرچی بڵێین شیعارات و قسیە ،بۆیە دەڵێم خواکوردستان بپارێزێت دەستی دایکە شەهید ماچەکەم سەربەرزی بۆ برا پێشمەرگە کانمان.

پرسیارمان لەسەرهەرسێ ئەکتەری بواری کۆمیدیا (شەمۆ و ماهیر و عیرفان) لێکرد، گۆڤار گوتی: هەرسێکیان ئەکتەری باشن هەرکەس تام و خۆشیەک بەهونەری کۆمیدیا دەبەخشێت، بەڵام من زیاتر چێژ لەکارەکانی شەمۆ وەردەگرم هەتا ئەو دوو بەڕێزە (ماهیر و عیرفان).

دەبارەی دواکاری هونەری گۆڤار ئەنوەر گوتی: گەرخوایار بێت و تەمەن باقی بێت لەگەڵ هونەرمەندی خۆشەویست کاکە شەمۆ خەریکی خۆ ئامادەکردنین بۆکارێکی نوێ ئینشائەللا کارێک دەکەین بە دڵی هەموولایەک بێت.





